# گوڵان

ساڵی سی و دووەم (١٤٦٣)- (١٢)ی ئایار ٢٠٢٥



موحەممەد حازم:

نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارێژراوە و سنووری هەندێک لە وڵاتان دەگۆڕدرێت



پ. هووشەنگ حەسەن یاری:

لە کارتەردوە هەتا ئێستا هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا نەیتوانیوە وەک ترەمپ مامەڵەی سەرکەوتووانە لەگەڵ ئێران بکات



پ. لاری کاتا باکەر:

سەروەریی دەوڵەت بووەتە چەمکێکی فشۆڵ کە دەبێت لە سیستمی نوێی جیهاندا دانوستاندنی لەسەر بکرێتەوە



# ئاڵای سپیی میحوەری مقاوەمە لە سەروبەندی لەدایکبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا




# هێرشی داعش بۆ سەر هەولێر و هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئابی ٢٠١٤

## ١٦٠

دوای سەرکەوتنەکانیان لە ڕۆژئاوای دیجلە و شنگال چەکدارانی داعش هەموو هێزەکانیان کۆ کردەوە و بە هەموو هێز و توانایان لە سێ بەرە و میحوەرەوە دەستیان بە هێرشێکی گەورە و بەربڵاو کرد بەرەو هەولێر: میحوەری مەخموور – هەولێر، میحوەری گوێر – هەولێر و میحوەری خازر– هەولێر.

ڕۆژانی ٦ و ٧ی ئابی ٢٠١٤، ڕۆژانی سەخت و پڕ لە ئێش و ئازار بوون، چونکە داعش توانیی مەخموور و گوێر کۆنترۆڵ بکات و لە میحوەری خازریش تا نزیک کەڵەک پێشڕەوییان کرد، بەڵام لە زێ نەپەڕینەوە.

پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلە گوللەنەبڕ (هەمەر)ـەکانی داعش چەکی باش و کاریگەر و پێویستیان لەبەردەست نەبوو. گوللەی ئارپیچییش هیچ کاری تێ دەنەکردن. تەنیا گوللەی تانکبڕی دۆشکا کاریگەر بوو کە ئێمە ئەوانیشمان لەبەردەست نەبوو.

بارودۆخێکی یەکجار ناهەموار و ناخۆش هاتە ئاراوە، خەریک بوو بەرەو داڕووخانێکی تەواو بچێت، بەڵام لەو ماوەیەی هەولێر کەوتە مەترسی، پێشمەرگە دلێر و ئازا و بوێرەکان بە خوێن و سینگیان بەرگرییان لە هەولێر کرد و قارەمانیەتییەکی گەورەیان نواند و داستان و سەربەرزییەکی مێژووییان تۆمار کرد.

ڕۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٤ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک و بەرپرسی وڵاتان پەیوەندییان پێوە کردین، لەوانە:

- فرانسوا هۆلاند، سەرۆکی فەرەنسا.
- جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا.
- ئەنگێلا مێرکل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا.
- جەنەراڵ ئۆستن، فەرماندەی سەرکردایەتیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمەریکا.[1]
- دێڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا.

---

(١) جەنەراڵ ئۆستن، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی ئەمەریکا بوو و ڕۆڵێکی گەورەی لە شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا گێرا، دوای هەڵبژاردنی بایدن بە سەرۆکی ئەمەریکا، جەنەراڵ ئۆرستن لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بوو وەزیری بەرگریی ئەمەریکا.

# چاپکراوی نوێ



(ناتوانین بۆت بگرییین.. نەوەك نیشتیمان جێمانبهێڵێت) ناونیشانی چاپی یەکەمی کتێبێکی تازەی نووسەر(ئیسماعیل تەنیا)یە؛ بریتییە لە (١٠٠) وتار و بابەتی کورت و درێژ کە لە قۆناغەکانی نووسینیدا (لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاوەك ئێستا) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، لە پێناوی پاراستن و نەفەوتانیان ئەو کارەی کردووە، بابەتەکانی (تەنیا)، بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە، لە پۆلێن کردن و خستنە خانەی بەشەکانەوە، هەوڵی داوە لە شوێنی شیاوی خۆیاندا دایاننێت.

لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بابەتانەی کۆی کردوونەتەوە هەموویان، دەربڕ و ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی نووسین و دیدوبۆچوون و دنیابینینی ئەون، کە لەوانەیە لە هەندێکیاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت و، ئەو شتەی ئەو کات نووسیویەتی، ئەمڕۆ سەد لە سەد لەگەڵیدا نەبێت، یان بە دڵی نەبێت.

بەشی یەکەمی کتێبەکە کە بریتییە لە (ئەدەب و ڕۆشنبیری)، نووسەر چەندین بابەتی داناون، هەندێك لەوانە: هەڵوێست و سەرنج دەربارەی مامۆستا هەردی و شۆڕبوونەوە بە ناخی ڕۆمانتیکدا، دوو پارچە شیعری بڵاونەکراوەی دەشتی، قادر زیرەکی بەهرەوەر، ئەدەبی منداڵان و چەند بۆچوونێك، ئەدەبی نامەنووسین و، دەیانی دیکە.


بەشی دووەم کە بریتییە لە (بیروبۆچوون)، چەندین نووسینی لەخۆ گرتووە، لەوانە: لە پەراوێزی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، بەلاتینی کردنی ئەلف و بێی کوردی، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستاندا، کارل مارکس دەگەڕێتەوە.. تاد.

بەشی سێیەم تایبەتە بە (پەروەردە و فێرکردن)، ئەم بابەتانەی تێدایە، پەیوەندیی دۆستایەتیی نێوان مامۆستا و قوتابی، وانەی هونەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، ڕۆڵی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواریدا...تاد.

دوا بەش (بەشی چوارەم) بە ناونیشانی (تورکیا و باکووری کوردستان و تیرۆر)، هەندێ لەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە؛ کورد و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، نەورۆز و باکووری کوردستان، ئەرێ هەولێر مورتەددە یان موسڵمان، تورکیا لەبەردەم کێشەکاندا.. تاد.

دەستخۆشی لە نووسەر (ئیسماعیل تەنیا) دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی( دین و ژین و ژینگە) لە نووسینی (د.سیروان ئەحمەد قادر) بە (٣٢٧) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە. لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە گوزەران و ژیان بەسەر بردن لە ژینگەیەکی پاك و خاوێن و تەندروست یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەسەر گۆی ئەم زەوییە، پاراستنیشی واجبێکی شەرعی و یاساییە لەسەر هەموو کەسێك.

لەبارەی ژینگە نووسیویەتی: ئەو دەوروبەرە ژیان بەخشەیە کە پێکهاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك و پێکهاتەکانی گیانداران و هەرچی دەوری داوە لە ئاوو هەوا ، خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێ و لە ماددەکانی ڕەق و شلە و گازەکان و ئەو دامەزراوە جێگر و جووڵانەوانەی کە مرۆڤ لەسەریدا بونیات دەنێ. کە وابوو ژینگە بریتییە لە گشت ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندان و هەستی پێدەکەین، وەك گیاندار یان بێ گیان، هەروەها لە کۆمەڵێك هێزی کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆجی و چەند هێزێکی دیکەی سروشتی پێك دێت.

نووسەر لەم کتێبەدا( دین و ژین و ژینگە) ڕۆشنایی خستووەتە سەر هەندێك بابەتی هەنووکەیی لەسەر ژینگە و ڕۆڵی نەوەکانی ئادەم لە ڕەچاوکردن و پاراستنی ژینگە و پێکهاتەکانی، بەو پێیەی مانەوەی مرۆڤ بەستراوە بە پاك و خاوێن و ڕاگرتن و بەکارهێنانێکی ڕاست و تەندروست، بۆ




ئەو بەخششانەی کە خودا بۆی فەراهەم کردووین. لە دنیا لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترینیان، بە پێچەوانەوە خراپ بەکارهێنان و پیسکردنی ئاو و هەوا و خاك و ژینگە و ئەوانەی پەروەردگار پێی داوین، کاریگەریی نەرێنی لەسەر گۆی ئەم زەوییە دروست دەکەن، زیانی گەورەشیان بەردەکەوێت، تەنانەت لە ڕۆژی دواییشدا لێپێچینەوەیان لەسەر دەکرێت، چونکە ئاگادارکراونەتەوە لەسەر ئەوەی ئەو ژینگەیە ڕاسپاردەیە و دەبێت بپارێزرێت ، ئەگینا سزا دەدرێن لەسەر گرنگی نەدان و سەرپێچیکارییەی کە ڕۆژانە بەرامبەر بەو ژینگەیە ئەنجامی دەدەن.

د.سیروان ئەحمەد قادر بە تێروتەسەلی باس لە ئەو چەمکانە دەکات، بەتایبەتی (ژینگە) لەوانە پێناس و بەشەکانی ژینگە، هەروەها ئاماژە بە چەمك و شرۆڤەی ژینگە دەکات لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتدا، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(دخ) ی هێناوەتەوە کە بەڵگەی سەلمێنەری پاراستن و گرنگیدانن بە ژینگە.

وشیاریی ژینگە لە دیدی زانایانی موسڵمان، هەروەها لە دیدی ناودارانی جیهانەوە چەند لاپەڕەیەکی لەم کتێبە گرتووە کە نووسەر زۆر بە بایەخەوە ئاماژەی پێ کردوون، پیسبوونی ژینگە تەوەرێکی دیکەی ئەم کتێبەیە کە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە توندوتیژی، تۆڵەسەندنەوە، گاڵتەجاڕی، جەنگ و بەرکەوتەکان. لە کۆتاییدا وەك پەیامێك نووسەر داوا لە هاووڵاتیان و خوێنەرانی ئەم کتێبە دەکات، هەوڵ بدەن دۆستی ژینگە بن، چونکە ژینگە ماڵی هەمووانە، پاراستنی ئەرکێکی شەرعی و نیشتمانی و یاساییە، پێویستە مامۆستایانی ئایینی و بانگخواز و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆکار و هەموو توێژێك لەو کۆمەڵگەیە جێی دەستی دیار بێت لە سەوزایی کردنی خاك و نیشتماندا.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە؛ د.سیروان ئەحمەد قادر پشتی بە(٩٥) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەستووە، دانەیەك لەم کتێبەی بە دیاری پێشکەش بە(گوڵان) کردووە، وێڕای سوپاس؛ هیوای بەرهەم و داهێنانی زیاتری بۆ دەخوازین.

د. نەرمین مەعرووف :




## دواکەوتنی مووچە پەیوەندی بە کەمیی پارەی کاشی دینارەوە هەیە

د. سیامەک بەهرامی :



## هەولێر وەکو ناوەندێکی لەدایکبوونی میحوەری کورد دەتوانێت ئابوورییانە بیر بکاتەوە و هاوسەنگییش لە پەیوەندییەکانیدا بنوێنێت

باوەر عوسمان ئیسماعیل :



## هاتنی شاندی دەم پارتی و پەیامی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆجەلان دڵنیایە بە ڕۆڵ و کاریگەریی بارزانی پرۆسەی ئاشتی سەردەکەوێت

مێلیندا نێگرۆن گۆنزالێس :



## ئەگەری دواخستنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان مەزڵووم عەبدی و ئەحمەد شەرع هەیە




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com


شەیما مەولایی :

**باشووری کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە یەکگرتوویی هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان**



خەیری بۆزانی :

**جەژنی نزای نیشتمانیی جیهانی لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتی و لێبووردەیی لە هەولێر بەڕێوەچوو**



دەشنێ کەمال :

**خانمان بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان زەرورە ئیش بکەن**



**هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە تای خوێنبەربوون**



**ئەو ڕۆبۆتەی منداڵان فێری داهێنان دەکات**



مەبەست فایەق :

**یاریی کاراتێ لە کوردستان لە ئاستێکی پرۆفیشناڵدایە**



# گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی



**«دیموکراسی ئامرازێك نییە بۆ داپۆشینی کێشەکانی کۆمەڵگە، یان دروشمێك بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی سنووورداری تەسکی حزبی، یان کەسی، بەڵکو ئامانج لێی سەروەریی یاسا و یەکسانی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها کردنەوەی مەیدانە، یان ڕێخۆشکردنە لەبەردەم ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دڵسۆزانەی کە خزمەتی گەل و نیشتمان دەکەن و توانای بەرزکردنەوەی ئاست و کارایی سامانی سیستەمی سیاسییان هەیە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرەنگاری گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی دەبنەوە. پێویستە لەسەر حزبە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیڕەوکردنی هەڵبژاردەی دیموکراتی بکەنە ئامانجێکی ستراتیژی بۆ خزمەتکردنی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، کاتی ئەوە هاتووە سیاسەت و ڕەفتار و هەڵوێستی نوێ بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانانەی کە هەرێمی کوردستان پێیاندا تێدەپەڕێت، هەروەها بنیادنانی داهاتوویەکی باشتر لە ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانییەوە، کە ئامانجی سیاسیی بریتی بێت لە بەدیهێنانی ئاسایش و گەشەپێدانی بەردەوام و دابینکردنی کەرامەتی کۆمەڵگە و ڕێزگرتن لە یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی».**



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاشکرایە کە ناتوانرێت بانگەشەی دیموکراسی و بەشداریی سیاسی لە بانگەشەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیا بکرێتەوە، چونکە بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوو مەرجی سەرەکیین بۆ چەسپاندن و سەرکەوتنی دیموکراسی، ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان پێوەی دەناڵێنێت، لە بوونی پەیڕەوی دیموکراسی و فرەیی سیاسی، یان لە کێشەی ئازادیدا نییە، بەڵکو لە کێشەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابینکردنی خۆراك و شوێنی نیشتەجێبوون و کار بۆ سەدان هەزار کەسدایە، کە بەدەست



**دەبێت پرۆسەی دیموکراسی هاوشان بێت لەگەڵ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی بەپەلەدا بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی گوزەران لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا**

**ئەگەر بەردەوام بن لە پێدانی بەڵێن، بەبێ ئەوەی پابەند بن بە جێبەجێکردنیان، ئەوا بێگومان ئەمە دەرگا دەکاتەوە بۆ سەرهەڵدانی مەیلی یاخیبوون و سەرپێچی**

**پشتبەستنی زیاد لە پێویستی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان بە دروشمەکان بەبێ کردەوە، واتای تێکشکاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسییە لای چینەکانی جەماوەر**

**دیموکراسی ئامرازێک نییە بۆ داپۆشینی کێشەکانی کۆمەڵگە، یان دروشمێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی سنووورداری تەسکی حزبی، یان کەسی**

خراپیی بارودۆخی گوزەرانیانەوە دەناڵێنن. بۆیە دەبێت پرۆسەی دیموکراسی هاوشان بێت لەگەڵ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی بەپەلەدا بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی گوزەران لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە دابینکردنی مەرجە بنەڕەتییەکانی ژیان بۆ نەوەکانی داهاتوو لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە دەکرێت، چونکە ئازادی و دیموکراسی هیچ بەهایەکیان نییە، مەگەر کاتێك سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار بۆ هاووڵاتی تاك کەمترین مەرجەکانی چێژوەرگرتن لە ژیانێکی ئارام و سەقامگیر دابین بکات، هەروەها پێداویستییەکانی هاووڵاتی لە خزمەتگوزارییەکانی ژیان و تەندروستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات. نەبوونی ئەم مەرجانە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە هەر بایەخپێدانێك بە ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی، بەڵکو دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامدانی یاخیبوون و پەیڕەوکردنی توندوتیژی بکات، بەم شێوەیە هاووڵاتی ئاسایی دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی کۆمەڵگە و ئەو توێژانەی کە پێگەیەکی تایبەتیان لە سیستەمی حوکمڕانییدا هەیە، بەم پێیە دیموکراسی تەنیا دەبێتە بیروباوەڕی هەندێك دەستەبژێری باڵادەست کە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و پەراوێزخستنی زۆرینەی ڕەهای جەماوەر بەکاری دەهێنن، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم جەماوەرە ڕۆژێك دێت ڕادەپەڕێت و خۆڵەمێشی ژیان و بوونی خۆی لە خۆی دادەتەکێنێت، هەروەك چۆن لە شۆڕشی فەڕەنسا و شۆڕشەکانی دواتردا تا ئەمڕۆ کردوویەتی.

قسەکردن لەسەر دیموکراسی و پێویستیی پەیوەستبوونی بە پرسەکانی گەشەپێدانی ئابووری و پرۆسەکانی چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پەیڕەوکردنی شەفافییەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەردا، نابێت تەنیا فۆرمێکی سیاسیی ڕووکەش، یان دروشمێك، یان بانگەشەیەکی هەڵبژاردن بێت، بەڵکو دەبێت ئامانجی ڕاستەقینە و ستراتیژیی گەشەپێدانی سیاسی بێت بۆ دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش، ئەگەر ئەم دەستەبژێرانە پەلە نەکەن لە بەستنەوەی پرۆسەی چاکسازییەکان بە دیموکراسی و بەشداریی سیاسی و ئازادییەوە، هەروەها کارکردن بۆ بەرجەستەکردنیان لەسەر زەوی واقیع، بەڵکو بەردەوام بن لە پێدانی بەڵێن، بەبێ ئەوەی پابەند بن بە جێبەجێکردنیان، ئەوا بێگومان ئەمە دەرگا دەکاتەوە بۆ سەرهەڵدانی مەیلی یاخیبوون و سەرپێچی، ڕەنگە کار بگاتە ڕاپەڕینێکی خوێناوی.

چونکە بەردەوامیی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەستنی زیاد لە پێویستی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان بە دروشمەکان بەبێ کردەوە، واتای تێکشکاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسییە لای چینەکانی جەماوەر و، لەدەستدانی هیوایان بە ئەگەری گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری بە ڕێگەی ئاشتییانە و لە ڕێگەی دامەزراوە یاساییەکانەوە، ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی سیاسی بە شێوازی نایاسایی، لێرەدا مەترسیی پشتیوانیکردنی جەماوەری پەراوێزخراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لەو دەستەبژێرە سیاسییانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی دوور خراونەتەوە، دێتە ئاراوە، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و سەرکردایەتیکردنی جەماوەری تووڕە و بەکارهێنانیان دەدەن لە پرۆژە سیاسییەکانی خۆیاندا، ئەمەش ئەو دۆخەیە کە پێویستە لێی دوور بکەونەوە، یان خۆیانی لێ بپارێزن، چونکە کاولکاریی گشتی بە دواوەیە، لە شەڕی ناوخۆ و وێرانکاری و تیرۆر و لەناوچوونی قەوارەی هەرێم.

پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دیموکراسی تەنیا بۆ ئەوە نییە شەرعییەت بداتە بزووتنەوە سیاسییە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان، چونکە ئەگەر تەنیا ئەرکی ئەمە بێت، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا کاریگەریی نامێنێت و بەسەر دەچێت، بەتایبەت کاتێك ناتوانێت بە بوێری و جددییەتەوە ڕووبەڕووی ئەو کێشە و قەیرانانە ببێتەوە کە کۆمەڵگە پێیاندا تێدەپەڕێت. چونکە پەیڕەوکردنی دیموکراسی واتای بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و گفتوگۆ

و پێشکەشکردنی چارەسەری کرداری و ژیرانە و دابینکردنی چوارچێوەیەکی باشترە بۆ باشترکردنی بارودۆخی پرۆسەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەگەرنا، کاردانەوەی جەماوەر بەرانبەر بە شکستهێنانی (سیستەمەکە، یان نوخبەکە) لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیدا توندوتیژ دەبێت.

دیموکراسی ئامرازێك نییە بۆ داپۆشینی کێشەکانی کۆمەڵگە، یان دروشمێك بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی سنوورداری تەسکی حزبی، یان کەسی، بەڵکو ئامانج لێی سەروەریی یاسا و یەکسانی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها کردنەوەی مەیدانە، یان ڕێخۆشکردنە لەبەردەم ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دڵسۆزانەی کە خزمەتی گەل و نیشتمان دەکەن و توانای بەرزکردنەوەی ئاست و کارایی سامانی سیستەمی سیاسییان هەیە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرەنگاری گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی دەبنەوە.

پێویستە لەسەر حزبە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیڕەوکردنی هەڵبژاردەی دیموکراتی بکەنە ئامانجێکی ستراتیژی بۆ خزمەتکردنی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان. ئایا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە بواری ئابووریدا خۆی لە پەیوەستکردنی ڕاستەوخۆی نێوان چاکسازییەکان و چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتییەکاندا نابینێتەوە، یان لەگەڵ کارکردن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دیموکراسی و مسۆگەرکردنی قەوارەی هەرێم؟

بانگەشەی دەستگرتن بە دیموکراسییەوە دەبێتە دروشمێکی بێ بەها لە سۆنگەی ئازارچەشتنی کۆمەڵگە بە هۆی بەردەوامیی قەیرانە ئابووری و گوزەرانییەکانەوە، چونکە تەشەنەسەندنی کێشەی هەژاری و جیاوازیی زۆر لە ئاستی داهاتی دارایی هاووڵاتیان و پەراوێزخستنی زۆرینەی کۆمەڵایەتی و دوورخستنەوە لە ژیانی سیاسی، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە سیستەمی دەسەڵاتدار و بە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش، لە کاتێکدا بەشداریی حزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پشتیوانیکردنی سیستەمی سیاسیی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و پشتیوانیکردنی پرۆسەکانی گەشەپێدان و بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و گەندەڵی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و سەروەریی یاسا، ئاسۆی نوێ لەبەردەم گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووریدا دەکاتەوە. بەم شێوەیە پەیڕەوی دیموکراتی دەچەسپێت، چونکە ناتوانرێت پەیڕەوی دیموکراتی لە چاکسازیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەشەنەسەندنی دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی واتای تەشەنەسەندنی نەبوونی پەیڕەوی دیموکراتییە.

ئاشکرایە کە حزبەکان قورسایی و ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە مێژووی خەباتگێڕییان و لەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە وەردەگرن کە پشتیوانییان دەکەن، نەك لە ناوەکانیانەوە، زۆریش هەڵەیە وا بیر بکرێتەوە کە تەنیا هەوڵی هەندێك بزووتنەوەی سیاسی بۆ زیادکردنی هەژموونی خۆیان لە ڕێگەی دابەشکردنی پشك و بەرژەوەندی بەسەر هەندێك توخم و تاقمدا جەماوەریان زیاد دەکات، بەڵکو ئەمە دەبێتە هۆی نەمانی متمانە، کەواتە پێویستە ئەم حزبانە شێوازی مامەڵەکردنیان لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ جەماوەردا بگۆڕن و، لەپێناو خزمەتکردنی گەل و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانیان، دەستبەرداری بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان بن.

کاتی ئەوە هاتووە سیاسەت و ڕەفتار و هەڵوێستی نوێ بگیرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانانەی کە هەرێمی کوردستان پێیاندا تێدەپەڕێت، هەروەها بنیادنانی داهاتوویەکی باشتر لە ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانییەوە، کە ئامانجی سیاسیی بریتی بێت لە بەدیهێنانی ئاسایش و گەشەپێدانی بەردەوام و دابینکردنی کەرامەتی کۆمەڵگە و ڕێزگرتن لە یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

**پێویستە لەسەر حزبە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیڕەوکردنی هەڵبژاردەی دیموکراتی بکەنە ئامانجێکی ستراتیژی بۆ خزمەتکردنی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان**

**بانگەشەی دەستگرتن بە دیموکراسییەوە دەبێتە دروشمێکی بێ بەها لە سۆنگەی ئازارچەشتنی کۆمەڵگە بە هۆی بەردەوامیی قەیرانە ئابووری و گوزەرانییەکانەوە**

**جیاوازیی زۆر لە ئاستی داهاتی دارایی هاووڵاتیان و پەراوێزخستنی زۆرینەی کۆمەڵایەتی و دوورخستنەوە لە ژیانی سیاسی، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە سیستەمی دەسەڵاتدار و بە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش**

**پشتیوانیکردنی پرۆسەکانی گەشەپێدان و بەرەنگاربوونەوەی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و گەندەڵی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و سەروەریی یاسا، ئاسۆی نوێ لەبەردەم گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووریدا دەکاتەوە**



موخەلەد حازم

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە کاروباری ئاسایش و ستراتیژیی بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پاڵپشتی کوردانی سوریا دەکات و ڕەنگە لە ململانێکان بیانپارێزێت و بەرەو کەناری ئارامی بیانبات

# نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارێژراوە و سنووری ڕێڕەوەکان و جوگرافیای هەندێک وڵات دەگۆڕدرێت

## هەرێم بەشێک نییە لە ململانێ، بگرە کۆنترۆڵی گرژییەکانی دەکات و کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجام دەدات

**نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە و بەپێی ئەو پلان و ئامانجە ستراتیژییەی وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دایانڕشتووە، نەخشەی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن، ئەم گۆڕانکارییانەش لەسەر سیستەمی سیاسیی عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستانیش کاریگەرییان دەبێت. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موخەلەد حازم، پسپۆڕ و تایبەتمەند لە کاروباری ئاسایش سازدا، کە پێشتر ڕاوێژکاری ئاسایش و یاسایی بووە لە حکومەتی عێراق و بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە قسەی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە.**

*** لە وتار و شرۆڤەکانت باس لە گۆڕانکاریی لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەیت و ئاماژە بە ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ دەکەیت، دەکرێت بزانین مەبەستت کام نەخشە و گۆڕانکارییە؟**

- ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات، زۆر خێرا و پێشبینی نەکراوە، بەڵام خۆ هەروا بە ڕێکەوت و لەخۆڕا نەهاتووە. شەڕ و گرژییەکی زۆر ئاڵۆزی نێوان (ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵا و حوسییەکان و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا)، ئەمە شەڕ و پێکدادانی پێشتر بەرنامە بۆ دارێژراوە لە نێوان هەردوو میحوەری «ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانیی ئەتلەسی» لەگەڵ کۆمەڵێك دەوڵەت و «هێزی سەرچاوەی شەڕ». ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی شەڕ، کە نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان نەخشەکەی بەرز کردەوە و بە «سەرچاوەی شەڕ» ناوی بردن. دەبێتە سەرچاوەی ئەو نەخشە نوێیەی کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارێژراوە. ئەم نەخشە نوێیە ڕەنگە سنووری ڕێڕەوەکانی تێدا بگۆڕدرێت، لەوانەشە هەندێك دیاردەی جوگرافی لە هەندێك وڵاتدا بگۆڕدرێت، چونکە سیستەمی نوێی جیهان بە دوای دەسەڵاتی ئابووری بەسەر جیهاندا دەگەڕێت. بە دڵنیاییەوە هەرچی وڵاتە زلهێزەکان و گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هەیە، لەم گۆڕانکاری و کاروبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندییان

**٧ی ئۆکتۆبەر تەنیا ئەو پریشکە بوو کە لە ڕێگایەوە دەست کراوە بە جێبەجێکردنی پلانی سیستەمی نوێی جیهانی**

هەیە، بەهاوشێوەی ئەوەی لە «سایکس – پیکۆ» ڕووی دا، کاتێك ئیمپراتۆڕەتەکان دابەش کران بۆ دەوڵەتان و نەخشە و سنوورەکانیش گۆڕدران، ئەو ماوەیەی کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دانرا، ١٠٠ ساڵ بوو.

ئەمڕۆ لە بەردەم پلان و نەخشە و سنوورێکی نوێداین. ٧ی ئۆکتۆبەر تەنیا ئەو پریشکە بوو کە لە ڕێگایەوە دەست کراوە بە جێبەجێکردنی پلانی سیستەمی نوێی جیهانی و پاساویش هێنرایەوە بۆ هێرش کردنە سەر غەززە و ئۆپەراسیۆنەکەش تا ئەم ساتە وەختە کۆتایی نەهاتووە.

*** مەبەستت چییە تا ئەم ساتە وەختە ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕ و گۆڕانکارییەکان کۆتاییان نەهاتووە؟ ئایا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی دیکەی گەورە دەبین؟**

- ئەوەی لە دەستپێکی هەڵگیرسانی شەڕ لە ناوچەکەدا لە غەززە و لوبنان و سووریا ڕوویان دا، دیراسەتکراو بووە و بەرنامەی بۆ دانراوە. پێویستییەك بوو، پاساویش هێنرایەوە بۆ هێرش و گۆڕانکارییەکان، ڕەنگە جار جارە وا دەبینین کە ئەم ئۆپەراسیۆنە بە شێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە، لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆن لە لوبنان تا ئەو دیوی ڕووباری لیتانی بەردەوام دەبێت و ڕاناگیرێت، لە سووریاش بڕبڕەی بەرەی موقاوەمە و پێکەوە بەستانی نێوان ئێران – عێراق – سووریا – لوبنان و غەززە تێکشکێندرا. ئێران گرنگترین توخمی پەیوەندیی تەوەرەیی لە سووریا و ناوچەکە لەدەست دا، بەرەی خۆڕاگرییش لە لوبنان لاواز کرا، ئەمەش بە کوشتنی سەید حەسەن نەسروڵلا و هەموو سەرکردەکانی دیکەی هێڵی پێشەوەی یەکەم و دووەم، لە یەمەنیش ڕەنگە ئەمە دەستپێك بێت و پاشەکشەی حووسییەکان لە هێرشکردنە سەر کەشتییە زەبەلاحە بارهەڵگرەکان دادیان نەدات و لە ماوەیەکی نزیکدا لەیەمەن نەك تەنیا خۆبەدەستەوەدان، بەڵکو شاهیدی کۆتایی دۆخەکەش دەبین. گورزە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە حووسییەکان کە درێژکراوەی بەرەی خۆڕاگریین لە ئێران، گورزی سەربازی کاریگەر و جەرگبڕ بوون، لەئەنجامی بەئامانج گرتنی کەشتییەکان لە کەناراوەکانی یەمەن لە دەریای سوور و هەڕەشەکردن بۆ سەر ڕێڕەوی دەریایی بازرگانیی جیهانی، تووشی ئەم شکستە بوون. بەمەش پڕۆژەی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی و بڵاوکردنی عەقیدەی ویلایەتی فەقییە، نەك هەر داڕووخا، بەڵکو هەڵوەشایەوە کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کاری لەسەر دەکات.

*** باسی بەرژەوەندی ئابووریی زلهێزەکان و گەورە کۆمپانیا جیهانییەکانت کرد. شرۆڤەت بۆ ئەم بابەتە چییە؟**

- ئەو دەوڵەتانەی بە «میحوەری شەڕ» ناو دەبرێن ڕێگرن لە بەردەم بەدەستهێنانی وزە و ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی وزە، ئەمانە بوونەتە کێشە لە بەردەم کەنارە ئاوییەکان و هەناردەی وزە بۆ دەرەوە، بۆیە دەبێت هەموو ئەم دەوڵەتانە لاواز بکرێن، لە بەرانبەردا پێویستە پڕۆژەی ڕێگەی سەوزی نێوان هێندستان و سعودییە و ئەردەن و ئیسرائیل پێکەوە گرێ بدرێنەوە، بەتایبەتی کە پڕۆژەی «پشتێنە و ڕێگە»ی چین و ڕووسیا کۆتایی هات.

*** ئەگەر کەمێك لەسەر پرسی عێراق ڕابوەستین، ئایا عێراق تاچەند پارێزراوە بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئاڵۆزی و شەڕە نەبێتەوە؟ ئایا سەردەمی لاوازکردن و لەناوبردنی گرووپە چەکدارە یاخیبووەکان و بەرەی بەناو موقاوەمەی عێراق نەهاتووە؟**

- عێراق نەك هەر دوور نییە لەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، بەڵکو بەشێکە لە بەرەی خۆڕاگری (مقاومە)، عێراق وەکو حکومەت نا، بەڵکو وەکو سیستەمێکی سیاسیی مەترسییە بۆ سەر جێبەجێکردنی نەخشە تازەکە، گرووپە چەکدارەکان هێزی بڕیار و کۆنترۆڵی زۆر لە جومگەکانی دەوڵەتی عێراقیان بەدەستەوەیە، ئەمریکا بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لە عەین ئەسەد و هەولێر و هەریر لەبیر نەکردووە، هەروەکو چۆن ئیسرائیلیش هێرشە درۆنییەکانی لەبیر نەکردووە. بوونی ئەم گرووپانە ئاستەنگ و بەربەستن لەبەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژە گەورەکەی جیهان. نەتەنیاهۆ لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی بە وڵاتی کێشەئامێز ناوبرد، بۆیە بە تەئکید کێشەی گرووپە چەکدارەکانی عێراق کە بەپاشکۆی ئێران دادەنرێن، چارەسەر دەکرێت، یان حکومەت

**ئۆپەراسیۆن لە لوبنان تا ئەو دیوی ڕووباری لیتانی بەردەوام دەبێت و ڕاناگیرێت، لە سووریاش بڕبڕەی بەرەی موقاوەمە و پێکەوە بەستانی نێوان ئێران – عێراق – سووریا – لوبنان و غەززە تێکشکێندرا**

**گورزە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە حوسییەکان کە درێژکراوەی بەرەی خۆڕاگریین لە ئێران، گورزی سەربازی کاریگەر و جەرگبڕ بوون**

**پڕۆژەی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی و بڵاوکردنی عەقیدەی ویلایەتی فەقییە، نەک هەر داڕووخا، بەڵکو هەڵوەشایەوە کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە کاری لەسەر دەکات**

**گرووپە چەکدارەکان هێزی بڕیار و کۆنترۆڵی زۆر لە جومگەکانی دەوڵەتی عێراقیان بەدەستەوەیە، ئەمریکا بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لە عەین ئەسەد و هەولێر و هەریر لەبیر نەکردووە**

بە بڕیارێك مامەڵەیان لەگەڵ دەكات، بۆ خۆدوورخستنەوە لە ئەگەری هەر تێوەگلان و شەڕێك، پێویستە كۆتایی بە ڕۆڵی گرووپە چەكدارەكان عێراق بهێنرێت، یان چەكەكانیان ڕادەستی حكومەت بكەن، بەپێچەوانەوە ڕووبەرووی هێرشی توند دەبنەوە و زیانی گەورەیان پێدەگەیەنرێت. هەر بۆیە عێراق هەوڵ دەدات خۆی بە دوور بگرێت لە هەر هێرشێك بۆ سەر خاكەكەی و هەوڵی هێوركردنەوەی دۆخەكە دەدات.

*** دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، بۆچی ئەم وڵاتە سەقامگیر نەبووە، بەتایبەتی كە دیدگایەك هەیە بۆ ئەوەی پێكدادان لە نێوان هێزەكانی سوریای دیموكرات و هێزە ئەمنییەكان لە سووریا ڕوونەدات؟**

- گۆڕینی ڕژێمی سووریا دەبووایە ئەنجام بدرێت و ئەنجامیش درا، لە ئێستادا ئاراستەیەكی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی سووریا بگەڕێتەوە ناو هەناوی عەرەبییەكەی و سەقامگیر بێت، ئەمەش بە ڕەچاوكردنی مافی كورد و درووز و عەلەوییەكان، بە سەقامگیریی سووریا پرۆژە جیهانییەكە بۆ بەدیهێنانی سیستەمی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدایك دەبێت و سەقامگیریش دەبێت. ڕاستە هەوڵی تێكدانی ئاسایشی سووریا و دروستكردنی ناكۆكی هەیە و پشتیوانی لە دروزەكان و عەلەوییەكان لە كەناراوەكانی سووریا دەكرێت، بەڵام دیدگا لەنێوان هێزەكانی سووریای دیموكرات و هێزە نیزامییەكان لە سووریا هەیە، لە چوارچێوەی یەكپارچەیی خاكی سووریا، چونكە بیرۆكەی فیدراڵی و كۆنفیدراڵی لە سووریای دوای ئەسەد نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن. كوردەكان لە سووریا وشیارترن بەتایبەتی كە كەسانێك هەن بیرۆكەكانیان بە بیرۆكەی دروست بۆ پڕ دەكەنەوە، كە سەركردایەتی كوردن لە عێراق بە نوێنەرایەتیی سەرۆك مەسعود بارزانی كە خاوەنی ئەزموونێكی سیاسیی دەوڵەمەندە و هەمیشە هەوڵ دەدات، پشتیوانی لە كوردانی سووریا بكات، كە ڕەنگە بیانپارێزێت لە هەر ململانێیەك كە لە ناو خاكی سوریادا ڕووبدات، بێگومان سەرۆك بارزانی دەتوانێت بەرەو كەناری ئارامی بیانبات.

لە كۆتاییدا عێراق و توركیا ناسەقامگیریی سووریایان ناوێت، هەمووان نایانەوێت ناكۆكی هەڵبگیرسێت، سووریا و عێراق شریتێكی سنووریی هاوبەشیان هەیە و توركیاش بە سنوورێكی زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەتر بە سووریاوە بەستراوەتەوە، هەر ناسەقامگیرییەك كە لە سووریا ڕووبدات ڕەنگدانەوی لەسەر توركیا هەیە و ئەگەری گەڕانەوەی ئاوارە و پەناهەندەكانی بۆ جارێكی دیكە لێدەكرێت. ئێمە لە بەردەم ڕێككەوتنێكی سیاسیی «ئەمریكی – ئیسرائیلی – توركی – سووری – عێراقی»داین، كە سەقامگیری لەناوچەكەدا بۆ هەمووان دابین دەكات .

*** بەڵام پێناچێت بەم نزیكانە دۆخە تەمومژاوییەكانی نێوان ئەمریكا- ئێران بەكۆتا بێت و ئەگەری زۆرە دانوستانەكان شكست بهێنێت. ئایا لەم دۆخەدا عێراق لەبەردەم چ بژاردەیەكدایە؟**

- ئێمە لە بەردەم دۆخێكی هێشتا تەمومژاویی نێوان ئەمریكا و ئێرانین، سەركەوتنی دانوستانەكان جۆرێك لە سەقامگیری بە ناوچەكەش دەبەخشێت، هەروەكو چۆن شكستخواردنی دانوستانەكان ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچەكەش هەیە. گرفتەكە لێرەدا لەوەدایە ئەمریكا وەكو ناوچەیەكی گرنگی نفووزی خۆی سەیری عێراق دەكات، ئێرانیش بە هەمان شێوە عێراق بە شوێنی نفووزی خۆی دەزانێت، لەم نێواندەدا هەرێم ئەگەرچی بەشێكە لە عێراق و دۆخەكە بە خراپی و بە باشی كاریگەریی لەسەر هەرێمیش دەبێت، بەڵام هەرێم نابێتە بەشێك لەم ململانێیە و بەپێچەوانەوە كاری هاوبەش لەنێوان هەردوو حكومەتی عێراقی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت و كۆنترۆڵی ناكۆكییەكانیان دەكەن، لە بەرانبەردا درێژكراوەی ئێران هێشتا لە عێراق و یەمەن بوونیان هەیە، ڕەنگە عێراق ببێتە بەشێك لەو ململانێیەی كە ڕوودەدات و ببێتە بەشێك لە بەشداریكردن لەگەڵ لایەنی ئێرانی لەهەر ئۆپەراسیۆنێكی سەربازیی كە ڕەنگە ڕووبدات، بەڵام حكومەتی عێراقی لەم كاتەدا نایەوێت ببێتە بەشێك لە ململانێی سیاسی و سەربازیی نێوان ئەمریكا و ئێران.

**بۆ خۆدوورخستنەوە لە ئەگەری هەر تێوەگلان و شەڕێك، پێویستە كۆتایی بە ڕۆڵی گرووپە چەكدارەكان عێراق بهێنرێت، یان چەكەكانیان ڕادەستی حكومەت بكەن**

**ئاراستەیەكی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی سووریا بگەڕێتەوە ناو هەناوی عەرەبییەكەی و سەقامگیر بێت، ئەمەش بە ڕەچاوكردنی مافی كورد و درووز و عەلەوییەكان**

**هەر ناسەقامگیرییەك كە لە سووریا ڕووبدات ڕەنگدانەوی لەسەر توركیا هەیە و ئەگەری گەڕانەوەی ئاوارە و پەناهەندەكانی بۆ جارێكی دیكە لێدەكرێت**

**لە بەردەم ڕێككەوتنێكی سیاسیی «ئەمریكی – ئیسرائیلی – توركی – سووری – عێراقی»داین، كە سەقامگیری لەناوچەكەدا بۆ هەمووان دابین دەكات**

**د. نەرمین مەعرووف**
ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# دواکەوتنی مووچە پەیوەندی بە کەمیی پارەی کاشی دینارەوە هەیە



# ئەم دۆلارەی عێراق کە لە نرخی پێشووی نەوت دەستی کەوتووە، بە ئاسانی بۆی نابێتەوە بە دینار

# دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی هەرێم و گەنجینەی حکومەتی فیدراڵیدایە

**د. نەرمین مەعرووف، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەوە ناسراوە کە بەدواداچوونی ورد دەکات لەسەر بابەتە دارایی و ئابوورییەکان و بەردەوام زانیاری نوێی لەسەر بابەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هەیە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەسەر پرسی مووچە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەنداری لەگەڵیدا ساز دا، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دەستەبەرکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی یەکلا بووەتەوە و بە پشتبەستن بە ماددەی ١٣ی لە یاسای بوودجەی سێ ساڵە جێگیر کرا**

*** ئەگەرچی لە بوودجەی ساڵی ٢٠٢٥ بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی جێگیر کرا، کەچی ئەوەتا بۆ جارێکی دیکە ناردنی مووچە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دواکەوتەوە. وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی عێراق و کەسێکی ناسراو بۆ بەدواداچوونی پرسی مووچە، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- دواکەوتنی مووچەی مووچەخۆرانی مانگی چواری هەرێم هیچ پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە نییە. بەپێی لێکدانەوەمان لە عێراق هیچ کێشەیەکی دارایی و ئابووری بوونی نییە، هیچ گرفتێکیش لە لیستی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمدا نییە و بگرە هیچ شتێکی نوێ و تێبینی لەسەر بابەتی خشتەکانی مووچە و لیستی مووچە باس نەکراوە، تەنانەت حکومەتی عێراقیش هیچ نییەتێکی لەو جۆرەی نییە، ئاستەنگ بۆ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم دروست بکات، بەتایبەتی لە ئەمساڵدا کە ساڵی هەڵبژاردنە و هیچ حکومەتێك موجازەفەی ئەوە ناکات، بە مەبەست بیەوێت ئاستەنگ لەبەردەم مووچەی توێژێك و ژمارەیەکی وا زۆری دانیشتووان دروست بکات، بەڵام گرفتەکە تەنیا پەیوەندی بە بابەتی کەمیی پارەی کاشی دیناری بەردەستی حکومەتی عێراقەوە هەیە، ئەوەتا دابەشکردنی مووچە لە بەشێکی دامودەزگاکانی

**عێراق مانگانە پێویستی بە ٧،٥ تریلیۆن دینارە بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و هاوکاریی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی**

**عێراق تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەوتی بە پێی گرێبەستە کۆنەکان فرۆشتووە و نرخی نەوتەکەی کەمی نەکردووە**

عێراقیشدا دواکەوتووە، بگرە حکومەتی عێراق هەنگاویشی ناوە بۆ ئەوەی بە زووترین کات پارەی کاش دابین بکات و مووچەی پێ دابەش بکات. دەستەبەرکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی یەکلا بووەتەوە و بە پشتبەستن بە ماددەی ١٣ی لە یاسای بوودجەی سێ ساڵە جێگیر کرا، بەوەی حکومەتی فیدراڵی مولزەمە بە ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە هەموو توێژەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان و تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە، تەنانەت هاوتاش بکرێت مووچەکانیان بە هاوشێوەی مووچەکانی عێراق مووچە وەربگرن.

*** بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە مەبەستت ئەو هەنگاوە بوو کە حکومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی پارەی مووچەی مانگی نیسان پەنای بۆ ڕاکێشانی پارەی سپاردە برد؟ ئایا ئەمە تا چەند لە یاسای بوودجەدا ڕێپێدراوە و تا چەند چارەسەری کێشەکە دەکات؟**

- عێراق مانگانە پێویستی بە ٧،٥ تریلیۆن دینارە بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و هاوکاریی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی، بەشێکی ئەم بڕە پارەیەشی لەبەردەستدا نییە، بۆیە حکومەتی فیدراڵی پارەی سپاردەی دارایی باجی کۆمپانیا و بازرگانەکانی بۆ مووچە ڕاکێشاوە، کە بەپێی یاسای باجەکان ئەم کارە ئاساییە، چونکە دواجار ئەو سپاردەی باجانە دەبێتەوە داهاتی حکومەت و حکومەت بۆی هەیە ئەو پارەیە ڕابکێشێت و بەکاریشی بهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پارەکە تاوەکو پێنج ساڵ وەکو بارمتە لەلای حکومەت دەمێنێتەوە و پارێزراوە و لە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ ئەگەر خاوەنەکانیان نەچن بۆ پاکتاوکردن، دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ حکومەت، ئەو بڕە پارەی سپاردەیەش ( ٣ تریلیۆن و ٤٥ ملیار و ٧ ملیۆن و ٢٥٢ هەزار دینارە).

*** باشە، کە قەیرانی دارایی و قەیرانی ئابووری نییە و نەوتیشی بەپێی گرێبەستی پێشوەختە بە نرخە کۆنەکانی فرۆشتووە و کێشەی کەمیی دۆلار نەبووە، ئەی کێشەکە لە چییەوە هاتووە و بۆچی پارەی کاشی دینار لە عێراقدا کەمی کردووە؟**

- عێراق تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەوتی بەپێی گرێبەستە کۆنەکان فرۆشتووە و نرخی نەوتەکەی کەمی نەکردووە، چونکە گرێبەستەکانی فرۆشتنی نەوتی گرێبەستی پێشوەختەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی نەوتیان لێ کڕیوە. هەرچەندە لێرە بەدواوە بە نرخی تازە نەوتەکەی دەبێت بفرۆشێت واتا تا چوار مانگی ڕابردووش کێشەی کەمیی دۆلاری نەبووە، بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا، کێشەی کاشی سیولەی دیناری هەیە. بەپێی هەموو لێکدانەوەکان و بەدواداچوونەکانمان کێشەکە لە گۆڕینەوەی دۆلاری فرۆشتنی نەوتەوە سەریهەڵداوە، ئەمە هۆکاری کورتهێنانی داهاتی گشتی و بوودجەیە، چونکە بوودجەی گشتیی عێراق لە ٩٠٪ی پشتی بە فرۆشتنی نەوتی خاو بەستووە، کە بە دۆلارە و قۆناغ بە قۆناغ لە بانکی فیدراڵی ئەمریکا وەردەگیرێتەوە و لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بە دوو ڕێگای چاپکردنی پارە و فرۆشتنی دۆلار بە بازرگانان و هاوردەکاران و گەشتیاران دەکرێتەوە بە دینار. بە وردبینیی زیاتر و وردی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا لەسەر فرۆشتنی دۆلار و حەواڵەکردن پرۆسەکەی زۆر خاو کردووەتەوە، بەکورد و پوختی ئەم دۆلارەی عێراق کە لە نرخی پێشووی نەوت دەستی کەوتووە، بەئاسانی بۆی نابێتەوە بە دینار. ئەم پرۆسەیە هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی خەرجییەکانی ڕۆژانە و مانگانەی حکومەت کە بەدڵنیاییەوە ئەمەش هۆکارێکی دیکەی کورتهێنانی بوودجەکەی عێراقە.

*** کەواتە بەپێی لێکدانەوە و بەدواداچوونەکانی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بێت، دابەزینی نرخی نەوت کێشە گەورەکە بۆ عێراق لە چەند مانگی داهاتوو دروست دەکات؟**

- عێراق هێشتا بەو نرخە کەمە نەوتی نەفرۆشتووە، لە مانگی پێنج بەدواوە بە نرخی نوێ کە نزمترە لە پێشوو دەبێت نەوتەکەی بفرۆشێت. دەبێت لە ئێستاوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات و تەنانەت زۆر لەخەرجییە زۆرەکانی کەم بکاتەوە، چونکە تازە بە تازە و بەم پەلەپەلە عێراق ناتوانێت ئابووری و داراییەکەی ڕاست بکاتەوە، بەشی هەرە زۆری داهاتی نەوتییەکەی بۆ بوودجەی بەکارخستنی

خەرجی دەڕوات، بێ ئەوەی لەکەرتی وەبەرهێنان و بەرهەمهێن بەکاری بهێنێت و ئابوورییەکەی لە ئابوورییەکی ڕەیعی تاکە سەرچاوەی داهاتەوە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری ئاراستە بکات. ئەوەتا قەیرانی کەمیی کاشی دیناری بۆ دروست بووە و پارەی بەڵێندەرەکانی ناتوانێت بدات و کێشە بۆ پرۆژە زۆرەکانی دروست بووە و دەستی بۆ پارەی سپاردەی باجەکان بردووە، باشە ئەگەر گریمان ئەم پارەیەی سپاردەی باجەکان بۆ مانگی چوار بەکاری بهێنێت ئەی بۆ مانگی پێنج چی دەکات؟ بۆیە دەبێت ڕێکاری چارەسەری بدۆزنەوە.

*** لەگەڵ ئەوەی عێراق کێشەی کەمیی دراوی کاشی دیناری هەیە و ڕەنگە لە کۆتایی دووەمی ئەمساڵدا نرخی نەوت بەو بەرزییەی پێشوو نەمێنێتەوە، بۆیە لەم سات و کاتەدا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە، ئەم بابەتە بە کوێ گەیشتووە؟**

- هەرچەندە بابەتی نەوت لە پسپۆڕایەتیی لێژنەکەمان (لێژنەی دارایی پەرلەمان) نییە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانم ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە ماوەی دوو ساڵ، زیانەکانی گەیشتووەتە نزیکەی ٢٤ ملیار دۆلار، بۆیە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی هەرێم و عێراق و گەنجینەی حکومەتی فیدراڵیدایە. وەکو دەزانن ئەم دۆسێیە لە مانگی دووی ئەمساڵ ئەوەی پەیوەندی بە یاسای بوودجەوە هەیە، ئەو دەقەی پەیوەندی بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانەوە هەیە، هەموار کراوە، ئەو دەمەی هاتە پەرلەمان بەو پێیەی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ قسە کراوە و لەسەر ئەم دەقە ڕێککەوتوون، بۆیە ئێمەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان ڕێگامان نەدا لەناو پەرلەمان ئەم هەموارە دەستکاری بکرێت، هەموارەکە تێپەڕی و تێچوونی بەرمیلێك نەوت لە ١٦ دۆلار جێگیر کرا، ئەمەش تێچوویەکی کۆتایی نییە، پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لەلایەن کۆمپانیایەکی پسپۆڕ کە بەپێی هەموارەکە دەبێت لەماوەی ٦٠ ڕۆژدا هەرێم و بەغدا لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە ڕێك بکەوتنایە، بۆ ئەوەی خەمڵاندن بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بکات. ئێستا کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ئەم دوو مانگە داوای ڕێکەوتن و گەرەنتی دەکەن، باشە پێشتر بۆچی قسەیان نەکرد و پێشتر بۆچی ئەم کۆمپانیانە هەڵوێستیان دەرنەبڕی، کە ماوەیەکی زۆریان لەبەردەستدا بوو؟ چۆن دوای هەمواری یاساکە داوای شتی دیکە دەکرێت؟ بۆیە من پێم وایە ئێستا کێشەکە لەنێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم و حکومەتی عێراقدایە و ئەم بابەتەش تەنیا تەکنیکی و هونەرین و هێندەی ئەوەی بابەتێکی سیاسییە و دەبێت لەناو ئەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆ و بڕیاری لەسەر بدرێت.

*** دوا پرسیارمان بەو پێیەی شارەزایی و پسپۆڕایەتیت لە دارایی و ئابووری هەیە، دەکرێت بزانین لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ئێران و پەلکێشکردنی عێراق بۆ ناو ئەو ململانێیەی کە ئێستا تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، تا چەند کاریگەری لەسەر دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت؟**

- دۆخی دارایی و ئابووری لە دنیای پڕ لە کێشمەکێش و ململانێی و تێهەڵچوونی سەربازی هەرگیز باش نابێت، بگرە لە دونیای بزنێس و بازرگانی نائارامی و ناسەقامگیری جێگای نابێتەوە. ئەوەتا بە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی جیهان و سیاسەتە توندەکانی باج و گومرگی ترامپەوە کاریگەریی لەسەر بەهای نرخی جیهانیی نەوتیش کرد، لێرە بەدواوە کاریگەرییەکانی ئەم دابەزینە لەسەر داهاتی نەوت و داهاتی عێراق دروست دەبێت، بەڵام حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش خۆیان بەدوور کردووە لەو کێشمەکێشە سەربازی و سیاسییانە، چونکە دۆخی عێراق بەرگەی شەڕ و نەهامەتیی دیکە ناگرێت و لەمەدا خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی وماڵوێرانی شەڕەکانین و هیچ کەس و لایەنێك خوازیاری ئەمە نین، کە دواجار ئابووری و خۆشگوزەرانی لە ڕەوشێکی ئارام و سەقامگیردا گەشە دەکات.

**ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە ماوەی دوو ساڵ، زیانەکانی گەیشتووەتە نزیکەی ٢٤ ملیار دۆلار**

**دۆخی دارایی و ئابووری لە دنیای پڕ لە کێشمەکێش و ململانێی و تێهەڵچوونی سەربازی هەرگیز باش نابێت**

### پرۆفیسۆر ستیڤن ڕۆچا

ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی باشووری فلۆریدا بۆ گوڵان:

# بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی تەنیا ڕەخنەگرتن نییە، بەڵکو بونیادنان و بیرکردنەوەیە بۆ بەدیهێنانی شێوازێکی جیاواز لە شەرعییەت و دادپەروەری

پرۆفیسۆر ستیڤن ڕۆچا، ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی باشووری فلۆریدا، هەروەها پرۆفیسۆری فەخرییە لە زانکۆی مەدرید لە ئیسپانیا. توێژینەوەکانی لەسەر شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و بەتایبەتی شەڕەکانی ناوچەکانی حەوزی نیل و هەروەها بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیی ئەو شەڕانەی سەدەی بیست و یەکە، بەتایبەتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، بۆ یەکەمجارە شەڕێکی وا گەورە لەسەر خاکی ئەورووپا دروست دەبێت، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی لە دوای کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە کۆتایی ٢٠٢٤ و تێکشکاندنی گرووپە چەکدارەکانی وەك حەماس و حزبوڵڵا و حوسییەکان، وەرچەرخانێکی گەورە لەم ناوچەیە هاتووەتە ئاراوە. پرۆفیسۆر ڕۆچا، کارێکی زۆریشی لەسەر سنوورداریەتی دەسەڵاتەکانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی کردووە، کە زۆر جار لە پرسی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی نەتەوەکان بەگشتی و لەپرسی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییانەی دژی گەلی کورد کراون، کەمتەرخەم بووە و نەیتوانیوە بەرانبەر ئەو تاوانانە، دادپەروەری پیادە بکات و قەرەبووی قوربانییەکان بکاتەوە، یان تاوانباری سەرەکیی ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ جیهان ئاشکرا بکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکان، گوڵان چەند پرسارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر ڕۆچا کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## دیمانەی تایبەت



*** بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئیتیکی حوکمڕانی گلۆباڵی توێژینەوەت کردووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، هەندێك ناوچەی پشتگوێخراو هەن وەك کوردستان، ئایا چۆن دەتوانن لەم جیهانەدا داوای دادپەروەری و ددانپێدانان بکەن، لە کاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی، لەسەر حیسابی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، ئەولەوییەت بە سەروەریی دەوڵەت دەدات؟**

- یاسای نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە سایەی مۆدێلێکی وەك ڕێککەوتننامەی «ویستفالیا»، لە زۆربەی کەیسەکاندا ئیمتیازێکی گەورەی بە سەروەریی دەوڵەت داوە، لەسەر حیسابی گەلانی بێ دەوڵەت و پەراوێزخراو، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش حوکمڕانیی جیهانی جێگیر نییە، بە شێوەیەکی زۆر فراوان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پێوەرەکانی «کۆمەڵگەی مەدەنی، لە سەرووی نەتەوەوە، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان»، هەر بۆیە بۆ ناوچەیەکی وەك کوردستان دەبێت بە شێوەیەکی ستراتیژییانە داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، بە واتایەکی دی، دەبێت سوود وەربگرێت، لە گوتاری مافی مرۆڤ و بونیادنانی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ پرسە ڕەواکەی، هەروەها لە میانەی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندە یاسایی و ئەخلاقییەکان کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرێ دەدرێت، ئەوجا لە کاتێکدا کە ددانپێدانانی فەرمی بە دەوڵەتی کوردستان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی ئێستا وەك پرسێکی دوورمەودا دەمێنێتەوە، بەڵام دەکرێت بە ڕێگەی بەشداریی بەردەوام لەگەڵ ئەو میکانیزمانەی ئاماژەم پێکردن بونیادنانی شەرعییەت مسۆگەر بکات.

*** لەو توێژینەوانەی لەسەر پرسی سیاسەتی ناسنامە و ئاکاری گلۆباڵی کردووتن، ئەوەت ئاشکرا کردووە، کە لەیەك کاتدا دەتوانرێت ناسنامەی نەتەوە هەم بەهێز بکرێت، هەمیش دابەش بکرێت. ئایا ئەو**



**ئالنگارییانە چین کە ڕووبەڕووی ناسنامەی کوردی دەبێتەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتی عێراق، هەروەها لە میانەی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا؟**

- ناسنامەی نەتەوەی کوردیش وەك ناسنامەی کۆی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی سیاسەتێکی پارادۆکسی خۆی نمایش دەکات، ئەو سیاسەتە پارادۆکسییەش بریتییە لە سەرچاوەیەك بۆ یەکگرتنی کەلتووری قووڵ، بەڵام هەمان کاتدا دەبێتە ئالنگارییەکیش بۆ شەرعییەتی سنووری ئەو دەوڵەتەی لەسەر دامەزراوە، لەسەر ئاستی ناوخۆیی، پێویستە لایەنە کوردییەکان لە چوارچێوەی فیدراڵییەتی عێراقیدا دانوستاندن لەسەر ناسنامەی خۆیان بکەن، بەڵام کێشەی سەرەکیی کورد لەناو ئەم فیدراڵییەتە ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق زۆر جاران بە سەختی ڕێگری لە پرۆسەی لامەرکەزیی ڕاستەقینە دەکات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەوانەیە ئالنگاریی سەرەکی بۆ ناسنامەی کورد لە چوارچێوەدانیەتی، نەك وەك هەڕەشەیەك بۆ جیابوونەوە، بەڵکو وەك گوزارشتێکی ڕەوا بۆ فرەیی و مافی بڕیاردانی چارەنووس، ئەمەش پێویستی بە چوارچێوەیەکی سیاسیی ورد هەیە، کە هاوشان بێت لەگەڵ بەها جیهانییە هاوبەشەکان وەك «دادپەروەری، مافی کەمینەکان و هاوبەشیی دیموکراتی».

*** لە توێژینەوەکانتدا زۆر بە باشی سنووردارییی یاسای نێودەوڵەتیی تاوانەکانت شی کردووەتەوە سەبارەت بە بەدیهێنانی دادپەروەری بەرانبەر قوربانییەکانی کۆمەڵکوژی کە تووشی جینۆساید بوونەتەوە، ئێمەش وەك نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژیی جینۆساید بووینەوە، بەتایبەتی لەو شاڵاوانە کە بە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال ناسراوە. ئایا لەو بڕوایەدای کە یاسای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ئەو توانایەی هەبێت، کە بە شێوەیەکی کاریگەر پشتگیریی دادپەروەرانەی قوربانییانی ئەو تاوانانە بکات، کە لەدژی گەلی کورد ئەنجام دراون؟**

- یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، ڕووبەڕووی ئاستەنگی ڕاستەقینە بووەتەوە، لەو ئاستەنگانە بریتین لە «تایبەتمەندیی دادوەری، جێبەجێکردنی ماددەکان بە شێوەیەکی ئینتقائییانە و دەستتێوەردانی سیاسی»، ئەمانە هەموویان بوونیان هەیە، بەڵام سەبارەت بەو تاوانانەی وەك شاڵاوەکانی ئەنفال دژی گەلی کورد ئەنجام دراون، پێویستە دادپەروەری

سنووری هۆڵی دادگاکان تێپەڕێنێت، ئەمەش بەوە دەکرێت، کە لیژنەی ڕاستەقینەی جێگەی متمانە، هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ هێشتنەوەی ئەم کارەساتانە بە زیندوویی، سیاسەتی قەرەبووکردنەوە بە ڕێگەی دادگا ئیقلیمییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆڵێکی تەواو کاریگەر بگێڕن، لەمەش گرنگتر دەبێت بەو شێوەیە سەیری دادپەروەری بکرێت، وەك پرۆسەیەکی سەرتاسەری کە لایەنەکانی «ددانپێدانان بە تاوانەکان، پەروەردە و ڕیفۆرمی دامەزراوەیی» لەخۆی بگرێت، هەروەها کۆمەڵگەی کوردییش هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە و پارێزگاری لە گرنگیی یادەوەریی ئەم تاوانە لەسەر ئاستی سیاسی بەردەوام بێت.

*** ئایا دەکرێت هەرێمێکی وەك هەرێمی کوردستان کە چواردەورە دراوە بە هاوسێی زۆر بەهێز و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، بە شێوەیەکی ئاکاری دیپلۆماتییەکەی ببێتە بەشێك لە چوارچێوەی دیپلۆماتی و یاسایی جیهانی؟**

- دەبێت هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئەخلاقی، پابەندبوونی خۆی بەو پرانسیپانە پیشان بدات، کە لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەی گەورە دروست دەکات، لەوانە «ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، حوکمڕانی و دیموکراسی، چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە»، لەسەر ئاستی ستراتیژی کە بیگومان ئەمەیان زۆر لایەن دەگرێتەوە و بریتی دەبێت لە «کارکردن لە میانەی دامەزراوەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، دامەزراوە ئیقلیمییەکان»، هەوڵبدات هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکان و کۆمەڵگەی دیاسبۆرا و ئەو حکومەتانەی هاوسۆزن دروست بکات.

دەرکەوتن لەکایەی دیپلۆماتیدا کاتێك لەگەڵ هاودەنگیی ئاکار هاوشان دەکریت، دەتوانێت هەتا لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆشدا کاریگەرییەکانی زیاد بکات، لەوانەیە زۆر پێویست نەبێت دەوڵەت بە ڕێگەی خێرا بێتەدی، بەڵام تێکەڵبوونێکی کاریگەر لە گوتاری یاسایی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان زۆر گرنگ و کاریگەرە.

*** زۆر جەخت لەسەر گرنگیی پۆلۆڕالیزم لە ئەخلاقیاتی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەکەیتەوە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم تێڕوانینە فرەییە پشتگیری خواستەکانی گەلی کورد بکات بەرەو ددانپێدانانێکی سیاسی و کەلتووریی فراوانتر، لەناو عێراق و لەسەر ئاستی جیهانیش؟**

- ئەو فرەییەی لە کارەکانمدا گفتوگۆی لەسەر دەکەم، ددان بە شەرعییەتی ئەخلاقییات و سیاسیی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەنێت، دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ هاندانی ئەخلاقی فرەیی دەوڵەت و دامەزراوەکان بۆ تێپەڕاندن و تواندنەوەی بەستەڵەکی نەتەوەیی بەرەو میتۆدێکی گشتگیرتر بۆ حوکمڕانی، سەبارەت بە کورد واتە سووربوون لەسەر دروستی دەربڕینی سیاسی و کەلتووری تایبەت بە خۆیان، ئەمەش نەك وەك بنەمایەکی ئیستسنائی، بەڵکو وەك بنەمایەکی گشتی لەناو چوارچێوەی سیستمێکی جیهانی فرە کەلتوور و فرە ئیتنی دەبێت، هەر بۆیە چەند زیاتر کاراکتەرە جیهانییەکان لە چەمکی فرەیی تێبگەن، بواری گوێگرتن و ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی وەك کورد زیاتر دەبێت.

*** ئایا ڕۆڵی دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە کۆمەڵگەیەکی وەك هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، لە پێشخستنی حوکمڕانیی ئەخلافی و ڕیفۆرمی یاسایی و بەشداریی زیاتر لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان نین؟**

- لە کاتیکدا ئێوە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان نین، بێگومان دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە حوکمڕانیی ئەخلاقی و ڕیفۆرمی یاسایی و فراوانکردنی بەشدارییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەم قۆناغەدا ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبنە ژێرخانێکی ئەخلاقیی دوورمەودا لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، ئەوان دەتوانن پێشێلکارییەکان دیکیۆمێنت بکەن، پەرە بە سیاسەتی جێگرەوە بدەن، هەروەها دەتوانن وەك میانگیر کار لەسەر خواستی ناوخۆیی و مەزندەی نێودەوڵەتی بکەن، سەرباری ئەمانەش، زۆر جاران ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ئاسانتر لەگەڵ تۆڕە جیهانییەکان کۆنتاکت بکەن و پەیوەندی دروست بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەنگی کورد زۆر باشتر بگەیەننە جیهان کە دامەزراوە بیرۆکراتییەکانی دەوڵەت پێیان ناکرێت، بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی تەنیا ڕەخنە گرتن نییە، بەڵکو بونیادنان و بیرکردنەوەش دەگرێتەوە، کە زۆر جاران دەبنە هاوکار بۆ بەدیهێنانی شێوازیکی جیاواز لە شەرعییەت و دادپەروەری.

**پێویستە لایەنە کوردییەکان لە چوارچێوەی فیدراڵییەتی عێراقیدا دانوستاندن لەسەر ناسنامەی خۆیان بکەن، بەڵام کێشەی سەرەکیی کورد لەناو ئەم فیدراڵییەتە ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق زۆر جاران بە سەختی ڕێگری لە پرۆسەی لامەرکەزیی ڕاستەقینە دەکات**

**سەبارەت بەو تاوانانەی وەک شاڵاوەکانی ئەنفال دژی گەلی کورد ئەنجام دراون، پێویستە دادپەروەری سنووری هۆڵی دادگاکان تێپەڕێنێت**

**دەبێت هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئەخلاقی، پابەندبوونی خۆی بەو پرانسیپانە پیشان بدات، کە لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەی گەورە دروست دەکات**

**زۆر جاران ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ئاسانتر لەگەڵ تۆڕە جیهانییەکان کۆنتاکت بکەن و دەنگی کورد زۆر باشتر بگەیەننە جیهان**



پرۆفیسۆر لاری کاتا باکەر، ئوستادی یاسا و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ڕەچەڵەك خەڵکی کووبایە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە پرسەکانی حوکمڕانیی پەیوەست بە جیهانگیری و بە تیۆرەکانی دەستوور لە هەردوو بواری کەرتی گشتی و تایبەت لە پرۆسەی حوکمڕانیی وڵاتدا، لەم پرسەشدا لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا جەخت لەسەر مۆدێلی حوکمڕانیی چینی دەکاتەوە، بەتایبەتی کە کۆمپانیاکانی چین لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن، بۆ ئەمەش بەراوردی ئەوەی کردووە، چۆن تیۆرە دەستووریی و ئایدیۆلۆژییەکان دەتوانن پرۆسەی حوکمڕانی لە ناو سیستمە دیموکراتی و لیبراڵییەکان، هەروەها لە ناو سیستمە گشتگیرەکانی «مارکسی و لینینی»دا ڕێك دەخرێن، بەتایبەتی لە هەردوو نموونەی دەوڵەتی کووبا و چیندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا کە مودێلی «چین» بۆ خاوەندارێتیی کۆمپانیاکان لەلایەن دەوڵەتەوە، وەك نموونەیەکی سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێن، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر باکەر کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانەی تایبەت

پرۆفیسۆر لاری کاتا باکەر

ئوستادی یاسا و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی پەنسلڤانیا بۆ گوڵان:

# سەروەریی نیشتمانیی دەوڵەت بووەتە چەمکێکی فشۆڵ و ملکەچی دانوستاندنە و بە سیستمە جیهانییەکانی وەک «بەرپرسیایەتی، بازرگانی و یاسایی» گرێ دراوەتەوە

* ئێوە جیا لەوەی ئوستادی یاسا و کاروباری نێودەوڵەتین، لە هەمان کاتدا بایەخێکی زۆرتان بە پرسی حوکمڕانی و تێورە دەستوورییەکان داوە لە هەردوو مودێلی سیستمەکانی «لیبراڵ دیموکراتی و مارکسی و لینینی»دا، لەمەش زیاتر، بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەتان لەسەر مودێلی چینی بۆ خاوەندارێتیی کۆمپانیا لەلایەن دەوڵەت «state-driven corporate governance models» کردووە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم مودێلەی چین تا چەند گونجاوە بۆ هەرێمە تازە گەشەکردووەکانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وەك دەبینرێت کە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و هێزی ئابووری بە قووڵی و چڕی تێکەڵی یەکتری بوون؟

- شێوازی پرۆسەی حوکمڕانی کە تیایدا دەوڵەت خاوەندارێتیی کۆمپانیاکان دەکات، بەتایبەتی وەك ئەوەی ئێستا لە سیستمی کۆمۆنیستیی چین پیادە دەکرێت، گەورەترین تەحەددای سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی کردووە، ئەمەش لە میانەی تێکەڵکردنی هێزی دەوڵەت لە گەڵ میکانیزمی بازاڕدا، لەو ناوچانە کە هاوشێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و کە تیایدا زۆر جار هەیکەلەی حوکمڕانییان ڕەنگدانەوەی تێکەڵیی هێزی دەوڵەت و میکانیزمی بازاڕ بە تەواوەتی تێیدا دەردەکەون، لەوانەیە لاساییکردنەوەی ئەو مودێلەی چین کاریگەرییەکی زۆر تایبەتی هەبێت، بەڵام مەترسیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت لاسایی ئەو مودێلە بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی هەمان پرانسیپی دامەزراوەیی و دیدیگەی ستراتیژی پیادە بکرێت، کە ئێستا لە چین پیادە دەکرێن. ئەو ئاکامە گرنگەی لە خوێندنەوەی ئەم مودێلە پێی دەگەین و دەوڵەتی چینیش

سەلماندوویەتی کە ئیدی پرۆسەی حوکمڕانی بەو پێوەرانە هەڵناسەنگێندرێن کە لەگەڵ پرانسیپەکانی لیبراڵ دیموکراسی یەك دەگرنەوە، بەڵکو پرۆسەکە بەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، تا چەند ئەو توانایەی هەیە سەقامگیری و گەشەکردن و پەرەپێدان لە وڵاتدا بەدەست بهێنێت و بیخاتە سەر ڕێگەی پەرەپێدانی بەردەوام، هەر بۆیە ئەم ئاراستەیە دەرگا لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەکرێت نموونەیەکی متوربەکراو «هێزی دەوڵەتی گشتگیر و میکانیزمی بازاڕ» دروست بکرێت، کە گونجاو بێت لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە زۆر بە وردی لەسەر پرسەکانی «ماف و بەرپرسیارێتی» بەدواداچوون بکرێت.

*** پرۆسەی کارکردنی ئێوە زۆر جاران بەرەو ئاراستەی وەرچەرخانی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانیی تەقلیدیدا ئاراستەی وەرگرتووە، ئایا بە مەزندەی ئێوە ئەو شێوازە متوربەکراوە تێکەڵاوکردنی «هێزی دەوڵەت لەگەڵ میکانیزمی بازاڕ» لە هەرێمێکی غەیرە دەوڵەتیی وەك «هەرێمی کوردستان» دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشی هەتا ئێستا ئەم هەرێمە بە فەرمی دەوڵەت نییە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە؟**

- بە دەڵنیایەوە، ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە شەرعییەتی دەستووری دووبارە پێناسە کراوەتەوە، بە جۆرێك کە دەسەڵات لە میانەی «حوکمڕانیی کاریگەر، پێوەری یەکگرتوو، هاوبەشیی نێودەوڵەتی» ددانپێدانان دەسەلمێنێت نەك تەنیا بە ددانپێدانانی فەرمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لەوانەیە ئالنگاریی سەرەکی ئەوە بێت، چۆن بتوانێت سیستمێکی دەستووری بونیاد بنێت، کە زۆ بە قووڵی لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتووریدا ڕیشە دابکوتێت، لە هەمان کاتدا دەبێت تەئکید لەسەر ئەوەش بکاتەوە کە دەبێت پابەند بێت بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ماف و حوکمڕانییەوە، هەروەها ئەم شێوازەی «دەستووریەتیی سەرووی دەوڵەت - post-state constitutionalism» لەوانەیە دەستبەجێ «سەروەریی» گەرەنتی نەکات، بەڵام دەبێتە کێڵگەیەك کە تیایدا بە تێپەڕبوونی کات تۆوی شەرعییەت و ددانپێدانانی تێدا شین دەبێت.

*** توێژینەوەت لەسەر دەستپێشخەریی پڕۆژەی «پشتێنە و ڕێگە - Belt and Road»ی چین کردووە. ئایا بە بۆچوونی ئێوە دەبێت هەرێمێکی وەك «هەرێمی کوردستان» مامەڵە لەگەڵ ئەم فراوانبوونەی ڕۆڵی چین لەسەر ئاستی یاسایی و ئابووریدا بکات، کە سنووری هەموو دەوڵەتانی تێپەڕاندووە و لە هەمان کاتدا ئەو دەسەڵاتەشی هەبێت کە بتوانێت پارێزگاری لە سەربەخۆیی سیاسی و ئەو پێورە یاساییانە بکات کە هەیکەلەی حوکمڕانییەکەی لەسەر دامەزراندووە؟**

- پڕۆژەی دەستپێخەریی پشتێنە و ڕێگە «BRI» تەنیا پڕۆژەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو ئامێرێکە بۆ سەپاندن و جێبەجێکردنی و پیشاندانی پێوەری چین بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، بۆچوونی ئەم پڕۆژەیەی دەستپێشخەریی «پشتێنە و ڕێگە» دەبێت میتۆدێکی دوولایەنە پیادە بکات، یەکەمیان گونجانێکی ستراتیژی و پارێزگاریکردنی پێوەرەکان، ئەمەش واتە هەرێمی کوردستان کاتێك دەچێتە ناو ئەم بوارانەی سەرووی نەتەوەیی، دەبێت تێگەیشتنێکی تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی بزانێت لەسەر چی دانوستاندن دەکات، لەم پرسەدا تەنیا پرسی «سەرمایە» نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی یاسایی و مەزندەکانی حوکمڕانی دەچێتە ناو ڕێککەوتنەکانەوە، دەکرێت بتوانن پایزگاری لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆتان بکەن، ئەگەر لێهاتوویی یاسایی وەك پێویست هەبێت، هەروەها دەبێت دامەزراوەکان لەو ئاستەدا بن کە بتوانن لە کاتی دانوستاندنەکاندا جەخت لەسەر هێڵی سوور و پێوەرەکانی خۆتان بکەنەوە و سازشی لەسەر نەکەن.

*** لە شرۆڤەکانتدا بۆ یاسای کۆمپانیاکان و مافەکانی مرۆڤ، جۆرێك لە شڵەژان لە نێوان گەشەی ئابووریی خێرا و حوکمڕانیی ئەخلاقیدا دەردەکەوێت، ئایا لەم چوارچێوەیەدا ڕاسپاردەتان بۆ حکومەتە تازە پێگەیشتووەکان چییە؟**

**دەکرێت نموونەیەکی متوربەکراو «هێزی دەوڵەتی گشتگیر و میکانیزمی بازاڕ» دروست بکرێت، کە گونجاو بێت لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە زۆر بە وردی لەسەر پرسەکانی «ماف و بەرپرسیارێتی» بەدواداچوون بکرێت**

**سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لەوانەیە ئالنگاریی سەرەکی ئەوە بێت، چۆن بتوانێت سیستمێکی دەستووری بونیاد بنێت، کە زۆ بە قووڵی لە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتووریدا ڕیشە دابکوتێت**

**دەکرێت بتوانن پایزگاری لە سەربەخۆیی سیاسیی خۆتان بکەن، ئەگەر لێهاتوویی یاسایی وەک پێویست هەبێت**

**دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە دارشتنی ڕێنمایی تایبەت بە سێکتەرە جیاوازەکان بکاتەوە و لەگەڵ ستانداره نێودەوڵەتییەکاندا بیانگونجێنێت و، قوناغبەندی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا بکات**

**بەتایبەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدات، کە وەبەرهێنانێکی زۆری بیانی بێنە وڵاتەکە و، لە هەمان کاتدا تا رادەیەك تواناکانی سنووردارە بۆ ڕێکخستنی ئەم پرۆسە گەورەیە؟**

- ئەو گرژییەی ئاماژەمان پێ کرد، کە میانەی گەشەی ئابووریی خێرا و بنەما ئەخلاقییەکانی حوکمڕانی سەرهەڵدەدەن، گرژییەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانرێت ئەو گرژییە تێپەڕێندرێت، کلیلی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە پشت بە مودێلێکی حوکمڕانی ببەسترێت کە زۆر بە ڕوونی پابەندبوونی بە مافەکانی دیاری کردبێت،

*** ئایا چۆن ئەو هاوسەنگییە گۆڕاوە لە نێوان سەروەریی نیشتمانی و حوکمڕانیی گلۆباڵیدا هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا ئێمە وەك کورد دەبێت چ وانەیەك لەم ئاراستە تازەیە وەربگرین، بۆ ئەوی هەوڵەکانمان ببێتە هۆکاری زیاتر پێشخستنی هاوبەشیی دیپلۆماتیمان و هەمیش لەسەر ئاستی ناوخۆ، خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین؟**

- چیتر سەروەریی نیشتمانی چەمکێکی دووانەیی «binary concept» نییە کە لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەردا کاری پێ دەکرێت، بەڵکو چەمکێکی فشۆڵە و ملکەچی دانوستاندنە و بە سیستمە جیهانییەکانی وەك «بەرپرسیایەتی، بازرگانی و یاسا» گرێ



هەتا ئەگەر بارودۆخی ئابووری ناجێگریش بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ «کاری بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ» خاڵی دەستپێکی پرۆسەکە دیاری دەکات، کە بریتین لە «چەسپاندنی بنەماکانی ئەخلاقیی حوکمڕانی بە بێ مەرجی ئەوەی کە دامەزراوەکان لە سەرەتاوە بە تەواوەتی کامڵ بووبن»، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە دارشتنی ڕێنمایی تایبەت بە سێکتەرە جیاوازەکان بکاتەوە و لەگەڵ ستاندارە نێودەوڵەتییەکاندا بیانگونجێنێت و، قوناغبەندی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا بکات، ئەمەش متمانە دروست دەکات و سەرنجی وەبەرهێناران ڕادەکێشێت و بناغەیەکی پتەو بۆ ڕێکخستنی کارەکان لە داهاتوودا دادەڕێژێت.

دراوەتەوە. بۆ ئێستای کورد دەبێت لەوە تێبگەن کە پرسی «بڕیاردانی چارەنووس» تەنیا لە دیدی سنوورەکانەوە سەیر ناکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە دیدی «پابەندبوونی یاسایی، دانانی پێوەر، شەرعییەتی دامەزراوەکان»ـەوە سەیر دەکرێت. داهاتوو بۆ ئەو حکومەتانەیە کە زۆر چالاکانە دەتوانن لە چوارچێوەی هەیکەلییەتی حوکمڕانیی فرەسەنتەردا کار بکەن، هاوسەنگی لە نێوان خواستی لۆکاڵی و مەزندە نێودەوڵەتییەکاندا ڕابگرن، هەنگاوهەڵگرتنی هەرێمی کوردستان بۆ پێشەوە تەنیا لە میانەی سەربەخۆیی فەرمیدا نایەتەدی، بەڵکو لە میانەی تێکەڵبوون و خۆچەسپاندن لە ناو چوارچێوە جیهانییەکەدایە کە پاداشتی ئەوانە دەدەنەوە کە دەتوانن ڕێز لە مافەکان بگرن.

**پرسی «بڕیاردانی چارەنووس» تەنیا لە دیدی سنوورەکانەوە سەیر ناکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە دیدی «پابەندبوونی یاسایی، دانانی پێوەر، شەرعییەتی دامەزراوەکان»ـەوە سەیر دەکرێت**

**هووشەنگ حەسەن یاری**
**پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆلێژی سەربازیی شاهانەی کەنەدا بۆ گوڵان:**

# لە هەندێ پرسدا هیچ سەرۆکێکی پێشووی ئەمریکا هێندەی ترەمپ سەرکەوتوو نەبووە

هووشەنگ حەسەن یاری، پرۆفیسۆری سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرسە ستراتیژی و سەربازییەکانە لە کۆلێژی سەربازیی شاهانەی کەنەدا لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە تا ئێستا و، پێشتریش (١٩٩٣-١٩٩٤) پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تارانی پایتەختی ئێران. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە کاریگەریی ئەدای ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی ترەمپ لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و کێشەکان و ڕاددەی سەرکەوتن و شکستی لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا.

دیمانەی تایبەت



*** سەرەتا، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئێوە وەك کەسێکی تایبەتمەند و پسپۆڕی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چۆن لە ئەدای ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ دەڕوانن؟ ئایا ئەم ئیدارەیە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هێناوە، بەتایبەتی کە پتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەسەر دەستبەکاربوونی ئەم ئیدارەیەدا تێپەڕیوە؟**

- سەرەتا با لەو ڕاستییەوە دەست پێ بکەین، کە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کەسایەتیی سەرۆکی ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی هەیە، لێرەدا گرنگترین پرس و پرسیار لە پەیوەندی بە ئەدای ئیدارەی ئەمریکاوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئیدارەی ئێستاوە، ئەوەیە کە خودی دۆناڵد ترەمپ کەسایەتییەکی زاڵی هەیە و کەسی باڵادەستە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە بەراوردی بکەین بە کەسایەتیی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (جۆ بایدن) ئەوا هەست بە جیاوازییەکی گەورە دەکەین لە نێوانیاندا. دواتر ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە سەرۆك ترەمپ زۆر توندە لە ڕێچکە و ڕێگەچارەی کارکردنی لە بەرانبەر هەر پرسێکدا، ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە کاروبارە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو پرسە دەرەکییەکانیش دەگرێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت بڵێین: سەرۆك ترەمپ شۆڕشێك لە تێکڕای سیستمەکەدا بەرپا دەکات، هەروەها کەسایەتیی ترەمپ بە چەشنێکە کە زۆر پابەند نابێت بە پەیڕەوکردنی نۆرم و پرۆتۆکۆلەکانەوە، ئەو زیاتر پابەندە بە نووسینگەی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەیەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە من گوتم: شۆڕشێك بەرپا دەکات، چونکە ئەگەر بەراوردی

بکەیت بە سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا، ئەوا ئەو سەرۆکانە زۆر پێوانەیان دەکرد، بۆ ئەوەی دەیڵێن و ئەو هەنگاوانەی هەڵیاندەگرت لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا.

*** زۆر باشە، ئێوە باسی کەسایەتیی جیاوازی دۆناڵد ترەمپتان کرد، ئاماژەتان بەوە کرد کە کەسایەتیی زاڵ و جیاوازی هەیە، ئایا ڕەنگدانەوە و لێکەوتەکانی ئەم جیاوازییە لە کوێدا زیاتر بەرجەستە و زەق بووەتەوە؟**

- ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە نموونەیەك بکەین کە پەیوەستە بە سەردانەکەی سەرۆکی ئۆکرانیا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بینیمان لە نێو نووسینگەی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا بە چ جۆرێك ڕەفتار و مامەڵەی لەگەڵدا کرا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە لە سایەی ئیدارەی سەرۆکەکانی پێشوودا (جۆرج بوش، باراك ئۆباما، جۆ بایدن) نەدەتوانرا وێنای ئەوە بکرێت، کە ڕووداوێکی لەم چەشنە ڕوو بدات. کەواتە ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دۆناڵد ترەمپ ڕێچکە و ڕێبازێکی دەگمەن و تایبەت بە خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و کاروبارەکاندا، لێرەدا دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە ئەو ڕێچکە توندەی ئەو گرتوویەتەبەر، تا ڕاددەیەك بووەتە هۆی ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

*** زۆر ڕەخنە لە ئیدارە و ئەدای دۆناڵد ترەمپ گیراوە، هەم لە ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەمیش لە دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەڵام لێرەدا ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە توندبوونی ڕێچکەکەی هۆکارێکی سەرکەوتنی بووە، دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

- ئەگەر لێرەدا نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا دەکرێت باس لەو پرۆسەی گفتوگۆیە بکەین کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هێناویەتە ئاراوە لەگەڵ وڵاتی ئێراندا، کە هیچ سەرۆکێکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە سەردەمی جیمی کارتەرەوە تا ئێستا، هێندە سەرکەوتوو نەبووە لە لابردنی ئەو لەمپەرانەی ئێران بۆ سەرکردایەتییەکەی دروستی کردوون. ئەوە بوو سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە پێویستە بێن و گفتوگۆ لەبارەی ئەم پرسانەوە بکەن، ئەوانیش بە پیر ئەم ڕاگەیاندنەوە هاتن و دەستیان بە گفتوگۆ کرد، ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین جار ئێران ڕایگەیاند کە ئەمە شتێکە و ڕوو نادات.

*** بەڵام ئەوەی ڕوونە کە ئەم ڕێچکە جیاوازەی ئیدارەکەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ تەنیا پەیوەست نییە بە ئێرانەوە، بەڵکو دەکرێت بڵێین توند بووە، تەنانەت لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانیشیدا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بەڵێ، ئێمە هەمان شێوازی مامەڵە (گرتنەبەری ڕێچکەیەکی توند)مان بەدی کردووە لەگەڵ ئەورووپا هەروەها لەگەڵ ناتۆدا، بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕووسیا و چیندا، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە گرێ

**سەرۆک ترەمپ زۆر توندە لە ڕێچکە و ڕێگەچارەی کارکردنی لە بەرانبەر هەر پرسێکدا، ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە کاروبارە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو پرسە دەرەکییەکانیش دەگرێتەوە**



بدەینەوە بە پرسیاری یەکەمتانەوە، کە پەیوەست بوو بە ئەدای ئەم ئیدارەیە لە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەسەر دەستبەرکاربوونیدا، ئەوا دەکرێت بڵێین سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەندێ دەستکەوتی هەبووە و بەدەستی هێناون، ئەگەرچی ئەو خۆی خوازیارە بگوترێت کە زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەگەر ئێمە بێین و ئەو هەموو پرس و بەڵێنانە لەبەرچاو بگرین کە ئەو درووژاندنی و ئاماژەی بەوە کرد کە دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستیان بهێنێت و ئەنجامیان بدات، ئەوا ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە تۆمارێکی تێکەڵی هەیە لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە شکستێکی ڕوون و نکۆڵی لێ نەکراو لە سەرجەم بوار و ڕەهەندەکاندا بەدی ناکەین، هەروەك چۆن ناتوانین بڵێین کە سەرکەوتنێکی حاشالێنەکراو و بەرچاویش لە تێکڕای پرس و بابەتەکاندا بەدی هاتووە. ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی لە نێو چەندین پایتەختی وڵاتاندا نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دروست ببێت.

*** ئێوە دەڵێن سەرۆك ترەمپ تۆمارێکی تێکەڵی هەبووە لە شکست و سەرکەوتن لەم ماوەیەی کە دەستبەکار بووە، هەرچەندە ماوەیەکی کەمە، بەڵام هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، ئەو خۆی بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە دەتوانێت لە ماوەیەکی پێوانەیی و کورتدا زۆر شت یەکلا بکاتەوە، لێرەدا دەمانەوێت بپرسین لە چیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کە بکرێت پەنجەی بۆ ڕابکێشرێت؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە زۆر بەرچاوە، بابەتی بودجەی بەرگریی وڵاتانی ئەندامی ناتۆیە، چونکە ئێمە دەزانین کە سەرۆك ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەشیدا، تێکڕای وڵاتانی ئەندامی ناتۆی ناچار کرد کە بوودجەی بەرگری زیاد بکەن و زیادیشیان کرد. لێرەدا سەرکەوتنەکە زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە نزیکەی تێکڕای سەرۆکەکانی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ و کۆششی لەم چەشنەیان دا و کاریان بۆ ئەوە کرد کە ئەو وڵاتانە وا لێ بکەن، هەنگاوێك لەم شێوەیە هەڵبگرن، بەڵام لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، تەنیا دۆناڵد ترەمپ بە ڕاستی دەتوانێت وایان لێ بکات، بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرن.

*** سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندووە کە ئەو دەیەوێت بەو شێوەیە باسی بکرێت کە ئەو کۆتایی بە شەڕەکان هێناوە، نەك پەنای بردبێتەبەر بەرپاکردنی شەڕ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرێکی دیکەی شەڕی بەرپا کردووە، کە بریتییە لە شەڕی ئابووری، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەو شەڕە بازرگانییەی کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ دەیکات، هەمان شەڕ لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیشی، لە نێویاندا وڵاتانی کەنەدا و مەکسیك، بە هەمان شێوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاشدا، هەمووی بۆ ئەوەیە کە وەك سەرۆکێکی ناسیۆنالیستی لێی بڕوانرێت، سەرۆکێك کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی پێش بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دیکە دەخات.

*** با ئەم پرسیارەمان پەیوەست بێت بە هۆکاری سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، یان ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، کە تا ڕاددەیەك سەرکەوتوو بووە، پرسیارەکەی ئەوەیە ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کەمتر باوەڕی بەوە هەیە کە لە ڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کار بکات و پتر پێی وایە کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشە و قەیرانەکاندا بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەو پێی وایە دامەزراوەکان، بەتایبەتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر قورس هەنگاو هەڵدەگرن، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە مامەڵەی ئەم ئیدارەیە لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕوانین، ئەوا ئەوەی بەدی دەکەین، کە زۆر پشت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نابەستێت، بە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی جۆبایدن بەدیمان کرد. ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە ئەوا ترەمپ پێی وایە ئەو دەتوانێت پرۆسەیەك بخاتەگەڕ و دواتر ئەوانی دیکەش شوێنی دەکەون.



**کەسایەتیی ترەمپ بە چەشنێکە کە زۆر پابەند نابێت بە پەیڕەوکردنی نۆرم و پرۆتۆکۆلەکانەوە، ئەو زیاتر پابەندە بە نووسینگەی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەیەوە**

**هیچ سەرۆکێکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە سەردەمی جیمی کارتەرەوە تا ئێستا، هێندە سەرکەوتوو نەبووە لە لابردنی ئەو لەمپەرانەی ئێران بۆ سەرکردایەتییەکەی دروستی کردوون**

**سەرۆک ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەشیدا، تێکڕای وڵاتانی ئەندامی ناتۆی ناچار کرد کە بوودجەی بەرگری زیاد بکەن و زیادیشیان کرد**

مێلیندا نێگرۆن گۆنزالێس
سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی نیو هامشایەر بۆ گوڵان:

# ئەگەری دواخستنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان مەزڵووم عەبدی و ئەحمەد شەرع هەیە

مێلیندا نێگرۆن گۆنزالێس، سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنییە لە زانکۆی نیو هامشایەر، هەروەها وانەبێژی بواری دیراساتی جیهانی و سیاسەتی بەراوردکارییە و لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرس و بابەتی گرنگ دەدات، وەك بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ، نۆرمە نێودەوڵەتییەکان و برەودان بە ئاسایشی مرۆیی (بەتایبەتی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن)، دوایین توێژینەوەکانیشی پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ و شرۆڤەکاریی ئەوەی چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن دەوڵەت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، کاتێك دەست دەدەنە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە سەروەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی ئەو دۆخەی لە ئێستادا لە سووریا لە ئارادایە و ئەو ئالنگاری و دژوارییانەی ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەدای حوکمڕانی نوێی وڵاتەکە و ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە گرتوویانەتەبەر، لە نێویاندا ڕاگەیاندنی دەستووری و ئەگەری ئەوەی دەکرێت دۆخەکە بەرەو باشتر ببەن، و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



# دیمانەی تایبەت

*** هەروەك ئاشكرایە كە دۆخێكی نوێ لە وڵاتی سووریا هاتووەتەئاراوە و ڕاستە لەم وڵاتەدا دەسەڵاتە دیكتاتۆرییەكەی پێشوو لە ئارادا نەما و بە چەشنێكی پێشبینی نەكراو ڕووخا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت كە ڕێگە بۆ ئەم وڵاتە تەخت بووە و هیچ مەترسییەكی لەسەر نەماوە. بە دید و تێڕوانینی ئێوە گرنگترین و سەختترینی ئەو ئالنگاری و دژوارییانە چین كە لە ئێستادا ڕووبەڕووی سووریا بوونەتەوە؟**

- دەمەوێت لەوەوە دەست پێبكەم، كە پێم وایە لە ئێستادا بنیادنانەوەی ژێرخانە بنەڕەتییەكەی سووریا و دووبارە بووژاندنەوەی ئابوورییەكەی گرنگییەكی لە ڕاددەبەدەریان هەیە بۆ باشتركردن بارودۆخ و گوزەرانی خەڵكی سووریا، دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ وڵاتەكەیان ڕووبەڕووی وێرانكاری بووەوە. دواتر ئەوە ڕوونە كە بەدەستهێنانی پەرەپێدانێكی درێژخایەنی بەردەوام پەیوەستە بە نەمان و كۆتاییهێنان بە شەڕەوە، واتە ئەگەر ئاشتی لە ئارادا نەبوو و باڵادەست نەبوو، ئەوا گەشەكردنی بەردەوامیش بەدی نایەت و بەدەست ناهێنرێت. ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە لە دۆخەكە بڕوانین، ئەوا ئاشكرایە كە خەڵكی سووریا ڕووبەڕووی دوو ئالنگاری پێكەوە گرێدراو و بەپەلە بوونەتەوە، كە بریتین لە پێكەوەگونجاندنی دید و تێڕوانینە دژ بە یەكەكان بۆ ئایندەی وڵاتەكە و ڕێگریكردن لەوەی دووبارە وڵاتەكە نەخزێتەوە نێو زۆنگاوی شەڕی ناوخۆیی.

*** لە میانەی وەڵامەكەتاندا دەستنیشانی هەندێ ئاڵنگاریی گرنگتان كرد، كە ئەمانە بوونەتە بەربەست لەبەردەم باشتربوونی دۆخەكەدا و، ئەگەر وەك پێویست ئاوڕی**

**جددی و بەپەلەیان لێنەدرێتەوە، ئەوا وڵاتەکە پاشەکشە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوەختی شەڕ و وێرانکاری. ئایا پێویستە لەم ڕووەوە چی بکرێت و ئایا ئەوەی کراوە لە ئاستی پێویستدا بووە؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دوو دەستپێشخەریی سەرەکی هەن، کە حکومەتی نوێی سووریا خستوونیەتیەڕوو: یەکەمیان گەڵاڵەکردنی چوارچێوەیەکی ڕاگوزەرییە لە ڕێی دارشتنی دەستوورێکی کاتی و دەست درێژکردن بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، لە نێویاندا گفتوگۆ ئاست بڵەندەکان و ڕێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراسی کە کورد سەرکردایەتی دەکات. هەروەها بەرگرتن بەوەی ڕووبەڕووبوونەوەکان سەرنەکێشن بۆ دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ، کە یەکێکی دیکەیە لە ئەولەوییەتە هەر بەپەلەکانی بەردەم حکومەتە نوێیەکە. چونکە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە وڵاتەکە بەدەست دابەشبوونەوە دەناڵێنێت، چەندین گرووپی چەکداری لە ئارادان و بوونیان هەیە، لە نێویاندا داعش، کە هێشتا چالاکن. ئەمەش حاڵەتێکی ناباو نییە لە وڵاتانی دوای شەڕدا. بەڵام مەترسییەکانیش زۆر و گەورەن، بە چەشنی ئەو شەپۆلی توندوتیژییەی لە شارەکانی سەر کەنارەکان بینیمان.

*** ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیاریکراوتر بکەین، ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڕەشە و مەترسیی ئەم گرووپە چەکدارانە چارەسەر بکرێت و ڕێگە نەدرێت جارێکی دیکە ئەم وڵاتە بەرەو شەڕی وێرانکاری ناوخۆیی بچێت؟**

- من پێم وایە پێویستە هەوڵ و کۆششی بەردەوام بدرێت بۆ چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئەم گرووپە چەکدارانە، مەبەستم تواندنەوە، یان ئاوێتەکردنی ئەم گرووپە چەکدارانەیە لە نێو سوپای یەکگرتووی نیشتمانی. هەروەها پێویستە حکومەت بە ڕوونی خۆی بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانی کاتێک هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەت مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، بە چەشنی ئەوەی لە بەرانبەر تایەفەی عەلەوییەکاندا ئەنجامیان دا. هەروەها ئەم چەکداماڵین و ئاوێتەکارییە گرێدراوی ئاوێتەبوونی سیاسییە. ئێمە دەزانین لە میانەی ئەو جەنگەی کە وڵاتی سووریا پێیدا تێپەڕی، بونیادی بەدیلی حوکمڕانی هاتەئاراوە، کە بە زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لێدەکرد، مەبەستم ئیدارەی ئۆتۆنۆمییە بە سەرکردایەتیی کوردی ئەم وڵاتە. ئەم قەوارانە مایەی ئالنگارییەکی ئاڵۆزن. بنیادنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێویستی بە ئەنجامدانی گفتوگۆ هەیە، بۆ تواندنەوە، یان ئاوێتەکردنەوەی ئەو قەوارە سیاسییانەی لەئارادان، ئەمەش پرۆسەیەکە کە پتر بەندە بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی بنیادنانی متمانەوە، بەتایبەتی لە نێوان بەرپرسانی حکومەت و کەمینەکان. دواتر، سەرۆک ئەحمەد ئەل شەرع پێویستی بەوەیە پارێزگاری لە بنکە ئیسلامییە بنەڕەتییەکەی بکات، هێنانەئارای ئەم هاوسەنگییەش کارێکی زۆر زەحمەتە.

*** وەك کەسێکی تایبەتی و شارەزای بواری حوکمڕانیی باش، چۆن پێناسەی ئەو حوکمڕانییەی ئێستای سووریا دەکەن، ئایا وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو، یان لە سەروبەندی شکستیدا، یان بە دەوڵەتێکی لەرزۆك لێی دەڕوانن، یان پێتان وایە هێشتا کات زووە بۆ ئەوەی حوکمی لەسەر بدرێت؟**

- خۆی لە خۆیدا حکومەتە ڕاگوزەرییەکانی دۆخی دوای شەڕ و ناکۆکی لە بنەڕەتدا لە پێگەیەکی ناسك و لەرزۆکدان، هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی دامەزراوەییشەوە. بە چاوپۆشین لەوەی سووریا وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو وەسف بکەین، یان نا، ئەوا دامەزراوەکانی بێئەندازە لەرزۆکن، بۆ ماوەیەکی دیکەش بەم شێوەیە دەمێننەوە، بنیادنانی متمانەش چەندین ساڵی پێویستە.

*** هەروەك لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان پێدا، حکومەتی نوێی سووریا چەند هەنگاوێکی هەڵگرتووە، لە نێویاندا ڕاگەیاندنی دەستووری و کۆبوونەوە لەگەڵ کوردی وڵاتەکەدا، با بە دیاریکراوتر پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئێوە چۆن لە جددییەت و کارایی ئەم ڕێکار و هەنگاوانە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە دەبنە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی متمانە- کە ئێوە زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە-، ئایا**

**بەدەستهێنانی پەرەپێدانێکی درێژخایەنی بەردەوام پەیوەستە بە نەمان و کۆتاییهێنان بە شەڕەوە**

**بنیادنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێویستی بە ئەنجامدانی گفتوگۆ هەیە، بۆ تواندنەوە، یان ئاوێتەکردنەوەی ئەو قەوارە سیاسییانەی لەئارادان**

**حکومەتە ڕاگوزەرییەکانی دۆخی دوای شەڕ و ناکۆکی لە بنەڕەتدا لە پێگەیەکی ناسک و لەرزۆکدان، هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی دامەزراوەییشەوە**



**دەبنە هۆی بەهێزکردنی ڕایەڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟**

- ئێمە دەزانین هەر زوو ڕەخنە لە پرۆسە و لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنە دەستوورییەکەی سووریا گیرا، ئەویش لەبەر ئەوەی گشتگیر نەبوو و هەمووانی لەخۆ نەگرت و بە ڕاددەیەکی زۆریش دەسەڵاتی بە مەرکەزی کرد. کە ئەمانەش ڕەخنەی ڕەوا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە خەڵکیش بە ئازادی توانی گوزارشت لە ڕەخنەکانی بکات. مەبەستم ئەوەیە کە دروستکردنی بوار و پانتاییەك بۆ ڕەخنەگرتن ئەوە دەخاتەڕوو کە بەرپرسانی وڵاتەکە گوێ دەگرن، و بە ڕوونی ئەو هەنگاوانە بۆ خەڵك ڕوون دەکەنەوە، کە دەیانگرنەبەر بۆ بنیادنانی سیستمێکی گشتگیر و بەرپرسیارێتی کە بتوانێت، پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی دەستەبەر بکات، کە دەکرێت ئەمەش هەنگاوێك بێت بە ئاراستەی پێکەوەگونجاندنی دید و تێڕوانینە جیاواز و ناکۆك بە یەکەکان و خۆلادان لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیی.

*** با دوایین پرسیارمان لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان مەزڵووم عەبدی و ئەحمەد ئەل شەرع بێت، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەم ڕێککەوتنە و تێڕوانینتان لەسەر ناوەڕۆکەکەی چییە و ئایا چی لێدەکەوێتەوە؟**

- ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوان فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکراتی (مەزڵووم عەبدی) و سەرۆکی سووریا (ئەحمەد ئەل شەرع)، زەمینەسازییەك دەستەبەر دەکات بۆ پرۆسەی ئاوێتەکاری. ڕێککەوتنەکە پێکهێنانی کۆمیتەکان بۆ چاودێرکردنی جێبەجێکردنی لەخۆ دەگرن، کە ئامانجەکە ئەوەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت. ئەمە دەستپێکێکی باشە، بەڵام ئەو خشتە زەمەنییە گەشبینییەکی تا ڕاددەیەك زیاد لەخۆ دەگرێت. بە داخەوە، ئەگەری ئەوە هەیە بێ متمانەیی نێوان هەردوولا ببێتە هۆی دواخستنی جێبەجێکردنی، دواخستنیش ئاساییە ئەگەر هەوڵی نیازپاکانە هەبێت لە هەردوو لاوە، بۆ ئەوەی درێژە بە گوڕوتینی نێوانیان بدەن. ئایا هەر لایەك ئامادەن سازش لەسەر چی بکەن؟ ئایا خاڵی ناکۆکی بریتی دەبێت لە ڕاددەی ئاوێتەبوونی هێزەکانی سووریای دیموکراتی لە نێو سوپادا؟ یەکێك لە خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکە بریتییە لە ددانپێدانان بە کۆمەڵگەی کوردی وەك بەشێکی ڕەسەنی سووریا، کە ئەمەش زامنی هاووڵاتیبوون و مافە دەستوورییەکان دەکات. ئەمە گرنگە، بەڵام بەس نییە بۆ ڕازیکردنی پارتە کوردییەکان.

**هەر زوو ڕەخنە لە پرۆسە و لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنە دەستوورییەکەی سووریا گیرا، ئەویش لەبەر ئەوەی گشتگیر نەبوو و هەمووانی لەخۆ نەگرت و بە ڕاددەیەکی زۆریش دەسەڵاتی بە مەرکەزی کرد**



**د. سیامەک بەهرامی**

مامۆستای پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی کرماشان لە ئێران بۆ گوڵان:

# هەولێر وەکو ناوەندێکی لەدایکبوونی میحوەری کورد دەتوانێت ئابوورییانە بیر بکاتەوە و هاوسەنگییش لە پەیوەندییەکانیدا بنوێنێت

# گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە لەناوچوونی هێزی دەوڵەت بە مانا کلاسیکییەکەی و لەدایکبوونی هێزە نادەوڵەتییەکان کۆتایی دێت

## بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری چیتر لەگەڵ دروستکردنی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نین، ئەوان بەدوای قازانجی ئابوورییەوەن و پێویستیان بە ئاشتییەکی سەقامگیر هەیە

**دکتۆر سیامەك بەهرامی، پسپۆڕ و شارەزا لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی کرماشان لە وڵاتی ئێران، خاوەنی چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتە بە بابەتە ستراتیژییەکانی گۆڕانکاریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرسی کورد. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجام دا لەسەر پرسی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی کورد لەناو گەرمەی ئەم گۆڕانکارییانەدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکارییەکی لە ڕاددەبەدەری بە خۆیەوە بینی، بەڵام هەر وەکو چاوەڕوانکراو بوو، دۆخەکە سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینی و بەردەوام لە نائارامی و ئاڵۆزبووندایە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەکو پسپۆڕێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئایا ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە تا چەند سیستەمی نوێی جیهان و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟

- ئەم گۆڕانکارییە نوێیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا ماویەتی و لە سەرەتادایە، چونکە گۆڕانکارییەکان زیاتر پرۆژەیەکی ئابوورییە، بەر لەوەی سیاسی بێت، بە ململانێ و بەرژەوەندییەکان دەستیان پێکردووە و، حاڵەتێکی وا دروست دەبێت، کە گەلێك هێزی نادەوڵەتی لەدایك دەبێت و، جەمسەرە گەورەکانیش هەر یەکەو بەپێی توانا و دەسەڵاتی خۆی سوود لەم کاراکتەرە نادەوڵەتییە تازانە وەردەگرن. بۆیە لێرەدا پێویستە کورد هاوسەنگیی خۆی لەگەڵ ئەم زلهێز و فرەجەمسەرانە ڕابگرێت، چونکە بارودۆخەکە لە حاڵەتی دابەشکردنی هێز و یەك جەمسەریدا نەماوە، کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان خاوەنی نفووز و هێز و بگرە نەخشەی خۆیان دەبن، تەنانەت ئەوەتا خودی دەوڵەتە جەمسەرە گەورەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. من گۆڕانکارییەکان دەبەمەوە بۆ دوو گۆڕانکاریی بنەڕەتی کە ڕیشەیان هەیە، کە یەکێکیان لە پێشەنگی ئەوی دیکەوە دێت و

پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانی سەر ئاستی سیستمی نێودەوڵەتییەوە هەیە، کە لە ساڵی نەوەدەکان بۆ شێوازی فرەجەمسەری گۆڕاوە، واتا دەسەڵاتی یەکەم و تاکە چالاککەری دەوڵەت لەم فرەجەمسەرییە بووە، تەنانەت چالاکە نادەوڵەتییەکانیش لە ڕێگەی ئەو هێزەوە کە چالاککەرە فرەجەمسەرییەکەیە ڕۆڵ و پێگەیان وەردەگرت و چالاك بوون، هەر کاتێك جەمسەرەکان ویستبێتیان توانیویانە هێزەکەی لێ وەربگرنەوە، بەڵام لە شێوازی سەرجەمی فرەیی دەوڵەت چیتر یەکەم و تاکە چالاککەر نییە، لەم شێوازەدا هێز بڵاو بووەتەوە و دابەشکردنی لە دەستی دەوڵەتەکان دەرچووە. لەم دۆخەدا چالاککەرە نادەوڵەتییەکان هەم توانای بەدەستهێنانی هێزیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەتەکان هەیە، هەم توانای دامەزراندنی ئەم هێزەیان پەیدا کردووە. لە هەمان کاتدا ئەم چالاککەرە نادەوڵەتییانە چیتر پابەندی بنەما دەوڵەتییەکان نین و توانای دروستکردنی سەرۆکایەتییەکانی جیاواز لە سەرۆکایەتیی دەوڵەتییان هەیە. ڕەنگە لەدایکبوونی میحوەری کوردی ببینین، ئەوەتا هەرێمی کوردستان کە دەوڵەت نییە، کەچی دەتوانێت وەکو دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات، ئەگەر دامەزراوەکانی بەهێز بکات، ئیتر گرنگ نییە لەنێو خودی هەرێمەکە یان میحوەرە کوردییەکە حوکمڕانیی جیاوازیش هەبێت. ئەم حاڵەتە پێشتریش بە شێوازی جیاواز سەریهەڵدا و دروست بوو. دەتوانین باسی سەرهەڵدانی چالاککەرەکانی جیاواز لە سیستمی دەوڵەتی بکەین، وەك داعش کە ئامانجی دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی بوو، ئەلقاعیدە بە ئامانجی دروستکردنی ئیماراتی ئیسلامی و، پەکەکە بە ئامانجی دروستکردنی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك و، کوردانی سووریا بە ئامانجی دروستکردنی کانتۆنە دیموکراتییەکان و کوردانی عێراق بە دروستکردنی سەرۆکایەتییە حزبی-شارستانییەکان. هەروەها سەرۆکایەتییەکانی وەك فەڵەستین و حزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەنیش دەتوانرێن ئاماژەیان پێ بکرێت. ئەم چالاککەرانە هەم توانای بەدەستهێنانی هێز و هەم دامەزراندنی ئەو هێزەیان ئەزموون کردووە و هەریەکەیان دامەزراوەیەکی تایبەتیان بۆ سەرۆکایەتی دروست کردووە، کە جیاوازە لە دەوڵەت.

ئەمە بەو مانایەیە کە کاریگەریی شێوازی سەرجەمی فرەیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو چوون، یان لاوازبوونی قۆناغ بە قۆناغی دەوڵەت بووە، بە مانا کلاسیکییەکەی و شێوازی کۆبوونەوەی هێز. ئەم سەرۆکایەتییە نوێیانە کە لە پێکهاتەی فرەیی هێزەوە کاریگەرن، ناتوانن خۆیان بگۆڕن بۆ دەوڵەتێکی ناوەندی، بەڵکو لە هەمان کاتدا، ئەگەر لە هێزەوە دووبارە لاواز بن، توانای دووبارە دروستکردنی خۆیانیشیان هەیە. سنوورەکانی ئەم جۆرە سەرۆکایەتییانە بە هۆی تایبەتمەندیی فرەیی هێزەوە، هەم دەتوانرێت فراوان بکرێت و هەم کەم بکرێتەوە، چونکە لە ناو خۆیانەوە هێزەکانی نوێ دەتوانن سەرهەڵبدەن کە سەرۆکایەتییەکەیان پارچە پارچە بکەن.

*** کەواتە بەپێی ئەم لێکدانەوە و بۆچوونەتان بێت، دەوڵەتە کۆنەکان بەرەو پارچەپارچەبوون دەچن. ئایا لەم دۆخەدا تا چەند هەرێمی کوردستان دەبێتە کۆکەرەوەی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان؟**

- لەم دۆخەدا، نەك تەنیا دەوڵەتە کۆنەکان بەرەو پارچەپارچەبوون دەچن، بەڵکو دەوڵەتە نوێیەکانیش پێك نایەن، بگرە ڕەنگە زیانیشیان پێ بگەیەنێت، لە باشترین دۆخدا ئەم سەرۆکایەتییە نوێیانە دەتوانن لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکی ناوەندی ئاراستەکانی نوێ پێك بێنن. دەتوانین بڵێین کە لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین ئاراستەی چالاکمان هەیە، وەك ئاراستەی شیعە، ئاراستەی کوردی، ئاراستەی توورانی، ئاراستەی عیبری، ئاراستەی ئیخوانی و.. هتد. کە هەندێکیان ئاراستەی قەیرانسازن و هەندێکی دیکە ئاراستەی کۆنترۆڵکردنی قەیرانن، هەروەها هەندێك لەم ئاراستانە توانای پێکهێنانی هاوپەیمانییە کاتی و تاکتیکییەکانیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لە نێو ئەمانەدا، ئاراستەی کوردی یەکێك لە ئاراستە سەرەکی و ستراتیژییەکانە کە بە ناوەندبوونی هەولێر دەتوانێت، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕانکارییەکانی

**بارودۆخەکە لە حاڵەتی دابەشکردنی هێز و یەک جەمسەریدا نەماوە، کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان خاوەنی نفووز و هێز و بگرە نەخشەی خۆیان دەبن**

**ئاراستەی کوردی یەکێک لە گرنگترین ئاراستەکانە کە پۆتەنسیەلێکی زۆری هەیە بۆ یەکخستن لە کۆریدۆرە ئابوورییە سەرهەڵدەرەکانی هەرێمەکە**

**جگە لە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان، هۆکاری دیکە کە کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی هەرێمەکە هەیە، پێشبڕکێی ئابووریی ئەمەریکا و چینە**

**هەردوو دەوڵەتی چین و ئەمریکا بەدوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی ئارام و سەقامگیرن بۆ وەبەرهێنانی ئابووری**

هەرێمەکە و میحوەری کوردی هەبێت. ئەم ئاراستەیە ئاراستەیەکی کۆنترۆڵکردنی قەیرانە کە نزیکە لە ڕۆژئاوا و توانای هاوپەیمانی تاکتیکی و کاتی لەگەڵ ئاراستەکانی عیبری، ئیخوانی، تەنانەت شیعەشدا هەیە. لە هەمان کاتدا، ئاراستەی کوردی یەکێك لە گرنگترین ئاراستەکانە کە پۆتەنسیەڵێکی زۆری هەیە بۆ یەکخستن لە کۆریدۆرە ئابوورییە سەرهەڵدەرەکانی هەرێمەکە، بەهۆی پێگەی ژێئۆستراتیژیك و ژێئۆئابووریی خۆیەوە.

*** ئاماژەت بەوەدا کە ئەم گۆڕانکارییانە لە بنەڕەتدا لە ململانێی ئابووری و پڕۆژەی ئابوورییەوە زیاتر سەرچاوەی گرتووە، وەك**

هاوسەنگی لە پەیوەندی لەگەڵ هەردوو کۆریدۆرەکەدا هەبێت.

هەردوو دەوڵەتی چین و ئەمریکا بەدوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی ئارام و سەقامگیرن بۆ وەبەرهێنانی ئابووری، بۆیە چیتر پێویستییان بە چالاککەرەکان، یان ئاراستەکانی قەیرانساز نییە، هەر چالاککەر، یان ئاراستەیەك کە هەوڵی قەیرانسازی لە هەرێمەکە بدات، ڕووبەڕووی فشار و زیانی زۆر و تەنانەت لەناوچوون دەبێتەوە. بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری دوای ئەم گۆڕانکارییانە چیتر لەگەڵ دروستکردنی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، ئەوان بە دوای قازانجی

**کورد لە ئێستاوە پێویستە پڕۆژەی دەوڵەتخوازی بەلاوە بنێن و زیاتر لەسەر پرۆژەی ئاراستەی کوردی بیر بکەنەوە**



**لەوەی پڕۆژەی سیاسی بێت. ئایا مەبەستت ململانێی ئابووریی نێوان چین و ئەمریکایە؟**

- جگە لە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان، هۆکاری دیکە کە کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی هەرێمەکە هەیە، پێشبڕکێی ئابووریی ئەمەریکا و چینە، هەم لە ئاستی سیستمی نێودەوڵەتی و هەم لە ئاستی هەرێمەکە. یەکێك لە نموونە سەرەکییەکانی ئەم پێشبڕکێیە کۆریدۆرە ئابوورییە پێشبڕکێیەکانە لە هەرێمەکە، کۆریدۆری «یەك کەمەر، یەك ڕێگا»ی چینەکان و کۆریدۆری «ئایمك» کە پشتیوانی ئەمریکییەکانە. تەنانەت ئاراستەی کوردی توانای یەکخستنی لە هەر دوو کۆریدۆرەکەدا هەیە، هەرچەندە نزیکایەتییەکەی لە کۆریدۆری پشتگیریی ئەمریکییەکان زیاترە، بەڵام لەم بارەیەوە هەولێر وەك ناوەندی میحوەری ئاراستەی کوردی پێویستە دیپلۆماسییەکی

ئابووری لەم هەرێمەدا پێویستیان بە ئاشتییەکی سەقامگیر هەیە، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە کە کورد وەك ئاراستەیەکی کۆنترۆڵکردنی قەیران پێویستە کەڵکی لێ وەربگرن و دەرفەتەکان لە دەست نەدەن. لەم ڕێگایەدا کورد لە ئێستاوە پێویستە پڕۆژەی دەوڵەتخوازی بەلاوە بنێن و زیاتر لەسەر پرۆژەی ئاراستەی کوردی بیر بکەنەوە، چونکە ناکۆکییەکان و داواکردنی باوانیەتی ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن هەر یەکێك لە ڕەوتەکانەوە دەتوانێت ئەم دەرفەتە مێژووییەیان لێ بسێنێتەوە. کوردەکان ئەمڕۆ لە پێگەیەکی تایبەتیی مێژوویدان، کە دەتوانن دروستکەری دامەزراوەکانی پێشکەوتووی سەرۆکایەتی لە هەرێمەکەدا بن. دامەزراوەکانی گەشەپێدەر، خۆشگوزەرانساز و ئازادیبەخش کە لە سنوورەکانی دەوڵەتخوازی و زیانەکانی ئەوەش دوور بن.

**داواکردنی باوانیەتی ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن هەر یەکێک لە ڕەوتەکانەوە، دەتوانێت ئەم دەرفەتە مێژووییەیان لێ بسێنێتەوە**



**خەیری بۆزانی**

**ڕاوێژكار بۆ كاروباری كوردانی ئێزدی لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان بۆ گوڵان:**

# جەژنی نزای نیشتمانیی جیهانی لەسەر بنەمای پێكەوەژیانی ئایینی و ئاشتی و لێبووردەیی لە هەولێر بەڕێوەچوو

# هەرێمی کوردستان لە دوای هیندستان دووەم وڵات و شوێنە لە ڕووی ژمارەی ئایین و ئایینزاکانەوە

**هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوە جۆراوجۆرەکانە، ئەم کەلتوورە جوانە لەسەر بیروباوەڕ و عەقیدەی بارزان لەلایەن «سەرۆك بارزانی»یەوە گرنگیی پێ دراوە و گەلی کوردی پێ ناسراوە، بە شێوەیەك لە بۆنەیەکی جیهانیدا هەموو ئایین و ئایینزاکانی کوردستان جەژنی نزای نیشتمانییان لە هەولێر بەڕێوە برد. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ خەیری بۆزانی، ڕاوێژکار بۆ کاروباری کوردانی ئێزدی لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئەمساڵ جەژنی نزای نیشتمانی لە هەولێر بەڕێوە چوو و هەموو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. ئایا گرنگیی جەژنی نزا چییە و بۆچی ئەمساڵ لە هەولێر بەڕێوە چوو؟**

- هەرێمی کوردستان لە کۆنەوە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانیدا هەبووە، کار بۆ بەردەوامیی زیاتر گەشەکردنی دەکرا، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٢ کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزرا، تا ئێستا بە سەرکردایەتی و هەوڵ و کۆششی جەنابی سەرۆك بارزانی، هەرێمی کوردستان بووەتە لانکە و شوێنی پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراقیش، چونکە لەو هەرێمەدا پێکەوە کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری و عەرەب و ئەرمەنی و کریستیان و کاکەیی و ئێزدی و شەبەك و سابیئەی مەندائی و...هتد، ئەوانەی بە هۆی تیرۆر و شەڕی داعشە ئاوارە بوون، تێیدا بە ئاشتی و لێبووردەیی لە سایەی سەروەریی یاسا و سەقامگیری و هێمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە ئازادی دەژین. هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان بە شێوەیەکی ئاسایی عیبادات و مەراسیمی نەتەوەیی و ئایینی خۆیان تێدا جێبەجێ دەکەن. جەژنی نزای نیشتمانی لەو کاتەوەی کە هاتووەتەدی، هەر ساڵێك لە شوێن و وڵات و هەرێمێك دەبەسترێت کە جێگەی سەرنجی هەموو وڵاتانی جیهانە لە گەشەکردن و جێگیربوونی پێکەوەژیاندا. ئەو شوێن و وڵاتەی بۆ ئەو بۆنەیە هەڵدەبژێردرێت، ساڵانە لە لایەن ئەو دەزگا و وڵاتانەوە دیاری دەکرێت کە گرنگیی بەو جەژنە دەدەن، بێگومان ئەوەی ئەمساڵ کە لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، پێش هەموو شتێك دەستپێشخەریی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، هەروەها ئەو پێکەوەژیانە ئایین و ئایینزا و نەتەوەیەیە کە لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێکی ئاوا کە سەرنجی جوانی و پێشکەوتنی هەموو وڵاتانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەلایەکی دیکەوە

**بە سەرکردایەتی و هەوڵ و کۆششی جەنابی سەرۆک بارزانی، هەرێمی کوردستان بووەتە لانکە و شوێنی پێکەوەژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی، نەک تەنیا هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراقیش**

**جەژنی نزای نیشتمانی لەو کاتەوەی کە هاتووەتەدی، هەر ساڵێک لە شوێن و وڵات و هەرێمێک دەبەسترێت کە جێگەی سەرنجی هەموو وڵاتانی جیهانە لە گەشەکردن و جێگیربوونی پێکەوەژیاندا**

**قەداسەتی پاپا، کاتێک گەڕایەوە ڤاتیکان لە دوو نامەی جیاوازدا سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی کوردستانی کرد، بۆ ئەو پێکەوەژیانەی تێیدا بەرجەستە بووە و بۆ ئەو پێشوازە نموونەییەشی لە هەولێری پایتەختی کوردستان لێی کراوە**

**دیپلۆماسیەت و کاریزمای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بۆنە و مەراسیمە نێودەوڵەتییەکاندا، خۆی لە خۆیدا ڕۆڵی گرنگ و بەتوانایی و گەورەیی و بەهێزی و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت**

گرنگیی ئەو جەژنە لەوەدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کەسایەتیی وڵاتان و ئایین و ئایینزاکانی هەموو دونیا تێیدا کۆ دەبنەوە. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئەمساڵ بەڕێوە چوو (٦٠٠) کەسایەتی تێیدا بەشدار بوون، کە بەو پەڕی ئاسوودەیی و هێمنییەوە مەراسیمەکە بەڕێوە چوو و بە چاوی خۆیان دیتیان کە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەولێری پایتەخت لەو پەڕی گەشەکردنی پێکەوەژیان و ئاوەدانیدایە، ئەمەشیان بۆ کار و هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی گێڕایەوە، هاوکات ئەو بۆنە گرنگە جیهانییە ناساندنی هەرێمی کوردستان بوو کە جگە لەوەی لانکەی پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبووردەیی نێوان پێکهاتەکانیەتی، هاوکات نیشاندانی ئەو دیپلۆماسیەت و پەیوەندییە بەهێز و گەورە و هاوچەرخەیە کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دیتووە.

*** بەداخەوە قەداسەتی پاپای ڤاتیکان کۆچی دوایی کرد، هەولێر یادگارییەکی گەورەی لەگەڵ قەداسەتی پاپا هەیە، بەتایبەتی کە جەنابیان نوێژی قەداسەتی لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری لە هەولێر بەڕێوە برد. ئایا تاچەند سەردانی قەداسەتی پاپا بۆ هەولێر گرنگ بوو؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە سەردانەکانی قەداسەتی پاپا بۆ وڵاتان و دەرەوەی ڤاتیکان زۆر کەمن و پێش ئەوەی سەردانی هەر شوێن و وڵاتێک بکات، ڕاوێژکارەکانی و دامودەزگاکانی پاپا و ڤاتیکان لە ڕووی هێمنی و سەقامگیری و ئاسایش و پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانەوە دیراسەتێکی زۆر ورد و گشتگیری ئەو شوێنە دەکەن، بۆ ئەوەی دڵنیا بن ئەو شوێنە گونجاوە و پێکەوەژیان تێدا هەیە و ژیانی پاپاش تێدا سەلامەت دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە گەیشتنە ئەو قەناعاتە کە هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە و پێکەوەژیان تێیدا بەرجەستە بووە و هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ هەرێم و بەڕێوەچوونی نوێژی قەداسە لە یاریگەی فەرنسۆ هەریری، بەو جەماوەرە زۆرەی کە ئامادە بوون، ئەوە دانانی پاپا بوو بەو پێکەوەژیانە سەرکەوتووە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیەش قەداسەتی پاپا، کاتێک گەڕایەوە ڤاتیکان لە دوو نامەی جیاوازدا سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی کوردستانی کرد، بۆ ئەو پێکەوەژیانەی تێیدا بەرجەستە بووە و بۆ ئەو پێشوازە نموونەییەشی لە هەولێری پایتەختی کوردستان لێی کراوە.

*** لە هەرێمی کوردستان سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیران هاوخەمییان بۆ کۆچی دوایی قەداسەتی پاپا دەربڕی. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیدا ئامادە بوو. ئایا چۆن سەیری بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا دەکەن؟**

- ئەم پەیامە هاوخەمییانەی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی کوردستان لە دوو لایەنەوە دەتوانین گرنگییەکەی بخەینە ڕوو، یەکەم: ئەو هاوخەمییانە بۆ کۆچی دوایی پاپا ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمکی ئازاد و فیدراڵ ڕۆڵیشی لە ناوچەکە و جیهاندا دیارە و بەرچاوە و حیساب بۆ دەربڕینەکانیان لە ئاستێکی لەو جۆرەدا دەکرێت.

دووەم: ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی و بەهێز لە نێوان جەنابی سەرۆك بارزانی و ڕێزداران سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و قەداسەتی پاپا هەبووە. هاوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەردانی ڤاتیکانی کرد و لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی قەداسەتی پاپادا ئامادە بوو، نەك تەنیا بە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵکو بە نوێنەرایەتیی عێراقی فیدراڵیش بوو و لەلایەن دامودەزگا و لێژنە تایبەتەکانی بەخاکسپاردنی پاپادا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی سەرکردە و سەرۆکی وڵاتانی دونیادا پێشوازیی لێ کرا، کە ئەمەش ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستانی بە دونیا نیشان دا. لەلایەکی دیکەوە دیپلۆماسیەت و کاریزمای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بۆنە و مەراسیمە نێودەوڵەتییەکاندا، خۆی لە خۆیدا ڕۆڵی گرنگ و بەتوانایی و گەورەیی و

بەهێزی و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت.

*** ئێستا ڕێژەی بەرزی کریستیانەکانی عێراق هاتوونەتە کوردستان و لە کوردستان دەژین، هەروەها ئایینەکانی دیکەش وەك سابیئەی مەندائی ئێستا هاتوونە کوردستان و بە فەرمی پەرستگای خۆیان هەیە، ئایا چۆن سەیری پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەکەیت و تاچەند ئەم وێنە جوانەتان بۆ جیهانیش گواستووەتەوە؟**

- هەرێمی کوردستان لە دوای هیندستان دووەم وڵات و شوێنە لە ڕووی ژمارەی ئایین و ئایینزاکانەوە کە تێیدا دەژین، بەڵام ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکاندا هەیە، زۆر پێشکەوتووتر و جێگیرترە و لە مێژووی کۆنەوە تا ئێستا، پێکەوەژیان بەتایبەتی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان لە کوردستاندا زۆر پێشکەوتوو و بەهێز بووە و لە گەشەکردنی بەردەوامیشدایە. لەو سی ساڵەی دواییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامە و پلانیدا زۆر تەئکیدی لەسەر کارکردن بۆ بەهێزبوون و زیادبوونی پەیوەندیی توندوتۆڵ لە نێوان ئایین و پێکهاتەکاندا کردووە، کە ئەمەش وای کردووە، هەموو پێکهاتەکان خەمخۆر و هاوبەشی یەکتر بن لە هەموو بۆنە و مەراسیمەکاندا، بەتایبەتی مەراسیمی ئایینی. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەیدا وای کرد لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان جومگە و ئیدارەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، تاوەکو زیاتر بتوانن لە خزمەتی ئایینەکانیاندا بن و هەموو ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان، بە ژمارە زۆر، یان کەم بن، پەرستگە و شوێنی تایبەت بە عیبادات و دابونەریتی خۆیان هەیە و هەموو ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان ئازادن کە شوێن و پەرستگەی عیباداتی خۆیان دابمەزرێنن و بە ئازادی مومارەسەی ئایین و ئایینزاکانی خۆیان بکەن. تەنیا لە کابینەی نۆیەمدا ژمارەی کەنیسە و پەرستگەکانی ئێزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە چەند بەرانبەر زیادی کردووە، جگە لە نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان، هاوکات بەبێ جیاوازیی ئایینی خزمەتگوزاری پێشکەش بە پیاوانی ئایینی هەموو لایەك کراوە. ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر گەشە و بەرجەستە دەبێت نموونەیەکی زۆر جوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێمە نەك وەکو ئێزدی، بەڵکو کریستیان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەش لە سەردان و بەشداریکردنمان لە بۆنە و مەراسیمە جیهانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا ئەو پێکەوەژیانە نەتەوەیی و ئایینییەی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبووانی گەیاندەوە.


*** ئایا ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت لە بەدەنگەوەهاتنی کوردانی ئێزدی لەو کارەساتەی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بەسەریاندا هات؟**

- لەو کارەساتە کۆمەڵکوژییەی کە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش بەسەر کوردانی ئێزیدیدا هات، لە دەستپێکەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی، خۆیان کردە قوربانی و پێشیان لە تیرۆریستان گرت، ئەگینا کارەساتی جینۆسایدەکە زۆر گەورەتر و بەربڵاوتر دەبوو. هاوکات هەر بە ڕابەرایەتی جەنابی سەرۆك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا شنگال و ناوچەکە لە داعش ڕزگار بکرێت، بەڵام ئێستاکەش بارودۆخی ناوچەکە بە هۆی هێزی دەرەکی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئاسایی و سەقامگیر نەبووەتەوە و ئاوارەکانی ئەو ناوچانە کە پەنایان بۆ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هێنابوو، تاوەکو ئێستاکەش زۆربەیان لە کەمپەکانی دهۆك و شوێنەکانی دیکە ماون، بەڵام حکومەتی هەرێم جگە لە حەوانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خزمەتگوزارییەی پێشکەش بە ئاوارەکانی کوردی ئێزدی کردووە. ڕێزدار نێچیرڤان بارازنی نووسینگەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئافرەت و کچ و کەسانەی کوردی ئێزدی کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون، کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٤٠٠) کەس بوو، تا ئێستاکە (٣٥٨٥) کەسیان ڕزگار کراون، لە مبارەوە تاکە یەك وڵات و ڕێکخراوی جیهانی هاوکار و یارمەتیدەر نەبووە.

**هەموو ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان ئازادن کە شوێن و پەرستگەی عیباداتی خۆیان دابمەزرێنن و بە ئازادی مومارەسەی ئایین و ئایینزاکانی خۆیان بکەن**

**تەنیا لە کابینەی نۆیەمدا ژمارەی کەنیسە و پەرستگەکانی ئێزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە چەند بەرانبەر زیادی کردووە، جگە لە نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان**

**بە ڕابەرایەتی جەنابی سەرۆک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا شنگال و ناوچەکە لە داعش ڕزگار بکرێت، بەڵام ئێستاکەش بارودۆخی ناوچەکە بە هۆی هێزی دەرەکی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئاسایی و سەقامگیر نەبووەتەوە**



**باوڕ عوسمان ئیسماعیل**

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# هاتنی شاندی دەم پارتی و پەیامی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆجەلان دڵنیایە بە ڕۆڵ و کاریگەریی بارزانی پرۆسەی ئاشتی سەردەکەوێت

# قەندیل و هەموو گرووپ و لایەنەکانی سەر بە پەکەکە پابەندی داواکارییەکەی ئۆجەلان دەبن و چەک دادەنێن

# پرۆسەی ئاشتی کۆسپ و لەنگەری زۆری لە بەردەمدایە و تورکیا پرۆسەی ئاشتی تەنیا لە چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا دەبینێتەوە

**هاتنی شاندی دەم پارتی و هێنانی پەیامەکەی ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە لەبارەی پرۆسەی ئاشتی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی چۆن دەخوێندرێتەوە؟ ئایا پەکەکە بە کرداری قبووڵیانە چەك دابنێن؟ دەم پارتی و سەلاحەدین دەمیرتاش تا چەند کاریگەرییان لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەند تەوەری پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ باوڕ عوسمان ئیسماعیل ئەندامی پێشووی پەکەکە ساز دا.**

*** شاندی دەم پارتی پەیامی ئاشتیی ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنابوو، جەنابیان پشتگیریی ناوەرۆکی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، کە ئامانج لێی چارەسەر ئاشتییانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، چ خوێندنەوەیەکت بۆ سەردانی شاندی دەم پارتی بۆ لای سەرۆك بارزانی هەیە؟**

- ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەر پارچە و شوێنێکی کوردستان، ڕۆڵێکی سەرەکییە و ئەوە هیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێت، چونکە کار و هەوڵ و شۆڕشگێڕیی جەنابی سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە تا ئێستا دیارە، کە لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورددا بووە، بۆیە هاتنی شاندی دەم پارتی و هێنانی پەیامی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ لە ئیمراڵییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆجەلان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە خەمخۆری و دڵسۆزیی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە باکووری کوردستان گومان هەڵناگرێت و تەنیا بە جەنابیان هەڵدەسووڕێت و سەرکەوتوو دەبێت، چونکە سیاسەت و دیپلۆماسیەت و ڕۆڵی کاریگەر و قورسایی

جەنابی بارزانی یەکجار دیار و بەهێزە لە تورکیا، هەر جەنابی سەرۆك بارزانی بوو کە لە ساڵانی پێشتریش یەکلایەنە و بەبێ ئۆجەلانیش دەستپێشخەریی کرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاشتییەوە کێشەی پەکەکە و باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا چارەسەر بکات. هاوکات ئۆجەلان هاتووەتە سەر بارودۆخە ڕاستەقینەکە و ئیعتراف دەکات، دیارە بە ناردنی پەیامەکەی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی کە جەنابیان مەرجەع و سەرکردەی ڕاستەقینە و خەمخۆری گەلی کوردن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو دنیا و بۆ ئۆجەلانیشی سەلماندووە کە لە سایەی حیکمەت و سیاسەت و میانڕۆیی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە کە ماوەی زیاتر لە (٣٤) ساڵە بەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە لایەن شۆڤینیەتی عێراقی لە هەرێمی کوردستان و میللەتەکەی دەکات، لە ڕێگەی سەبر و ئارامی و گفتوگۆ و دانوساندنەوە توانراوە بگەینە ئەو بارودۆخە و ئەو سەقامگیری و ئاوەدانییە ڕابگرێت، ئەمە سەرەڕای بڕینی مووچە و بوودجە و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە. هەر بۆیەش پێویستە گەلی کورد و هەموو سەرکردەکانی لە هەر پارچە و شوێنێك بن، ئیعتراف بکەن کە سەرۆك بارزانی پێشەوا و مەرجەعی گەلی کوردستانە و جەنابیان هەموو کات باوەڕی زیاتریان بە گفتوگۆ و دانوساندنی ئاشتییانە هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەو ڕاستییەش بۆ ئۆجەلان دەرکەوتووە و دەزانێت کە تەنیا بە جەنابی سەرۆك بارزانی و کاریگەریی ئەو دەتوانرێت کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکرێت. لە لایەکی دیکەوە هێنانی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو دژایەتی و دوژمنایەتییەی پەکەکە و ئۆجەلان دەرهەق بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیانکرد، هەڵەیەکی زەق و بێ مانا بووە.

*** ئۆجەلان بە فەرمی داوای کردووە کە پەکەکە چەك دابنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت، سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە بە زارەکی پێشوازییان لەم پەیامە کردووە، ئایا پەکەکە بە کردەیی ئەم پەیامەی ئۆجەلان جێبەجێ دەکات؟**

- وەکو ئەوەی کە ئێمە تەمەنێك لە ناو پەکەکەدا بووین، ئەوە دەزانین هیچ کەس و سەرکردەیەك لە ناو پەکەکەدا ناتوانێ قسە و پەیامی ئۆجەلان ڕەت بکاتەوە و لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە تا ئێستا کە ئۆجەلان زیاتر لە (٢٥) ساڵە لە زیندانە، هەر فەرمان و بڕیارێکی دابێت، قەندیل و هەموو گرووپ و لایەنەکانی سەر بە پەکەکە پابەندی بوون. من وای دەبینم کە قەندیل چۆن بە زارەکی بە پەیامەکە ڕازین، ئاواش بە کرداری قبووڵی دەکەن و چەك دادەنێن، بەڵام چەکدانانەکە وردەکاری و مەرجی تێدایە کە لە پەیامەکەی ئۆجەلانیشدا ئەمە ڕوون کراوەتەوە، کە دەبێت پەکەکە کۆنگرە ببەستێت و لەوێ بە چاودێریی نێودەوڵەتی دڵنیا بکرێنەوە کە حکومەت و دەوڵەتی تورك نیازی پاك و تەواویان هەیە لە پرۆسەی ئاشتیدا، ئەو کات پەکەکە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و چەکیش دادەنێت، بەڵام ئەمەش ماوە و کاتێکی پێویستە، بەتایبەتی بۆ دەستەبەری متمانە لەگەڵ تورکیا و حەوانەوەیان و جێگربوونیان بۆ ژیان و بارودۆخێکی پارێزراو لە شوێن و وڵاتێك لە دوای چەکدانانەکەیان. هاوکات پەکەکە و ئۆجەلان گەیشتوونەتە ئەو ئاست و باوەڕەی کە هەموو کێشە و گرفتێك لە ئێستادا لە دونیادا تەنیا بە دیالۆگ و گفتوگۆ و ئاشتیی دوور لە شەڕ چارەسەر دەبێت، دەبێت تورکیاش بگاتە ئەو قەناعەتەی کە چەند شەڕ بکرێت و خەڵك بکوژرێت، کێشەکە نەك چارەسەر نابێت، بەڵکو کێشە و گرفتەکان قووڵتر دەبن و میللەتی کورد و تورکیاش ماندووتر و بریندارتر دەبن و ناسەقامگیریی زیاتر وڵاتەکەیان دەخاتە بارودۆخی خراپ و پشێوییەوە.

*** با بێینە سەر کاریگەریی دەم پارتی لە ناو کوردی تورکیادا، ئایا کوردی تورکیا دەم پارتی بە نوێنەری خۆیان دەزانن؟ دیارە بێجگە لە دەم پارتی و ڕێکخراو و کۆمەڵەی دیکەی کوردیش لە تورکیا هەن و پشتگیریی هەڵوێستەکەی دەم پارتی دەکەن بۆ ئاشتی، ئایا ڕۆڵ و**

**هەر جەنابی سەرۆک بارزانی بوو کە لە ساڵانی پێشتریش یەکلایەنە و بەبێ ئۆجەلانیش دەستپێشخەریی کرد، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاشتییەوە کێشەی پەکەکە و باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا چارەسەر بکات**

**ئەو ڕاستییەش بۆ ئۆجەلان دەرکەوتووە و دەزانێت کە تەنیا بە جەنابی سەرۆک بارزانی و کاریگەریی ئەو دەتوانرێت کێشەی باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکرێ**

**هێنانی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو دژایەتی و دوژمنایەتییەی پەکەکە و ئۆجەلان دەرهەق بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیانکرد، هەڵەیەکی زەق و بێ مانا بووە**

**دەبێت پەکەکە کۆنگرە ببەستێت و لەوێ بە چاودێریی نێودەوڵەتی دڵنیا بکرێنەوە کە حکومەت و دەوڵەتی تورک نیازی پاک و تەواویان هەیە لە پرۆسەی ئاشتیدا، ئەو کات پەکەکە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و چەکیش دادەنێت**

**کاریگەریی دەم پارتی و سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە باکووری کوردستان زۆر کۆمەڵە و لایەن و پارتی جۆراوجۆر جگە لە دەم پارتی هەن و هەر یەکێك لەو لایەنانەش بەپێی بەرنامە و کار و سیاسەتی خۆیان، کاریگەرییان لەسەر کورد و باکووری کوردستان هەیە، بەڵام دەم پارتی وەکو دەبینین خاوەن ژمارەیەك کورسیی پەرلەمانییە لە تورکیا و نوێنەرایەتیی گەلی کوردی و باکووری کوردستان دەکات، جەماوەری دەم پارتی ڕێژەکەی زۆرە، بۆیە بوونەتە خاوەن ئەو ژمارە کورسییە پەرلەمانییە، بەڵام پێویستە دەم پارتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی باکووری کوردستان ڕێککەوتن بکات، ئەو کات زیاتر دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و زیاتر دەنگی باکووری کوردستان بۆخۆی مسۆگەر بکات، بەپێی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ پەکەکەش هەیانە، بە ئاشکراش نەبێت بە نهێنی ئەوە ڕۆڵ و کاریگەرییان دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیدا، هەروەها سەلاحەدین دەمیرتاش وەکو کەسایەتییەکی دیار و نیشتمانپەروەری گەلی کوردستان بە تەئکید کاریگەریی و ڕۆڵی هەیە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی، بۆیە پێویستە پێشەکی تورکیا ئۆجەلان و سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان ئازاد بکات، ئەو کات نیازپاکیی تورکیا و متمانەش بۆ میللەتی باکووری کوردستان و پەکەکەش دێتەدی.

*** ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە تورکیا پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ دووبارە بوونەوەی بە سەرۆك کۆمار، بۆ ئەمەش دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانی هەیە، ئەمە بێجگە لە شکۆی سەرۆك بارزانی کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە ئێستادا وەك مەرجەعی هەموو کورد سەیر دەکرێت. ئایا مەرجەعیەتی سەرۆك بارزانی تا چەند دەبێتە زامنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کورد لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان؟**

- بێگومان ڕەجەب تەیب ئۆردوگان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بەدەست بهێنێت، پێویستە دەنگی گەل و میللەتی باکووری کوردستان بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کە گەلی باکووری کوردستان کە ئێستا لە لایەن تورکیاوە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیان لێ زەوت کراوە و هیچ مافێکی وەك زمانی دایکی و یەکسانی لە یاسا نییە و مومارەسەی دابونەریت و کەلتووریشی لێ قەدەغەیە، بۆیان بگەڕێندرێتەوە، ئەمەش تەنیا بە قسە ناکرێت، بەڵکو دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکرێتەوە و ماف و داواکاری و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی باکووری کوردستانی تێدا بنووسرێت و بچەسپێندرێت و جێبەجێ بکرێن، ئەو کات بۆی هەیە ئۆردوگان دەنگی کورد وەربگرێت، بەڵام بە بۆچوونی خۆم تورکیا دەستوور بەو شێوەیە هەموار ناکاتەوە کە هەموو مافەکانی گەلی باکووری کوردستانی تێدا پارێزراو بێت، هەر بۆیە پرۆسەی ئاشی کۆسپ و لەنگەری زۆری لەبەردەمە، کە ئەمەش زیاتر دەوڵەت و حکومەتی تورکیا دروستی دەکەن. تورکیا پرۆسەی ئاشتی لەوەوە دەبینێت کە پەکەکە چەك دابنێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە و گەلی کورد دەستەوەستان ڕاوەستن، هەر بۆیە باوەڕ ناکەم پرۆسەی ئاشتی ئەمجارەش سەرکەوتوو بێت.

*** ئەگەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بوو، پەیوەندی لەسەر هەموو ئاستەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارە کوردییەکانی تورکیا دەچێتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، ئایا ئەمە نابێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی پرسی کورد بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر؟**

- ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان لەگەڵ تورکیا سەرکەوتوو بێت، ئەوا سنووری نێوان باکوور و باشور و ڕۆژئاوا زۆر کاڵ دەبێتەوە، چونکە بە قووڵایی چەندین کیلۆمەتر لە نێوان سنووری پارچەکانی کوردستاندا یەك عەشیرەت و یەك هۆز و خزمایەتی و لێکنزیکی لە نێوان خەڵکەکەدا هەیە، هەر بۆیە ڕۆژانە هاتووچۆکردن زۆر ئاسانتر و ئاسایی و زۆرتر دەبێت، کە ئەمەش یەکێك لە خەون و ئاواتەکانی میللەتی کورد و کوردستانە لە هەموو پارچەکانیدا.

**دەبێت تورکیاش بگاتە ئەو قەناعەتەی کە چەند شەڕ بکرێت و خەڵك بکوژرێت، کێشەکە نەك چارەسەر نابێت، بەڵکو کێشە و گرفتەکان قووڵتر دەبن و میللەتی کورد و تورکیاش ماندووتر و بریندارتر دەبن**

**پێویستە دەم پارتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی باکووری کوردستان ڕێککەوتن بکات، ئەو کات زیاتر دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و زیاتر دەنگی باکووری کوردستان بۆخۆی مسۆگەر بکات**

**پێویستە پێشەکی تورکیا ئۆجەلان و سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان ئازاد بکات، ئەو کات نیازپاکیی تورکیا و متمانەش بۆ میللەتی باکووری کوردستان و پەکەکەش دێتەدی**

**دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکرێتەوە و ماف و داواکاری و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی باکووری کوردستانی تێدا بنووسرێت و بچەسپێندرێت و جێبەجێ بکرێن**

پەرستار سانا محەمەد

# دڵخۆشم لە پاڵ پیشەکەمدا هەمیشە هاوخەمی نەخۆشەکانم بم



پەرستار سانا محەمەد خانمە پەرستارێکی چالاك و بە ئەزموونە، لە نەخۆشخانەی هەرس و جگەری فێرکاری حکومی و هاوکات ئێوارانیش لە کەرتی تایبەت لە نەخۆشخانەی ئاسیای نێودەوڵەتی کاردەکات. ئەو خانمە پەرستارە دەرچووی پەیمانگەی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بەشی پەرستاری گشتییە، لە دیمانەیەکدا و لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی پەرستاراندا باس لە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی لە کاتی کارکردنیدا دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«پیشەکەمان بەوە جیادەکرێتەوە کە ئێمە ئیش لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان دەکەین، نەرمونیانی و لەسەرخۆیی و ئارام و پشوودرێژی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشدا هەڵسوکەوتێکی لە پێشینەیە و نیشانەی پەرستاری سەرکەوتووە، چونکە نەخۆش و هاوەڵی نەخۆش بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە تێیدان هەندێکجار لە نەخۆشخانەدا نائارام و بێزار دەبن و پێویستە لایەنی دەروونیان ئارام بکرێتەوە. بەخشندەیی و میهرەبانی لە کردار و گوفتار لەگەڵ نەخۆشدا، وەرگرتنی سەرنج و داواکارییەکانیان بە دڵفراوانییەوە بێگومان دەبێت بەشێك بێت لە پیشەی سەرەکیمان».

ئەو خانمە پەرستارە سەبارەت بە سەرەتای خزمەتکردنی لەو بوارەدا دەڵێت: «سەرەتای کارکردنم لە کاتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، بۆ یەکەمجار لە بەشی قاوش لە کەرتی گشتی وەك خۆبەخش دەستم بە کارکردن کرد، لەگەل ئەو هەموو مەترسییەی کە لەسەر ژیانمان بوو، چەندین جاریش تووشی کۆرۆنا بووین، بەڵام وازمان نەهێنا و لە پێناو نەخۆشەکانمان و تێپەڕاندنی ئەو نەخۆشییە بەردەوام بووین، لەو کاتەدا شێوازی دەوام کردنم ٢٤ کاتژمێری بوو، بەڕاستی وەك دەستپێکی پەرستاری کەمێك زەحمەت بوو بەهۆی زۆری کارکردن و کەم خەوی و زۆری نەخۆش بەڵام خۆشبەختانە تا کۆتایی توانیمان شەڕ لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا بکەین.

پاشان وەك ئەندامی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی دەست بەکار بووم وەك نوێنەری تەندرووستی. ئەمە یەکێك بوو لە خۆشترین ئەزموونەکانی کار کردنم، چونکە بەرپرسیارێتییەکی زۆرم لەسەر بوو وەك نوێنەری تەندرووستی کە دەبووایە ئاگاداری ئەو خۆراك و ماددانە ببین لەو شوێنانەی کە ڕۆژانە سەردانمان دەکردن، لەگەڵ زۆی ئەو بەرپرسیارێتییە بەڵام دڵخۆشبووم بە کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە شارەکەمدا».

هەروەها گوتی: «ماوەی کارکردنم لە لیژنەکان کەم بوو چونکە بە پێویستم زانی بگەڕێمەوە ناو نەخۆشخانە و ڕاستەوخۆ خزمەتی نەخۆشەکانم بکەم، کە ئەمە سەرەکیترین ئیشی ئێمەیە وەك پەرستارێك. هەروەها لە ئێستادا لە کەرتی تایبەت و گشتی لە نەخۆشخانەکاندا کاردەکەم لە بەشی نەشتەرگەری لە نەخۆشییەکانی هەرس و جگەر و نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان، دیارە کارکردن لەم بەشانەدا زۆر پێویستی بە وردەکاری و هیلاکبوونی زۆر هەیە، لەگەڵ کارکردنی بەردەوامم لە نەخۆشخانەکاندا هەمیشە هەوڵمداوە ئەوەی دەیزانم بیبەخشم و لە مەودای کارکردنمدا بە شێوەیەکی بەردەوام کۆرس و سیمیناری پزیشکی بۆ قوتابیانی پەرستاری و بەشە پزیشکییەکان و کەسانی ئاسایی و کارمەندانی هۆتێل و چێشتخانەکان و قوتابخانە و کەسانی ئاسایی پێشکەشکردووە، بۆ ئەوەی لە ئەگەری ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی وەك کەوتن و ئاگر کەوتنەوە کە چۆن بتوانن فریاگوزاری سەرەتایی ئەنجام بدەن تا ئەو کاتەی تیمی تەندرووستی دەگاتە لایان. وێڕای ئامادەکردنی کۆڕێکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی مەمك لە خانماندا کە تایبەت بوو بە ژمارەیەکی زۆر لە خانمان، ئەویش بۆ ئاگاداری و زوو بەدەمەوە چوونی نەخۆشییەکە لە کاتی بینینی هەر یەك لە نیشانەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی پشکنینی خۆیی. یەکێك لە خۆشترین بابەتەکان کە پێشکەشم کردبێت بۆ قوتابییەکان بووە، بەپێی تەمەنەکانیان بابەتی جیاواز و بە سوودم بۆ ئامادەکردوون، هەروەها سیمیناری تایبەت بە مامۆستایانی قوتابخانە بە مەبەستی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە لایەنی دەروونی قوتابییەکانەوە و بەپێی جیاوازی تەمەنیان چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، تاوەکو لە کاتی هەر تێکچوونێکی بارووددۆخی خوێندکارەکان فریاگووزاری سەرەتاییان بۆ ئەنجام بدرێت تا دەگەیەنرێتە نزیکترین نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی.

بە خۆشحاڵییەوە ڕێکخستنی چەندین چالاکی تایبەت بە ئەنجامدانی نیشانە زیندەگییەکان لە فێستیڤاڵ و ڕۆژی پەرستاراندا بۆ هاووڵاتییان بە گشتی و لە ناو شار و دەرەوەی شار و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تەندروستی بڕوا پێکراو بۆ زیاتر هۆشیاری تەندروستی و بەتایبەت سەبارەت بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و چۆنیەتی بەدوور بوون و خۆپاراستن».

پەرستار سانا محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «گرنگترین شت کە لە دوای تەواوکردنی پەرستاریدا دەست پێدەکات ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە لە نوێگەریدابیت، چونکە لە دەریای پزیشکیدا هەر چەند فێر ببین هێشتا دڵۆپێکە لەو دەریایەدا.

وەك ئەرکی پەرستارێك نا بەڵکو وەك ئەرکێکی مرۆیی. زۆر دڵخۆشم لەپاڵ پیشەکەمدا توانیومە کەسێك بم هەمیشە هاوڕێ و هاوڕێگە و هاوخەمی نەخۆشەکانم بم هەر لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵێك خۆشییان لەگەڵ بەش دەکەین هەتاوەك هاوخەمی لە لەدەستدانی ئازیزانیان و گریان و پێکەنین بەشدەکەین .ئەو ئەزموونەی لە پیشەی پەرستاریدا هەیە بڕوا ناکەم لە هیچ پیشەیەکی دیکەدا هەبێت، ئەویش بە هۆی پیرۆزی و ئەرکە قورسەی کە لەسەر شانی پەرستارانە.

لێرەوە دەمەوێت پیرۆزبایی ڕۆژی پەرستاران لە هەموو هاوپیشە ماندوونەناسەکانم بکەم و پێیان دەڵێم ئێوە زۆر گەورەن وەك پەرستارێك کە زۆربەی ژیانی خۆتان دەبەخشن بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و ئارامکردنەوەی باری دەروونیان، چونکە ئێمە فریشتەی میهرەبانی و نیشاندانی جوانی و پاکی و نموونەی پیشەی پەرستارین، پێویستە هەمیشە بە جۆرێك دەربکەوین کە نەخۆشەکانمان ئاسودەیی و میهرەبانی لە چاوەکانماندا ببینن و متمانەمان پێ ببەخشن چونکە ئێمە ئەو هەلە زێڕینەمان بۆ ڕەخساوە تاوەکو نازناوی فریشتەی سپی مان پێبدرێت».

**نەرمونیانی و لەسەرخۆیی و ئارام و پشوودرێژی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشدا هەڵسوکەوتێکی لە پێشینەیە و نیشانەی پەرستاری سەرکەوتووە**

**گرنگترین شت لە دوای تەواوکردنی بەشی پەرستاری ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە لە نوێگەریدابین، چونکە لە دەریای پزیشکیدا هەر چەند فێر ببین هێشتا دڵۆپێک لەو دەریایەدا**

**پێویستە بە جۆرێک دەربکەوین کە نەخۆشەکانمان ئاسودەیی و میهرەبانی لە چاوەکانماندا ببینن و متمانەمان پێ ببەخشن چونکە ئێمە نازناوی فریشتەی سپیمان پێدراوە**

## د. پەرێز یاسین حەمەد:

# لە کەرتی پەروەردەدا، AI دەتوانێت شۆڕشێک لە وانەوتنەوە و فێربووندا بەرپا بکات

**دکتۆر پەرێز یاسین حەمەد، ڕاهێنەری پەروەردەیی و سەرۆکی ڕێکخراوی خزمەتکاری پیرۆز، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ڕەهەندە جیاوازەکانی زیرەکیی دەستکرد (AI) دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هۆشیاری گشتی لە بارەی AI سەربەخۆیی دیجیتاڵی وڵات دەپارێزێت و پرسە گرنگەکانی وەك نهێنی داتا، ئاساییش و دادپەروەری بەرەوپێش دەبات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



*** تا چەند گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان هۆشیارییان دەربارەی زیرەکیی دەستکرد (AI) هەبێت؟**

- تێگەیشتن لە زیرەکیی دەستکرد بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە بیەوێت بەشداری لە جیهانی مۆدێرندا بکات ئیتر ئیختیاری نییە، بەڵکو بۆ لەمەودوا ڕەهەندێکی بنەڕەتی ژیانە، زیرەکیی دەستکرد تەنیا ئامرازێك نییە بۆ پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری یان کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا، بەڵکو لە ئێستاوە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ژیان و کارکردن و پەیوەندیکردن و بڕیاردانمان هەیە. فێربوونی AI بۆ خەڵکی کوردستان بە واتای هەبوونی هێز دێت، چونکە تەکنەلۆژیا کاریگەریی گرنگی لەسەر ژیانمان هەیە.

زیرەکیی دەستکرد ڕێگەمان پێدەدات چارەسەرێك بە دەستبێنین کە ڕەنگدانەوەی کولتوور و پێداویستی و بەهاکانمان بێت، نەك بە تەواوی پشت بە تەکنەلۆژیا هاوردەکراوەکان ببەستین، کە ڕەنگە لەگەڵ چوارچێوەی بەها و کەلتووری ئێمەدا نەگونجێت. هەروەها هۆشیاری گشتی لە بارەی AI سەربەخۆیی دیجیتاڵی وڵات دەپارێزێت و پرسە گرنگەکانی وەك نهێنی داتا، ئاساییش و دادپەروەری بەرەوپێش دەبات.

*** هۆکار چییە کە بە پێویستی دەزانیت هاووڵاتیانی کوردستان بەپەلە لە ئێستاوە دەست بە فێربوونی AI بکەن؟**

- لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خێرایی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە جیهاندا زۆر خێراترە لە زۆربەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی دیکە، ئەگەر کوردستان فێربوونی AI دوابخات، مەترسی ئەوەمان لەسەرە کە زۆر لە دواوە بین. هەنگاوی پێشوەختە لەم بوارەدا ڕێگەمان پێدەدات لێهاتوویی و ژێرخانی پیشەسازی پێویست بنیات بنێین کە بۆ کێبڕکێکردن لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی پێویستن. هەروەها

لە داهاتوودا گەنجەکانمان بۆ بازاڕی کار ئامادە دەکات، فێربوونی AI بەقەد کارامەیی سەرەتایی کۆمپیوتەر گرنگە. بە سادەیی، داهاتوو چاوەڕێی کوردستان ناکات دەبێت لە ئێستاوە هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی جێگەیەکی تێدا مسۆگەر بکەین.

*** لە داهاتوودا ڕووبەڕووی چ مەترسییەك دەبینەوە ئەگەر بە خێرایی خەڵك لەسەر AI پەروەردە نەکەین؟**

- شکستهێنان لە شارەزابوونی AI لەکاتی خۆیدا، دەتوانێت کوردستان بخاتە بەردەم کۆمەڵێك مەترسیی جددی و درێژخایەن، کە ئەمانەن:

یەکەم: بەبێ زانیاری و شارەزایی ناوخۆیی، مەترسی ئەوەمان لەسەرە کە بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی گرنگ لە بواری چاودێری تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ و وزە پشت بە تەکنەلۆژیا و کۆمپانیا بیانییەکان ببەستین. ئەم وابەستەییە توانای ئێمە سنووردار دەکات بۆ بڕیاردان کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی و بەها ناوخۆییەکانمان بن، ئەمەش سەروەری و ئاساییشی نەتەوەییمان دەخاتە مەترسییەوە.

دووەم: نەبوونی شارەزایی لە AI توانای ئێمە بۆ دروستکردنی چارەسەری تەکنەلۆژیای ناوخۆیی لە پیشەسازییەکان سنووردار دەکات، دەبێ پشت بە دەستی کاری دەرەوە ببەستین، لە ئەنجامدا بێکاری زیاتر دەبێت.

سێیەم: بەبێ هۆشیاری گشتی و بەرفراوان لە AI مەترسی ئەوەی هەیە کە هاووڵاتیان بە هەڵە تێبگەن و خراپ بەکاربهێنرێت، واتا خەڵك ببنە قوربانی زانیاری هەڵە یان چاوەڕوانییە ناڕاستەقینەکان لە تواناکانی AI یان بێ متمانەکردن بە تەواوی. ئەمەش نەك هەر داهێنان خاو دەکاتەوە، بەڵکو ڕێگری دەکات لە بەکارهێنانی بە شێوەیەك کە بەڕاستی سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت.

تا زیاتر فێربوون و تێگەیشتن لە AI دوابخەین، بۆشایی نێوان ئێمە و تەواوی جیهان فراوانتر دەبێت. شکستهێنان لە پەرەپێدانی شارەزایی AI دەبێتە هۆی ئەوەی بۆشایی نێوان کوردستان و گەلانی دیکە فراوانتر بێت و گەشەسەندنی ئابووری و توانای کێبڕکێی نێودەوڵەتی لە داهاتوودا قورستر دەکات.

*** هۆشیاری و شارەزابوونی پێشوەختە لە AI چۆن دەتوانێت سوود بە کەرتەکانی ئابووری و پەروەردە و چاودێری تەندروستی بگەیەنێت؟**

- هۆشیاری و فێربوونی پێشوەختە لە بواری AI دەتوانێت ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ کوردستان، هەروەها دەرگای پێشکەوتن وگۆڕانکاری لە سەرانسەری کەرتە سەرەکییەکان بکاتەوە. لە بواری ئابووریدا، AI دەتوانێت بە ئۆتۆماتیکی کردنی پرۆسەکان و باشکردنی زنجیرەکانی دابینکردن و شیکردنەوەی ڕەوتی بازاڕ و کەمکردنەوەی تێچوونەکان، خاوەنکار و بازرگانی کورد بەهێزتر بکات. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمپانیا نوێیەکانی تەکنەلۆژیا، وەبەرهێنانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕابکێشێت و هەلی کاری کوالێتی بەرز بۆ گەنجانی پیشەگەر دروست بکات.

هاوکات لە کەرتی پەروەردەدا، AI دەتوانێت شۆڕشێك لە وانەوتنەوە و فێربووندا بەرپا بکات، ئەویش بە پێشکەشکردنی ئەزموونی فێربوونی کەسی کە بەپێی پێداویستییەکانی هەر قوتابییەك بێت. سیستەمی وانەوتنەوە زیرەکەکان، هەڵسەنگاندنەکانی AI دەتوانن یارمەتی مامۆستایان بدەن تاوەکو خاڵە بەهێز و لاوازەکانی قوتابیان بە وردی دەستنیشان بکەن، ئەمەش لە بواری پەروەردەدا پرۆسەی فێرکردن و فێربوون کاریگەرتر دەکات. هەروەها AI دەتوانێت هاوکار بێت لە داڕشتنی مەنهەج و فێربوونی زمان.

لە چاودێری تەندروستیشدا، سوودەکانی بە هەمان شێوە گرنگن و دەتوانێت پشتگیری پزیشکان بکات بە دەستنیشانکردنی پێشوەختە و وردتر، پێشبینی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بکات، و چاودێری نەخۆش بەرز بکاتەوە لە ڕێگەی پلانەکانی چارەسەرکردنی داتاکانەوە. لە هەمان کاتدا سیستەمی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە بە AI دەتوانێت کارەکان ڕێکبخات، کاتەکانی چاوەڕوانی کەم بکاتەوە و تەرخانکردنی سەرچاوەکان باشتر بکات.

کوردستان بە ناساندن و فێربوونی AI و تێکەڵکردنی لەگەڵ هەموو سێکتەرەکاندا، دەرفەتی ئەوەی دەبێت نەك تەنیا لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکان بگونجێت، بەڵکو دەبێتە دەرفەتی گۆڕینی ئالەنگارییەکان بۆ داهێنان و دانانی بناغە بۆ کۆمەڵگەیەکی زیرەك تر و تەندروست تر و خۆڕاگر تر.

*** ئامۆژگاریت بۆ گەنجانی کورد کە دەیانەوێت بچنە ناو بواری AIچییە؟**

- لێرەوە بە گەنجانەکانمان دەڵێم ئێوە بنیاتنەری داهاتووی گۆڕانی دیجیتاڵی کوردستانن، دەتوانن لەمڕۆوە دەست پێ بکەن. سەرەتا زمانی ئینگلیزییەکەتان باشتر بکەن، چونکە دەرفەتی زیاترتان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و کۆرسە جیهانییەکان لە بواری زیرەکیی دەستکرد دەبێت. سوود لە زۆرێك لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانی وەربگرن وەك Coursera و edX و Udemy و Khan Academy کە خولی کوالێتی بەرزی فێربوون پێشکەش دەکەن. بەشداری لە کۆرسە تەکنەلۆژییە ناوخۆییەکان یان ئۆنلاینەکان بکەن، بۆ ڕێنمایی وەرگرتن پەیوەندی بە ڕاهێنەران یان مامۆستایانی زانکۆ بکەن کە پسپۆڕن لەم بوارەدا.

لە هەمووی گرنگ تر هەوڵبدە ئەوەی فێری دەبیت بە کێشە ڕاستەقینەکانی کوردستانەوە ببەستیتەوە و لەبیرتان بێت، سەرکەوتن لە AI پێویستی بەوە نییە کە تۆ پسپۆڕییەکەت تەکنەلۆژیای زانیاری بێت، بەڵکو تەنیا پێویستی بە ئارەزووی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروست بکەیت. کوردستان ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە هێزی گەنجەکانە، لەبەر ئەوە با گەنجانی کورد سەرکردایەتیکردن هەڵبژێرن نەك شوێنکەوتن و چاوەڕێی ئەوانی دیکە بن.

**لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خێرایی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە جیهاندا زۆر خێراترە لە زۆربەی گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی دیکە**

**نەبوونی شارەزایی لە AI توانای ئێمە بۆ دروستکردنی چارەسەری تەکنەلۆژیای ناوخۆیی لە پیشەسازییەکان سنووردار دەکات، دەبێ پشت بە دەستی کاری دەرەوە ببەستین، لە ئەنجامدا بێکاری زیاتر دەبێت**

**لە کەرتی پەروەردەدا، AI دەتوانێت شۆڕشێک لە وانەوتنەوە و فێربووندا بەرپا بکات، ئەویش بە پێشکەشکردنی ئەزموونی فێربوونی کەسی کە بەپێی پێداویستییەکانی هەر قوتابییەک بێت**

دەشنێ کەمال:

# خانمان بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان زەرورە ئیش بکەن



**دەشنێ کەمال خانمە شێفێکی گەنج و پڕ وزەی شاری سلێمانییە و وەکو زۆربەی خانمان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەهرەکانی دەخاتەڕوو، ئەو لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە فێرکاری خواردن دروستکردن و ژیانی ڕۆژانەی دادەنێت، هاوکات چێشت و خواردنی ئامادەکراویش دەفرۆشێت. دەشنێ کەمال لە ساڵی ١٩٩٦ لە دایک بووە و دەرچووی بەشی کشتوکاڵی داپۆشراوی پەیمانگەی تەکنیکی بەکرەجۆیە، دایکی دوو منداڵە و لە پاڵ دایکایەتیدا کاردەکات و خاوەنکار و داهاتی خۆیەتی. لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەران باس دەکات.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

«ماوەی ساڵێکە دەستم بە کارەکەم کردووە، سەرەتا زۆر هەوڵمدا لەو بوارەی کە خوێندوومە ئیش بکەم، بەڵام بەهۆی دووری شوێنی کارەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونم و نەگونجانی کاتەکانی کارکردن لەگەڵ کاتەکانی من نەمتوانی ئەو ئیشە بکەم، دوای ئەوەی بووم بەدایك ماوەیەکی باش ئیشکردنم لە مێشکی خۆم دەرکرد و تا منداڵەکەم بوو بە ٢ساڵ و نیو، لەو ماوەیەشدا چەند جارێك ئیشکردنم لە دەرەوەی ماڵ بۆ ڕێککەوت جارێك لەگەڵ خاتونێك لە چێشتخانە و جارێکی تر دوکانێك بوو بۆ کولێرە و بابەتی هەویرکاری، بەڵام لەبەر منداڵەکەم دڵم نەدەهات کار بکەم و بەجێی بهێڵم. دواجار بڕیارمدا لە ماڵەکەی خۆمەوە ئیش بکەم، سەرەتا بەئیشی دەستی دەستم پێکرد، چونکە شارەزاییم لە ئیشی دەست و خەیاتی هەبوو، ماوەیەك بەوجۆرە بەردەوام بووم، بەڵام هەر لە سەرەتاوە هەموو حەز و خولیاکانم بۆ خواردن دروستکردن بوون، لەگەل پەیجی ئیشی دەستییەکە پەیجی خواردن ئامادەکردنیشم دانا، ئەو کات خۆمم بینیەوە و لەوە تێگەیشتم کە حەز و خولیای من ئەمەیە».

لەبارەی وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا حەز و بەهرەی خواردن ئامادەکردنت لە کەیەوە لا دروست بوو؟ ئەو گوتی:» هەر لە سەرەتای پێگەیشتنمەوە دایکم هاندەرێکی زۆر باشم بوو، لە کاتێکدا ئەو دەستاوی زۆر خۆش بوو هەرکەس خواردنی دەستی دایکمی بخواردبایە سەرسامی خواردنەکانی دەبوو، بۆیە هەموو کات لە کاتی خواردن دروستکردن بەدەوریەوە بووم و ئەویش فێری دەکردم، یەکەم ئەزموونی خواردن دروستکردنیشم لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە چووم بۆ بەشەناوخۆیی لە کاتی خوێندندا، ئەوەش وای کرد پشت بەخۆم ببەستم، تەنانەت ئەوکات ببووم بەشێفی ژوورەکەی خۆمان،

من خۆم خواردنم دروست دەکرد و ئیشەکانیش ئەوان دەیانکرد، تەنانەت بە تامی و خۆشی خواردنەکانم لەناو بەشەناوخۆیی دەنگی دابووەوە کەچەند خۆش ئامادەی دەکەم، لە کاتی دەستپێکردنم بە کاری چێشتلێنان چەند کەسێك لەناو سۆشیال میدیا کە ئەو ئیشەیان دەکرد هانیاندام، بەڵام هاندەری سەرەکیم خانمیك بوو کە ئێستاش بەردەوامین پێکەوە، واتا (ژیا فود) پاڵپشتی سەرەکیم بوو بۆ دەستپێکردنم، هەروەها هاوسەرەکەشم گەورەترین هاوکارم بوو تائێستاش هەر ئۆردەرێکم هەبێت ئەو خۆی بازاڕم بۆ دەکات، ئەمەش بۆ من گەورەترین پاڵپشتییە، هاوکات ماڵی دایکی هاوسەرەکەشم زۆر هاوکارمن، چونکە لە ئێستادا خاوەنی دوو منداڵم و بچووکەکەیان تەمەنی تەنیا چوار مانگە، هەرکاتێك کە خواردن دروست بکەم ئەوان یارمەتی دەرمن و ئاگاداری منالەکانم دەبن».

دەشنێ کەمال لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات: «بۆ ئێستا کە ژیان زۆر قورس بووە، بە تەنیا پیاو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەموو پێداویستییەی کە لە ئێستادا پێویستە فریا ناکەوێت، ژیان وەك پێشتر نییە پێویستی زیاترە و ئەرکەکەش قورسترە، بەڕای من ئافرەت چ لە ماڵەوە یاخود لە دەرەوە زەرورە ئیش بکات، ئەوەش بەپێی گونجان دەبێت ڕێکبخرێت، تاوەکو هاوکاری هاوسەری بکات، ئەویش لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە تر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان.

لە ماوەی کارکردنم سەختترین کاتەکانم ماوەی دوگیانیم بوو بەمنداڵی دوەمم زۆر هەوڵم دەدا و ئیشم دەکرد، چەندجارێکیش بەشداری فێستیڤاڵەکانم دەکرد هەرچەند زۆر قورس بوو بۆم بەڵام لە هەوڵدان نەوەستام، پێم وایە ئافرەت خوای گەورە هێزێکی زۆری پێداوە دەتوانێت هەرشتێك بیەوێت ئەنجامی بدات، ئامۆژگاریم بۆ خانمان ئەوەیە هیچ کات لە هەوڵدان نەوەستن چونکە ژیان بەسەختیەوە جوانە».

دەشنێ کەمال لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە جوانە کە بەمنیان بەخشی، هیوام سەرکەوتنتانە هیوادارم بەردەوام هانی خانمان بدەن و ئەزموونەکانیان بخەنە پێش چاو بۆ ئەوەی خانمانی دیکەش ئەگەر هەر خەون وخولیایەکیان هەیە دەست پێبکەن و بێنە مەیدانی کارکردن».

**یەکەم ئەزموونم لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە چووم بۆ بەشەناوخۆیی لە کاتی خوێندندا، ئەوەش وای کرد پشت بەخۆم ببەستم، تەنانەت ئەوکات ببووم بەشێفی ژوورەکەی خۆمان**

**هاوسەرەکەشم گەورەترین هاوکارم بوو تائێستاش هەر ئۆردەرێکم هەبێت ئەو خۆی بازاڕم بۆ دەکات، ئەمەش بۆ من گەورەترین پاڵپشتییە**

**زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم هیوادارم بەردەوام هانی خانمان بدەن و ئەزموونەکانیان بخەنە پێش چاو بۆ ئەوەی خانمانی دیکەش ئەگەر هەر خەون وخولیایەکیان هەیە دەست پێبکەن و بێنە مەیدانی کارکردن**

# هەمیشە ئافرەت و منداڵ باجی دابونەریتە سەپێندراوەکان دەدەن

زۆرن ئەو ئافرەتە زوڵملێکراوانەی کە بەهۆی کۆمەڵێک نەریتی سەپێندراو ڕووبەڕووی دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری بوونەتەوە، لە زۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکانیشدا ئافرەت و منداڵەکانی باجی قورسیان داوە، چونکە لە ڕابردوودا ئافرەت خاوەنکار و خاوەن داهاتی خۆی نەبووە، بەڵکو چاو لە دەستی باوك و برا و هاوسەر بووە.

دادە نەرمین دایکێکی کڵۆڵ و نەخۆشی دانیشتووی شاری هەولێرە، ئەو تەمەنی ٦١ساڵە و خوێندەواری نییە، لە ئێستادا لە خەڵوەتگەی پیری دوور لە منداڵ و کەسوکارەکەی ژیان دەکات.

بە حوکمی ئەوەی حەزی لە دەردەدڵ بوو ڕازی بوو لەسەر ئەوەی قسە بۆ پەیامنێری گۆڤاری گوڵان بکات، بەبێ ئەوەی وێنە و ناوی ڕاستەقینەی بڵاوبکرێتەوە، بە دەم ئاهی ساردەوە بەمجۆرە چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی ■



«ماڵمان لە گوندێکی ئەو دەشتی هەولێرە بوو، تەمەنم گەیشتە ١٧ساڵی بۆ برا گەورەکەم ژن بە ژنەیان پێکردم بەبێ ئەوەی پرسم پێ بکرێت و بەبێ ئەوەی زاواش ببینم، ئەو کات شەڕی عێراق و ئێران بوو زاواش لە عەسکەری بوو، لە ماڵە خەزورانم بەهۆی ئیش و کار ساڵی جارێك دەیانبردم بۆ ماڵی باوکم، لە ماوەی سێ ساڵ سێ کچم لەسەر یەك بوو، عەسرێك براژنەکەم واتا ئەو ژنەی کە بە من درابوو بە گریان هاتەوە و گوتی براکەت سێ بە سێ تەڵاقی داوم، هەر ئەو ڕۆژە باوکم و خزمێکمان هاتن منیان بردەوە ئەو کات کچە بچووکەکەم هێشتا چلەی نەچوو بوو، زۆر گریام و پاڕامەوە کە لە کچەکانم جودا نەکەنەوە، بەڵام باوکم گوتی هیچ مەجالی تێدا نییە و دەبێ تۆش تەڵاق بدرێیت، نووشتامەوە پێڵاوەکانی باوکم ماچ کرد، بەڵام سوودی نەبوو».

دادە نەرمین بەدەم گریانەوە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: «خوایە گیان ئەو زوڵمەی لە من کرا لە دوژمنەکەشم نەکرێ، ئەو خەمەی من دیتم کەس نەیبینێ، هەر ئەو هاتنەوەیە بوو هاتمەوە جارێکی دی نەگەڕامەوە ماڵەکەی خۆم و بەبێ ویستی خۆم هێلانەکەم لێ تێکچوو، شەوان هەتا سبەینێ بە دزی بۆ کچەکانم دەگریام و دەنوزامەوە، بە دزی بۆ کارۆکەکانم بۆ کەزی زەردەکانی خۆم دەگریام، باوکیان کچەکانی بۆ هێنام تاوەکو بەخێویان بکەم، بەڵام باوکم زۆر غەدار بوو تەنانەت ڕێگەی نەدا لە باوەشیان بگرم و گوتی نابێ منداڵی خەڵکی بەخێو بکەیت، چونکە منداڵ هی پیاوە نەك هی ژن، دایکیشم لە من بێ دەسەڵات تر بوو هیچی بۆ من پێ نەکرا.

دوای چەند ساڵێك بێ ئەوەی ئاگادار بم جارێکی دیکە بە شوویان دامەوە، منیان دا بە پیرە پیاوێك کە ژن و هەشت منداڵی هەبوو، لەو ماڵەدا وەکو خزمەتکار بووم و خزمەتی گەورە و بچووکم دەکرد، لەو پیاوە هیچ منداڵێکم نەبوو.»

هەروەها گوتی: «دوای تێپەڕ بوونی ٢٥ ساڵ کچەکانی خۆمم بینیەوە، ئەوکات هەر سێکیان هاوسەرگیرییان کردبوو، ئەو کچانەی بەهۆی دابونەریتێکی سەپێندراو لە دیتن و خۆشەویستییان تێر نەبووم، چەندین ڕۆژ و مانگ و ساڵ چاو لە ڕێگەی هاتنیان بووم بەڵام هەر نەهاتن.

ئەمڕۆش وەك دەبینن لێرە کەوتووم دوای مردنی هاوسەرەکەم زڕکوڕەکانم دەریان کردم، ماوەیەك چوومەوە ماڵی ئەو برایەی کە ژیانی هەڵتەکاندم، بەڵام لەوێش لە خزمەتکارێك زیاتر نەبووم و برا و برازا بۆخۆیان ساغ بن، کچەکانم زۆر هەوڵ دەدەن بچمەوە لەگەڵیاندا بژیم، بەڵام هەرگیز ناچم و کێشە و دەردەسەرییان بۆ دروست ناکەم، چونکە من وەك دایکێك نەمتوانی بەخێویان بکەم و نازیان هەڵبگرم، نەمتوانی دووجار پێیان بڵێم خۆشمدەوێن، نەمتوانی لە کاتی نەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیان بم، نەمتوانی وەکو دایك و کچ دوو دەردەدڵ پێکەوە بکەین، بە زۆری زۆرداری کچەکانیان لەبەر سکم هەڵگرت، خوای گەورە عەدالەتی زۆرە لەسەر دنیا تۆڵەی منیان لێ بووەوە، بەڵام گەردنیان ئازاد ناکەم و لەسەر پردی سیرات حەقەکەی خۆم لە باوکم و براکانم وەردەگرمەوە».

**بەهۆی دابونەریتێکی سەپێندراو لە دیتن و خۆشەویستییان تێر نەبووم، چەندین ڕۆژ و مانگ و ساڵ چاو لە ڕێگەی هاتنیان بووم بەڵام هەر نەهاتن**

**کچەکانیان بۆ هێنام تاوەکو بەخێویان بکەم، بەڵام باوکم زۆر غەدار بوو تەنانەت ڕێگەی نەدا لە باوەشیان بگرم و گوتی نابێ منداڵی خەڵکی بەخێو بکەیت**



# یادی بەخێر

ئەحمەد سالار

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**«پاشنیوەڕۆیەکی هاوین لەگەڵ کاك «هونەر»ی کوڕما بۆ ماڵی دکتۆر کەمال مەزهەر بەڕێکەوتین، مەبەستم بوو پرسیارێکی مێژوویی لە خزمەتیان بکەم، دکتۆر دۆست و عەزیزم بوو، هەر کارێکی شانۆییم ببردایە بۆ شاری بەغدا، ئەو یەکێك بوو لە بینەرانم.»**

بەخێرهاتنێکی کوردانەی گەرم و گوڕی لێکردین، هونەری کوڕم پێی ناساند، فەرمووی لە خۆت قۆزترە.

دکتۆر مەزهەر ئەفەندی باوکی و حەپسەخانی دایکی هەردووکیان پوورزای دایکم بوون.

دیار بوو هاوسەرەکەی تەندروستیی باش نەبوو، بۆیە بە دەستی پیرۆزی خۆی ساردیی بۆ هێنایین.

پاش چەند و چۆنی سەبارەت بە بارودۆخەکە، هاتمە سەر باس و مەبەست.

ئەوە کاك شێرکۆ بێکەس یادی بەخێر.

باشە کاك سالار تۆ شانۆییت لەسەر چەندین شاعیر نووسیوە، بۆ لەسەر بێکەسی باوکیشم شتێ نانووسی؟

بەسەرچاو، جگە لەوەی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە لەگەڵ باوکم قوتابی بوو،

ئەو دەمەش کە بۆ سۆراغی باوکی بێکەس لەگەڵ دایك و کاك و تایەری برایدا ڕوویان لە بەغدا کردبوو، لەوێ دایکیشی چووبووە بەر دلۆڤانیی خودا، بۆیە خێرخوازان دەیانبەنە ماڵی (حاجی عەلی ئاغا) کە هاوسەرەکەی پووری باوکم بوو.

بەهەر حاڵ کاك (شێرکۆ)ش گەلێك سەرنجی وردی لەسەر بێکەسی دامێ. لە ژیانی ئەو شاعیرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەبوو، وەك ئەو ڕۆژەی گردی (مامەیارە) کە شیعری (بیست و حەوتساڵەی) بە ڕووی (ئەرموکرا) خوێندەوە

و پاشان شەڕی بەردەرکی سەرای ساڵی ١٩٣٠ سلێمانی.

وتم: دکتۆر هاتوم ڕێنماییم بکەی سەبارەت بە ڕۆژی شەشی ئەیلول. فەرمووی: «کاکە سالار ڕەش نییە بەڵکو گەشە. چونکە یەکەم جار بوو لە مێژووی نزیکی گەلی کورد دا بزوتنەوەیەکی ئەوتۆ لە شاردا ببێت و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان بەشداری تێیدا بکەن، بۆیە بە خاڵێکی پڕشنگدار دادەنرێ».

باسی زۆر شتی ئەو دەمەی بۆ گێڕاینەوە لە باسی (ڕەشوڵ)و گەلێ شتی دیکە. گێڕایەوە ئێوارەیەك باوکم پێی وتم لەو سەر کە هاتیتەوە کاك ڕەشوڵ لەگەڵ خۆت بێنەرەوە ماڵێ، دیار بوو باوکم چەند میوانێکی هەبوو حەزی دەکرد بە دەنگی ئەو هونەرمەندە دانیشتنەکە جوانتر و خۆشتر بکات، وتم بەڵێ ئەمر دەکەیت».

ئەو کاتە پیاوانی شار کەسە دیارەکان، یان لە دوکانەکەی حەمەسەعی خەیات دائەنیشتن، یان لەبەردەم ئەو دوکانەدا. کاك (ڕەشوڵ)یش لەوێ وەستا بوو، وا ڕێککەوت کاك «قادر»ی گۆرانیبێژ یادی بەخێر، لەوێ ڕاوەستا، بوو منیش سڵاوم لێکرد و پێم گوت: باوکم حەز ئەکات بێیتە ماڵی ئێمە، دیار بوو بە باشی گوێی لە ناوی کاك «ڕەشید»ـەکە نەبوو،



بۆیە لەگەڵم هات و چوینە ماڵەوە، باوکم دڵی نەهات بڵێ مەبەستمان تۆ نەبوو، ئەویش لە بری کاك ڕەشوڵ دەنگی تێ هەڵژی:

گوڵی سەربەستی مردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی.

دەسا یادت بەخێر کاك قادری حاجی حوسێن.

هاتینەوە سەر باسی شەشی ئەیلوولی گەش، شاعیرانی شارەکە بە دڵ بەشدارییان لەو ڕاپەڕینەدا کرد و ئەوە گۆرانی مەزن:

بڵێن بەو بووکی تازەی
یەك شەوەم گەر هاتە سەرنەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی
وڵاتێکا سەرم بەخشم
ئەتۆی پەروەردە کرد بۆ
من لە داوێنی چیا و کەژیا

هەر بۆ ئەو بۆنەیە یادی بەخێر شاعیری نەتەوایەتی «کامل ژیر» شێعرێکی دانسقەی بە ئیمتیازی بۆ شەهید (عەولە سیس)ی وتووە، کە گوڕوتین و هەڵچووی ڕاپەڕینەکەی تیا نەخشاندووە، بەڵام جێگەی تێڕامانە بۆچی وەکو پێویست لەسەری نەدوێنراوە.

# دەرهێنەری فیلمی «Mission: Im-possible» ستایشی تۆم کروز دەکات

بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەستێرەی جیهانی «تۆم کروز» زۆرترین هەوڵی خۆی داوە بۆ بەشی داهاتووی زنجیرە فیلمی «Mission: Impossible».
هەروەها تۆم کروز و دەرهێنەری کارەکە «کریستۆفەر ماك کواری» بەم دواییانە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری Empire بەشدارییان کرد، بە مەبەستی بانگەشەکردن بۆ فیلمی «Mission: Impossible - Dead Reckoning Part Two» ئاماژە بەوە کراوە کە ڕەنگە ناوی فیلمەکە گۆڕابێت بۆ «Final Reckoning».
لەو چاوپێکەوتنەدا دەرهێنەری فیلمەکە ستایشی بەهرەی نواندنی ئەستێرە پلە یەکەکەی کرد و گوتی: «لەو فیلمەدا زنجیرەیەك جووڵەی سەرسوڕهێنەر هەن کە بینەر سەرسام دەکەن.»
بۆ ئەوانەی زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەم فیلمەوە نییە، بڕیارە فیلمی «Mission: Impossible - Dead Reckoning Part Two» یان «Final Reckoning» لەم ساڵدا لە سینەماکاندا نمایش بکرێت».





کریستۆفەر هەروەها گوتیشی: «ڕۆژێك دێت توم کارێك دەکات کە لە هەموو کارەکانی پێشتری باشتر بێت، من بەڕاستی تووشی دڵەڕاوکێ دەبم کاتێك بیر لەو گرژییە دەکەمەوە.» پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوە شتێکی زۆر قورس بووە.

لە هەمان چاوپێکەوتنندا، توم کروز بە ڕاشکاوی باسی ئەو جووڵە مەترسیدارانەی کرد کە ئەنجامی دەدات و گوتی: «کاتێك ڕوخسارت لە فڕۆکەیەك دەردەهێنیت کە بەخێرایی زیاتر لە ١٩٠ بۆ ٢١٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەجووڵێیت، ئۆکسجینت دەست ناکەوێت، بۆیە دەبوو خۆم ڕابهێنم لەسەر چۆنیەتی هەناسەدان، هەروەها جاریش هەبوو کە لە ڕووی جەستەییەوە هۆشم لەدەست دەدا و نەمدەتوانی بگەڕێمەوە ناو فڕۆکەکە.»

پێشتر کۆمپانیای Paramount یەکەم ڤیدیۆی بانگەشەیی بۆ فیلمە نوێیەکەی چاوەڕوانکراوی «Mission: Impossible — Dead Reckoning Part Two» یان «Final Reckoning» بڵاو کردەوە، کە ئەستێرەی جیهانی» توم کروز» ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێت و لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٥ دەگاتە سینەماکان.

لە تریلەرەکەدا کەسایەتیی ناسراوی کروز «ئیپان هانت» جارێکی دیکە دەردەکەوێت کە لە نێوان کیشوەرەکاندا باز دەدات و لە دوژمنەکان ڕادەکات. ماوەی ڤیدیۆکە زیاتر لە دوو خولەکە، پێشبینی دەکرێت ئەم بەشەی تەواوکەری فیلمی «Mission: Impossible — Dead Reckoning Part One» کە ساڵی ڕابردوو بڵاو کرایەوە و زیاتر لە ٥٧١ ملیۆن دۆلاری لە سەرانسەری جیهاندا بەدەست هێنا، سەرنجی بینەران ڕابکێشێت و وەك یەکێك لە گەورەترین فیلمەکانی هاوینی داهاتوو هەژمار بکرێت.

# کەیت وینسڵێت نایەوێت نازناوی «ئازا»ی لێ بنرێت

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری تایم بۆ ناساندنی فیلمە نوێیەکەی بە ناوی «لی»، کە باس لە ژیانی (لی میلەر) دەکاتك کە نمایشکارێکە و دواتر دەبێتە وێنەگری بەناوبانگی جەنگ، کیت وینسلێت خانمە ئەکتەری براوەی خەڵاتی ئۆسکارك بیروڕاکانی خۆی دەربارەی مانای ڕاستەقینەی ئازایەتی خستە ڕوو.


وینسڵێت لەو بارەیەوە دەڵێت: «من پێم وانییە وشەی «ئازایەتی» دەبێت بەسەر ئەو ژنانەدا بشکێتەوە کە لە بواری ڕابواردندا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن دەربارەی پێستیان، یان بڕیار دەدەن ماکیاژ نەکەن لە شوێنە گشتییەکاندا، ئەمە ئازایەتی نییە، من بەڕێوەبەری پێشووی پۆستە نیم کە بۆ دادپەروەری دەجەنگێم، و لە ئۆکرانیاش نیم، من کارێك دەکەم کە گرنگیی پێ دەدەم، من هەمیشە ڕۆڵی ئەو ئافرەتانەم بینیوە کە هیوادارم ئافرەتی ڕاستەقینە بن.»

وینسڵێت لە فیلمە نوێیەکەدا ڕۆڵی میلەر دەگێڕێت بە سەرپەرشتی ئیلین کوراس، ئەو دەرهێنەرەی کە یەکەم جار لە فیلمی «Eternal Sunshine of the Spotless Mind» ساڵی ٢٠٠٤ کاری لەگەڵدا کرد.

لای خۆشیەوە کوراس گوتی: «کەیت زۆر ئازایە، هەروەك لی میلەر تەماشای نەهامەتییەکانی ئافرەتان دەکات و گرنگی بەوە دەدات کە ڕوو دەدات.»

کەیت وینسڵێت ئەکتەرێکی ئینگلیزییە کە پلەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای بەدەست هێناوە.

کەیت لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ لە ڕیدینگ بارکشیر لەدایك بووە.



شەیما مەولایی بۆ گوڵان:

# باشووری کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە یەکگرتوویی هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان



ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری نواندندا هەنگاوی باشی ناوە و ئەکتەر و دەرهێنەری بە توانای تێدا هەڵکەوتووە، لەم نێوەندەشدا خانمان شوێنپەنجەیان دیار و بەرچاو بووە، شەیما مەولایی یەکێکە لەو خانمە ئەکتەرانەی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە باشوور و ڕۆژهەڵات بەشداریی لە چەندین کاردا کردووە، یەکێك لەو کارانە زنجیرە درامای «ئادیابین» بوو، کە وەرزی دووەمی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە شاشەی کوردستان تیڤی نمایش کرا و جەماوەرێکی زۆری هەبوو.
شەیما وەك خۆی دەڵێت هەر لە تەمەنێکی زووەوە حەزی لە بواری هونەر بووە، بەتایبەت سینەما و ئەکتەری، هەر بەم بۆنەیەوە لە کۆرسێکی فوتوگرافی و دواجار فیلمسازی لە ئەنجومەنی سینەما جوانی سنە بەشداریی کردووە و، دوایی بە کورتە فیلمێك دەستی بە کاری نواندن کرد، ئەو کارە بوو بە دەستپێکی نواندنی، سەبارەت بە بەشداریکردنی لەم درامایەدا و کارەکانی پێشووی و ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە بواری نواندن لە هەر چوار پارچەی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

*** بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکە ت لە زنجیرەی ئادیابین چۆن بوو؟**

- هەوڵی خۆمم دا بیری ئەو جیهانە بکەم کە کاراکتەرەکە تێدا دەژی و بە ڕێنمایی دەقەکە و کومەکی دەرهێنەر، ئەو بەشە نهێنییانە کە لە ناو کاراکتەرەکەدا هەیە بیدۆزمەوە. کاراکتەری ڕێحان بەشێك لە ناسنامەی ژنان و کچانی بەهێزی کوردە. ئادیابین بەشێك لە مێژووی کورد لە ساڵانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، کە پڕە لە ڕووداوی ناخۆش و ناخەژێن. من خوم وەك کوردێك کە هەستم بەم ئازار و ناخۆشییانە کردووە، ئەمە یارمەتیدەر بوو کە لە کەسایەتییەکە باشتر تێبگەم و وەك بەشێك لە خۆم ببینمەوە.

*** چ ڕەخنەو تێبینیت لە سەر ڕۆڵی خۆت هەیە لە دراماکەدا؟**

- بێگومان هیچ کارێك نییە بێ کەموکوڕی بێت، من خوم وەك ئەکتەرێك تەواوی هەوڵی خومم دا ڕۆڵی ڕێحان بە باشترین شێوە بگێڕمەوە و سەداقەتم هەبێت هەم لە گەڵ خوم و هەم لە گەڵ بینەریش.وەکو ئەزموون، ئەزموونێکی بێوێنە بوو بۆ من.بە ڕاستی هونەری نواندن ڕێگەیەکی درێژخایەنە بۆ فێربوون و گەشە کردن، هەوڵ ئەدەم بەپەرۆشەوە بەردەوامبم لەم ڕێگەیە.

*** چۆن وا بکەین جەماوەر دووبارە ڕوو لە درامای کوردی بکاتەوە؟**

- باوەڕم وایە بۆ ئەوەی جەماوەر ڕوو لە درامای کوردی بکات، پێویستە دراماکان وا درووست بکرێن کە لە دڵی خەڵکەوە بۆ خەڵك بێت. دراماییەك کە کێشە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان پیشان بدات و لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی بەهێز و سەرنجڕاکێشی هەبێت، کاتێ چیرۆك باش بێت بینەر دەبێتە بەشێك لە چیرۆکەکە و خوی لە ناو ئەو جیهانەدا دەبینێتەوە.

*** ڕۆڵبینین بە شێوەزارێکی جیاواز لەوەی کە قسەی پێ دەکەیت، ئاسان بوو؟**

- بە هۆی ئەو تەجرووبە و ئەزموونانەی کە لە چەن کارێکی دیکە لە باشووری کوردستاندا هەمبووە، قورس نەبوو، بەڵام زۆریش ئاسان نەبوو.

*** دوور لە ئادیابین پێت وایە ئێستا کورد خاوەنی بنەمای تیۆرییە لە شانۆگەریدا؟**

- لەم ساڵانەی دواییدا شانۆی کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و چەندین نووسەر و شانۆکار کاریان کردووە لە بواری تیۆری شانۆدا، کە خاوەنی تایبەتمەندی و لە سەر بنەمای کەلتووری کوردین، بەڵام هێشتا پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ پتەوکردنی بنەمای تیۆریی تایبەت بە شانۆی کوردی و ناساندنی زیاتری لە ئاستی جیهاندا.

*** لەو کارانەی تا ئێستا بەشداریت تێدا کردوون، لە کامیان زیاتر ڕازیت و لە کامیان ڕەخنەت لە خۆت گرتووە؟**

- هەمیشە ڕەخنەم هەبووە لە خوم و بەتەواوی لە کارەکانم ڕازی نەبووم، وەکو هەر ئەکتەرێك لە گەڵ هەر یەکێك لە کاراکتەرەکانمدا بەڕاستی ژیاوم و هەرکامیان بە بەشێك لە خۆم دەزانم، ئەو ڕەخنە و کەموکووڕییانەش کە لە کارەکانمدا هەبووە، وەکو پەڕەیەکی نوێ بوون و لێیانەوە فێر بووم .

*** باشووری کوردستان بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات چی دەگەیەنێت؟**

- باشووری کوردستان وەك پەناگەیەکی ئازاد هەمووکات میواندارێکی باش و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە بۆ یەکگرتوویی هونەر و هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەر چوار پارچەی کوردستان پڕە لە هونەرمەندی گەورە کە پێویستە پەیوەندییە هونەرییەکانیان بەهێزتر بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن و کاری گەورەتر بکەن بۆ هونەری کوردی. هونەر بە هێزترین هۆکاری یەکگرتنی ئێمەی کوردە.

*** کارکردن لە سینەما و شانۆ و درامادا چ جیاوازییەکی هەیە؟**

- سینەما و شانۆ و دراما هەر یەکەیان جیهانێکی جیاوازیان هەیە. سینەما و دراما هونەری وردبینی و دووبارەکردنەوەیە و، ئەگەر هەڵەیەك بکەیت ئەتوانیت هەڵەکانت چارەسەر کەیت، بەڵام لە شانۆدا چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیت لەگەڵ بینەر هەیە، ناتوانیت هەڵە بکەیت، ئەگەر هەڵەیەکیش هەبێت، ئەبێ بیکەیت بە بەشێك لە نواندنەکەت، من خوم زیاتر چێژ لە شانۆ ئەبینم چوونکە دانابڕێت لە ئیحساسەکانت و ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە لە گەڵ بینەر هێزێکی تایبەتت پێ دەبەخشێت.



مەبەست فایەق

یاریزانی کاراتێی یانەی هەڵبژاردەی عێراق:

# یاریی کاراتێ لە کوردستان لە ئاستێکی پڕۆفیشناڵدایە




یانەکانی سەنتەری پارێزگای سلێمانی گرنگیی زۆر بە یارییە تاکییەکان دەدەن و ئەنجامی شایستەیان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئاسیاش بەدەست هێناوە. گەنجانی شاری سلێمانی ماوەیەکی زۆرە ڕوویان لە یارییە جەنگییەکان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە لە سەر عێراق و دەرەوەش تۆمار بکەن، یاریی کاراتێ بووەتە دڵخوازی گەنجانی ئەو شارە و چەندین یاریزانی بەتوانا گەیشتوونەتە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق. یاریزان «مەبەست فایەق» یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری سلێمانی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکان و لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی. مەبەست لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی پارێزگای سلێمانییە و ماوەی چەندین ساڵە لە تیپی کاراتێی یانەکانی سلێمانی و هێرش و زانکۆی سلێمانی و سەرچنار و هەڵبژاردەی عێراقی یاریی کردووە، لەم دیمانەیەدا گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.




*** وەکو گەنجێك چی وای لێ کردیت بچیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

- من هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزشم هەبووە.

*** وەکو حەز یان بۆ بەرگریکردن یاریی کاراتێت هەڵبژاردوە؟**

- لە بەر ئەوەی خولیای هونەریی جەنگیم هەیە و وە کاراتێش بە شێکە لە هونەرە جەنگییەکان، ئەم وەرزشەم هەڵبژارد.

*** هەست ناکەیت یارییەکی زیاتر شەڕانگێزیت هەڵبژاردوە؟**

- چونکە هەڵبژاردەی خۆم بووە هەر چەند قورسیش بێ ئامادەم بەرەنگاری ببمەوە.

*** یاریی کاراتێ چ ئاستێکی تێپەڕاندوە لە کوردستان؟**

- یاریی کاراتێ لە کوردستان پرۆفیشناڵە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتندایە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- هاوکاریی ماددیی یاریزانان بکرێت تا بتوانێت بەشداری لە زۆرترین پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا بکەن.

*** زۆر جار گوێ بیستی ئەوە دەبین دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی یاریی کاراتێیان پشتگوێ خستووە، ئایا ئەمە ڕاستە؟**

- هەر یاری کاراتێ نییە، لە بەر خاتری تۆپی پێ هەموو یارییە تاکییەکانیان پشتگوێ خراون، ئەوەش بە سوودی وەرزشی نابینم.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کورە وەرزشکارێك؟**

- دەمەوێت ئەو توانایەی هەمە خزمەتی یاریزانانی دیکەی پێ بکەم، بۆ ئەو ڕێگایەی من بڕیومە ئەوان زیاتر ببڕن.

*** سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ؟**

- دڵخۆشم بەوەی ئەو ئارەقەی کە ڕشتوومە، توانیومە بەرووبوومەکەی ببینم.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی ؟**

- هەر کەسێك بێتە یاریگەوە یاریم لەگەڵ بکات ئەو ڕکابەری منە.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە لەم یارییە؟**

- خەونی هەموو یاریزانێکی کوردە بتوانێ لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا بەشدار بێت و ئاڵای کوردستان بەرز بکاتەوە.

*** بۆچی یاریزانە کوردەکان بیریان لەوە نەکردووەتەوە تیپێك بەناوی کوردستان دروست بکەن؟**

-ئەو کارە لە ئەستۆی یەکێتیی ناوەندیی کاراتێیە، من وەکو پاڵەوان ناتوانم یاریزانان کۆ بکەمەوە.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**

- بەڵێ هەبووە، بەڵام من پەیوەست بوونەکەم پێ قبووڵ نەکراوە.

*** کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانیت؟**

- خانەوادەکەم بە هەموو شێوەیەك پاڵپشت و هاوکارم بوون.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی.



# تۆتنهام گرێبەستی ئەستێرەیەکی نوێکردووە

یانەی تۆتنهام گرێبەستی ئەستێرەیەکی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژکردەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی یانەی تۆتنهام لە ماڵپەرە فەرمییەکانی خۆیەوە، گرێبەستی لۆکاس بێرگڤاڵیان تا ساڵی ٢٠٣١ نوێکردووە.

ئەستێرە سویدیەکە هاوینی ڕابردوو بە بڕی ٨,٥ ملیۆن پاوەند لە خولی سویدییەوە پەیوەندی بە یانەی تۆتنهام کرد بۆ ماوەی ٥ ساڵ تا ساڵی ٢٠٢٩.

بێرگڤاڵی ناوەڕاستکار تەمەنی ١٩ساڵە و لەوەتەی پەیوەندی بە تۆتنهام کردووە ٤٥ یاریی ئەنجامداوە خاوەنی گۆڵێک و ٤ ئەسیستە.

تۆتنهام ئەو یاریزانەی وەک یەکێک لە بەردەکانی بناغەی پرۆژەکەی داهاتوویان دەبینن بۆ نوێکردنەوەی ڕیزەکانیان.



## مۆناکۆ گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەیەک مۆردەکات

ئێریک دایەر لەگەڵ یانەی مۆناکۆ ڕێککەوتنی کردووە.
دایەر، کە لە ساڵی ٢٠١٤ کاروانی پیشەگەریتی دەستیپێکردووە تا ئێستا بۆ دوو یانەی ئەوروپا یاریکردووە ئەوانیش تۆتنهام و بایرن میونیخ.
یانەی مۆناکۆ لەگەڵ ئەو بەرگریکارە ئینگلیزییە گەیشتووەتە ڕێککەوتن و دوای تەواوبوونی وەرزەکە بایرن بەرەو یانە نوێیەکەی جێدەهێڵێ.
خولی فەڕەنسی تەنها سێ هەفتەی ماوە و مۆناکۆ ئێستا لە پلەی چوارەمە و ڕکابەری لەگەڵ یانەکانی مارسیلیا و لیل دەکات، کە لە پلەکانی دووەم و سێیەم دێن بۆ دەستکەوتنی بلیتێکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وەرزی داهاتوو و یانەی مۆناکۆ دەیەوێ سوود لە ئەزموونەکانی بەرگریکارە ٣١ ساڵییەکە وەربگرێت بۆ ئەگەری سەرکەوتنیان بۆ ئەو پاڵەوانێتیە گەورەیە.
ڕێککەوتنی نێوان ئێریک و یانەی مۆناکۆ تا هاوینی ٢٠٢٧ بەردەوام دەبێت.

## جیمی ڤاردی ماڵئاوایی کرد

جیمی ڤاردی ئەستێرەی یانەی لیستەر سیتی لە ڕێگای تۆمارێکی ڤیدیۆیی پەیامی ماڵئاوایی بۆ هاندەرانی یانەکە نارد پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە بەفەرمی دابەزینی یانەکەی بۆ خولی چامپیۆنشیپی ئینگلتەرا.
جەیمی ڤاردی سەرکردایەتی یانەی لیستەر سیتی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگی ٢٠١٦/٢٠١٥ دوای ١٣ ساڵ یاریکردن لە ڕیزەکانی ئەو یانەیە ماڵئاوایی خۆی لە یانەکە ڕاگەیاند.
جیمی ڤاردی لەگەڵ یانەی لیستەر سیتی لە ٤٩٦ یاریدا، ١٩٨ گۆڵ و ٦٩ ئەسیستی کردووە و توانیویەتی نازناوەکانی ( پریمەرلیگ، فا کەپ و قەڵخانی خێرخوازیی ئینگلتەرا ) بباتەوە.
ڤاردی خاوەنی ڕیکۆردی تۆمارکردنی گۆڵە لە ١١ یاریی لەسەریەکی خولی نایابی ئینگلیزی و هیچ یاریزانێک نەیتوانیوە ئەو ژمارەیەی ئەو هێرشبەرە ئینگلیزییە بشکێنێت.
ئەفسانەکەی لیستەر سیتی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند :هاندەرانی لیستەر سیتی، ئێوە منتان لە دڵتاندا هەڵگرتبوو و لە کاتە سەختەکاندا لەگەڵم وەستان، واتان لێکردم بگەمە باشترین ئاستی خۆم، هەردەم هەستم بە پاڵپشتیتان کردووە و نازانم چۆن ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە چەند کاریگەر بوون لەسەرم من یەکێکم لە ئێوە و پێمان خۆشە، کە ماڵئاوایی من دوای وەرزێکی باش نەبوو.
دەربارەی وازهێنانی ڕایگەیاند: ئەمە پەیامی وازهێنان نییە، بەڵکو پەیامی ڕۆیشتنە لە لیستەر سیتی، من دەمەوێت بەردەوام بم لەو شتەی، کە چێژم پێدەدات گۆڵکردن سەرەڕای ئەوەی تەمەنم ٣٨ ساڵە، من حەزم لێیە بەردەوام بم لە یاریکردن.
شایەنی باسە لیستەر سیتی ئەم وەرزە بەشێوەیەکی فەرمی دابەزیوە بۆ خولی چامپیۆنشیپی ئینگلتەرا.



# زاخۆ دەیەوێت تیپەکەی بەهێز بکاتەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی زاخۆ یەکێك بووە لە تیپە بەهێزەکانی خولی بژاردەکانی عێراقی، لەگەڵ دەستپێکی ئامادەکارییەکانی یانەکەش تیپەکە چەندین یاریزانی ئەستێرەی کۆ کردەوە بە سەرپەرشتی تەلال بەلوشی ڕاهێنەری قەتەری، بەڵام لە یارییەکانی ڕابردوو ئاستی یانەی زاخۆ دابەزیبوو، بە جۆرێك هیچ یارییەك بە سوودی یانەی زاخۆ تەواو نەدەبوو، بۆیە ڕاهێنەری تیپەکە دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە. کارگێڕیی یانەی زاخۆ بە زوویی گرێبەستیان لەگەڵ عەبدولغەنی شەهد ڕاهێنەری دیاری عێراقی مۆر کرد بۆ ئەوەی هەر چی زووە یانەکە ئەو قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت و بگەڕێتەوە نێو کەشوهەوای یارییەکان و ئاستی تیپەکەش بەرز بکەنەوە. کارگێڕیی یانەی زاخۆ هەموو خەونەکانی ئەوەیە ئەم وەرزە ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت، چونکە پارەیەکی زۆری خەرج کردووە بۆ سەرخستنەوەی تیپەکە بۆ یەکەمی ڕیزبەندی یانەکان و بەشداریکردنی لە خولەکانی دەرەوەی عێراقی، بۆیە لە ئێستادا یاریزانان و ڕاهێنەری تازەی یانەکە هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی تیپەکە باشتر بکەن و تیپەکە بگەڕێننەوە نێو خانەی کێبڕکێیەکان لە سەر پلەکانی پێشەوە.





# سلێمانی چاوی لە خولی عێراقییە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سلێمانی ئەمساڵ لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان پاشەکشەی کرد و ڕووی لە خولەکانی عێراقی کرد، لە یەکەم هەنگاویشی لە خولی پالاوتنی یارییەکانی خولی پلە سێ عێراقی بەشداربووە و چاویان لەوەیە خۆیان بگەیەننە ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان و، لەوێش هەنگاو بۆ خولەکانی دیکە بهاوێن. یانەی سلێمانی لە دواین یاری بۆ گەیشتن بە یارییەکانی قۆناغی داهاتوو بۆ سەرکەوتن بۆ خولی پلە دووی عێراقی، لە ناو یاریگەی خۆی ڕووبەڕووی یانەی ڕیاز بووەوە، لەم یارییەشدا هەردوو یانە بەبێ گۆڵ یەکسان بوون و سلێمانی بە پێشەنگی یانەکان گەیشتە قۆناغی سێیەم، لەم بارەشەوە هەرێم کەلاری ڕاهێنەری یانەی وەرزشی سلێمانی لە بارەی تیپەکەیەوە گوتی: «تیپەکەمان گەیاندە ئەوە قۆناغەی ئێستا، هەوڵی زۆرماندا بۆ ئەوەی تیپەکە بە شێوەیەکی باش ئامادە بکەین و بگەینە قۆناغی سێیەم، لەم قۆناغەش یارییەکان هەندێك زەحمەتە، چونکە تیپەکەمان تیپێکی باشە و دەبێ لەم قۆناغەدا هەر یانەیەك زیاتر لە دە یاری ئەنجام بدات، ئێمەش هەموو ئامادەکارییەکانمان کردووە تا ئەم قۆناغەش ببڕین». لە بارەی هێنانی یاریزانی تازەش هەرێم گوتی: «ژمارەیەك یاریزانانمان دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ بکەین و تیپەکان بگەینە قۆناغەکانی داهاتوو، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و ئامانجمان ئەوەیە تیپەکە بگاتە خولی یانە پلە دووەکانی عێراقی».

# چوار یانە دابەزین بۆ ڕیزی یانە پلە سێیەکانی کوردستان

دوای ئەنجامدانی نۆ یاری لە یارییەکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان لە هەردوو کۆمەڵەی یانە بەشداربووەکانی کوردستان، چوار یانەی بەشداربووی خولەکە دابەزین بۆ ڕیزی یانە پلە سێیەکانی کوردستان. لە کۆمەڵەی یەکەم هەریەك لە یانەکانی هەریر و خەڵاتی پێنجوێن لە کۆی ئەنجامدانی نۆ یاری، هەریر تەنیا هەشت خاڵی کۆ کردەوە و یانەی خەڵاتی پێنجوێنیش تەنیا پێنج خاڵی کۆ کردەوە، ئەم وەرزە بۆ ئەم دوو یانەیە وەرزێکی باش نەبوو سەرەڕای ئەوەش یانەکە هیوای زیاتری هەبووە لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان. لە کۆمەڵەی دووەمیش هەریەك لە یانەکانی باوەنوور و خەبات دابەزین. هەرچی تایبەتە بە یانەی باوەنوور ئەوە بوو کە لە کۆی ئەنجامدانی نۆ یاری تەنیا یەك یاریی بردەوە و خاوەن شەش خاڵ بوو، یانەی خەباتیش بە نووسراوی فەرمی داوای کشانەوەیان کرد لە خولی پلە دوو و بەهۆی گرفتی دارایی تیپەکەیان نەیانتوانی بەردەوام بن لە یارییەکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان. هەر چەندە یانە دابەزیوەکان هیوای زۆریان هەبووە گرفتە داراییەکانیان چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لە سەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لە وەرزی ئەم ساڵ. ساڵێکی دیکە هەر چوار یانە دابەزیوەکە لە خولی پلە سێیەکانی کوردستان جارێکی دی دێنەوە ناو کێبڕکێیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن لە خولەکەدا و دوو بارە خەونی گەڕانەوەیان بۆ خولی پلە دوو بەدی بێنن.








# ١٢ خۆراکی زیانبەخش بۆ تەندروستیی دڵ

بەگشتی زیاد خواردنی ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی خوێ، شەکر، کاربۆهیدراتی سافکراو، چەورییە تێرەکان یان چەورییە نێوەندییەکان لەخۆدەگرن، بە تێپەڕبوونی کات ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکەن، چونکە دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG، هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی بەرگری بۆ ئینسولین، کە ئەگەری نەخۆشیی شەکرە و دڵ زیاد دەکات. ئەو خۆراکانەی کە زیانبەخشن بۆ تەندروستیی دڵ، بریتین لە: گۆشتی سوور کە دەوڵەمەندە بە چەورییە تێرەکان و کۆلیستیرۆڵ، گۆشتی پرۆسێسکراوی وەکو سۆوسەج و هۆت دۆگ و سەلامی Salami، سۆدا یان خواردنەوەی گازدارەکان، کە ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لەخۆدەگرن، نان و هەویرکاریی بە ئاردی سپی کە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکەنەوە و ئەگەری زیادبوونی کێش و قەڵەوی زیاد دەکەن، ماستی پرچەوری و چێژکراو Flavored Yogurt، برنجی سپی، پیتزا، کەرە، مریشکی سوورکراوە لە ڕۆندا، پەتاتەی سوورکراوە لە ڕۆنی داغدا French Fries، جیبسی پەتاتە، هەروەها ئایس کرێم.

# چێوەی کەمەر
# پەیوەندیی بە نەخۆشیی دڵ و شەکرەوە هەیە!



پێوانەی چێوەی کەمەر Waistline پەیوەندیی بەهێزی بە تەندروستییەوە هەیە، هەر چەند پێوانەی کەمەر گەورەتر بێت، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو زیاتر دەبێت. پێوانەی کەمەر یەکێکە لە کلیلەکان بۆ پێشبینیکردنی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو. بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO پێویستە کە پێوانەی کەمەر لە پیاودا هەرگیز لە ٩٤ سم زیاتر نەبێت و لە ئافرەتیشدا لە ٨٠ سم زیاتر نەبێت. کۆبوونەوەی چەوری لەناوەوە و لە دەوری سکدا بە چەوریی هەناو ناسراوە، کە هەندێکی لەژێر پێستدا جێگیر دەبێت، بەشەکەی دیکە لە دەوری ئەندامەکانی هەناودا کۆدەبێتەوە Visceral fat و هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەگەڵ پەیدابوونی بەرگریی خانەکان بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین کە زۆر نزیکە لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو.

# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە تای خوێنبەربوون

تای خوێنبەربوون Hemorrhagic fever نەخۆشییەکی ڤایرۆسیی کوشندەیە، ڤایرۆسەکە بە شێوەیەکی سەرەکی تووشی ئاژەڵ و قرتێنەرەکاندا دەبێت کە بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ یان گازی مێشولە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە. نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی تێکدانی بۆڕییەکانی خوێن و خوێنبەربوونێکی سەخت و تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکیی بۆ نەدۆزاوەتەوە. دەتوانین بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك خۆمان لە تووشبوون بپارێزین، کە بریتین لە: وەرگرتنی ڤاکسینە بەردەستەکان بۆ چەند جۆرە ڤایرۆسێکی تای خوێنبەربوون، وەکو ڤایرۆسی ئیبۆلا و زەردەتا Yellow fever بۆ ئەو کەسانەی ئەگەری تووشبوونیان لێ دەکرێت، کۆنترۆڵکردنی مێشولە و جاڵجاڵۆکە بە بەکارهێنانی دەرمانی دژە مێشوولە و مێرووەکان هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی تۆڕی تایبەت بە پەنجەرەکان، پاراستنی ماڵەکان لە گەیشتنی قرتێنەرەکان وەکو مشك و جورج، دووركەوتنەوە لە بەرکەوتن بە کەسانی تووشبوو، هەروەها دووركەوتنەوە لە خواردنی گۆشتی نەبرژاو.





# بایەخی تەندروستیی ماست

ماست Yogurt نزیکەی هەموو ماددە خۆراکییە پێویستەکان لەخۆدەگرێت، بەتایبەتیش دەوڵەمەندە بە پرۆتین، کالسیۆم، فۆسفۆر، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، سیلینیۆم، زینك، لەگەڵ ڤیتامینەکانی B2، B12. سوودە تەندروستییەکانی ماست: هاندانی کرداری متابۆلیزمی لەش و سووتاندنی وزە، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئارەزووی خواردن و هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەوەی کە ماست بەکتریای زیندوو یان پرۆبایۆتیك Probiotics لەخۆدەگرێت، سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن IBS بەتایبەتی سك ئێشە، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، سووککردنی نیشانەکان و هاندانی زووتر چاکبوونەوە لە هەڵامەت، ڕێکخستنی پەستانی خوێن، هەروەها پاراستنی تەندروستیی دڵ، بەتایبەتی ماستی سادەی کەم چەوری.

# هۆکارەکانی نەبوونی ئارەزووی خواردن بۆ ژەمی بەیانی



نەبوونی ئارەزووی خواردن بۆ ژەمی بەیانی Morning anorexia، بریتییە لە نەخواردنی ژەمی بەیانی یان دواخستنی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، کە لەوانەیە لەگەڵ ژەمی نیوەڕۆدا تێکەڵ بکرێت. هەندێك جار نەبوونی ئارەزووی خواردنی ژەمی بەیانی نەخۆشی لەپاڵەوەیە، بەڵام گەلێك جاریش هیچ هۆکارێکی نەخۆشی بەدی ناکرێت. هۆکارەکان: خواردنی ژەمی گەورەی ئێوارە یان خواردن درەنگانی شەو،پەستی یان خەمۆکی، دووگیانی کە لە مانگە سەرەتاکاندا دەبێتە هۆی هێڵنج و ڕشانەوە لەکاتی بەیانییاندا Morning sick- ness، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، پیربوون، سستبوونی گلاندی دەرەقی، نەخۆشیی جگەر، نەخۆشیی گورچیلە، پەککەوتنی دڵ، ئایدز، شێرپەنجە، هەروەها هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە وەکو هەڵامەت و ئەنفلوەنزا یان هەوکردنی شانەی سییەکان Pneumonia کە دەبنە ئەگەری کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و کەمبوونەوەی هەستی بۆن و چێژکر.

# چۆن خەمۆکی کێشی لەش زیاد دەکات؟



پەیوەندیی نێوان خەمۆکی و زیادبوونی کێشی لەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە کیمیای شانەکانی مێشکدا، زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل Corti- sol (هۆرمۆنی سترێس)، زیادبوونی چالاکیی سیستمی دەماری سیمپەتاوی Sympathetic و گۆڕان لە کرداری میتابۆلزیمدا، هاوکات لەگەڵ گۆڕان لە ستایلی ژیان و هەڵسوکەوتدا کە هۆکارە بۆ زیاد خواردن و کەم خەوی، لەگەڵ هەستکردن بە ئارامی لەکاتی خواردندا، بەتایبەتی خۆراکی شیرین و پرچێژ. جگە لەم هۆکارانە، زیانی لابەلای بەکارهێنانی دەرمانەکانی دژەخەمۆکی هۆکارن بۆ زیادبوونی کێش. تووشبووانی خەمۆکی بەگشتی دووردەکەونەوە لە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی یان بە کەمی ئەنجامی دەدەن، کە هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش. لە لایەکی دیکەوە کێشی هەندێك کەسانی تووشبوو بە خەمۆکی کەم دەبێتەوە لەبەر کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە ئەگەرچی خەمۆکی هاندەرە بۆ زیادبوونی کێش، بە پێچەوانەشەوە زیادبوونی کێشی لەش تا ڕێژەی ٪٥٥ هاندەرە بۆ تووشبوون بە خەمۆکی.




# کامێرایەک بەق

کۆمپانیای فوجی فیلم لە جیهانی کامێرای دیجیتالیدا ناوێکی نامۆ نییە لەم دواییەدا کامێرایەکی بچووکی بە قەد هێلکەیەك بەرهەم هێناوە کە بە کامێرای جۆری Instax Pal ناسراوە. کامێراکە وێنەگرتنی نۆستالژیای گەیاندووەتە لوتکە. ئەم ئامێرە بچکۆلەیە لە ٢٠٢٣ بەرهەمهات و لە ساڵی ٢٠٢٥ پەرەی پێدرا. بۆ تۆمارکردنی یادەوەرییەکان لە گشت و سەیران و هەروەها بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان زۆر گونجاوە. کامێراکە وێنەی ٥ مێگاپیکسلی دەگرێت و دەتوانیت لە رێگەی بلوتوثەوە بیانێریت بۆ مۆبایل یان پرینتەرەکانی تایبەت بەخۆی. تایبەتمەندییەکی هەیە ئەویش ئەوەیە دەنگیش تۆمار دەکات لە کاتی

# ئەو رۆبۆتەی منداڵان فێری داهێنان دەکات

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا رۆبۆتەکان دەتوانێن شوێنگرەوەیەکی باش بن بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە ئەو رۆبۆتەی دەبینن کە بەناوی XGO Rider ناسراوە تایبەتە بە فێرکاری و منداڵان فێری داهێنان دەکات. رۆبۆتەکە لەلایەن کۆمپانیای Elecfreaks بەرهەم هاتووە. قەبارەی رۆبۆتەکە بچووکە، وەك مۆتۆرێکی بچووك دەچێت. رۆبۆتەکە منداڵان فێری پرۆگرامسازی و رۆبۆت دروستکردن دەکات، رێگە بە منداڵان دەدات فەرمانەکانی جوڵە دروست بکەن، وەك سوڕانەوە یان پێشبرکێ. ئەم رۆبۆتە نەك تەنها بۆ یاری و ئەنجامدانی جوڵەی نمایشی گونجاوە، بەڵکو بە هەستیارە پێشکەوتووەکانی، وەك ژیرۆسکۆپ و خێرایی پێو، یارمەتی فێربوونی زانست، تەکنەلۆژیا، ئەندازیاری و بیرکاری (STEM) دەدات لە ماڵەوە یان لە قوتابخانەدا.

کێشەکەی نزیکەی نیو کیلۆ دەبێت. شەحن دەکرێتەوە و تا دوو کاتژمێر کار دەکات. لە رێگای بلوتوث و Wi-Fiیەوە لەگەڵ iOS و An-droid پەیوەند دەدرێت.






# هەورگەیەک لـ

لەم سەردەمەدا داتاکان کە هەموویان بوونەتە دیجیتالی پاراستن و هەڵگرتنیان زۆر گرنگە. ئامێرەکانی وەك فلاش میمۆری و هاردی دەرەکی و DVD و...تاد گرنگی خۆیان لە هەڵگرتنی داتاکان. بەڵام هیچیان ناگەنە ئەو بیرگە هەوریانە واتە cloudەکان. ئەوان داتاکان لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگرن و لە هەرشوێنێك پێویستت پێ دەتوانی داتاکانت وەربگریەوە، بۆ نموونە dreambox و googledrive و ئەوانی دیکە. لەم دواییەدا ئامێرێکی تایبەت بە هەڵگرتنی داتاکان بەشێوەی ئۆنلاین یا هەوری بەرهەم هاتووە کە پێویستی بە هیچ کۆمپانیایەك نابێت. ئامێرەکە بە جۆری PocketCloud ناسراوە. بەهۆیەوە دەتوانی فایلە وێنەیی ڤیدیۆیی و بەڵگەنامە گرنگەکانت لە




## ـــــەد هێلکەیەک

وێنەگرتندا.
کێشی تەنها ٤١ گرامە و قەبارەی ٤.٢X٤.٤X٤.٣ سانتیمەتر، لە گیرفانتدا جێگای دەبێتەوە! خۆی تەنیا پەنجا وێنە هەڵدەگرێت بەڵام کارتی mi-croSD دەخرێتە سەر. باترییەکەی بۆ گرتنی ١٦٠ وێنە دەبێت. زیاتر بۆ منداڵان گونجاوە.




## ـــــە گیرفانتدا

شوێنێکی پارێزراودا هەڵبگریت و لە هەر شوێنێکی جیهانەوە بە مۆبایل، تابلێت، یان تەلەفزیۆن دەستت پێیان بگات. بۆ خێزانەکان یان تیمە بچووکەکان زۆر نایابە. بە ئاسانی دەتوانیت فایلەکان بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ کەسانی تر بەش بکەیت یان فیلم و مۆسیقا ڕاستەوخۆ لەسەر ئامێرە پەیوەندیدارەکان پەخش بکەیت. ئەم ئامێرە بە کۆدکردنی بەهێز، خەیاڵت ئاسودە دەکات لە پاراستنی داتاکانت و بۆ ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندێتی و دەستگەیشتنی ئاسان دەوێت، هەڵبژاردنێکی ژیرانەیە.
کێشەکەی تەنیا ٣٠٠ گرام دەبێت و توانای هەڵگرتنی لە ١ بۆ ٨ تێرابایت هەیە. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و هەورگەیەکی هە میشە ییە .

# کەڤەرێک یادەوەری یارییە کۆنەکان زیندوو دەکاتەوە

کاتێك لە سەردەمێك دوور دەکەیەوە، حەز دەکەی بە خەیاڵیش بێ بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێیەوە، هەموو شتێکی ئەو سەردەمە تاقی بکەیەوە، بۆ ئەوانی یاری ئەلکترۆنیش دەکەن ئاوایە، کەڤەرێکی مۆبایل هەیە هەڵگری یارییە کۆنەکانە بە ئامێری Gamebaby ناسراوە و تایبەتە مۆبایل و ئەزموونی گەیم-بۆی کلاسیك زیندوو دەکاتەوە. خۆی لە ڕاستیدا کەیسێکی پارێزەری مۆبایلی زیرەکەکانی (وەك ئایفۆن و گەلەکسی) یە. دوگمەی فیزیکی، جۆیستیك، و تەنانەت شاشەیەکی بچووکی هەیە تا یارییە کۆنەکان (وەك سوپەر ماریۆ یان پۆکیمۆن) ڕاستەوخۆ لەسەر مۆبایلەکەت ئەنجام بدەیت. بە بەرنامەی تایبەت، دەتوانیت ئەرشیفی یارییە کۆنەکان دابەزێنیت و بەبێ پێویستی بە کۆنسۆلی جیا، خەریکی یاری کردن بیت. بۆ یاریزانە نۆستالژیکەکان و گەنجانێك کە دەیانەوێت تامی یارییەکانی دەیەی ٩٠ بچێژن، ئامێرێکی خۆش و بەکەڵکە.
کێشی نزیکەی ١٠٠ گرامە و بارستایی ١٠ ملمە، هەستی گەیم-بۆی کۆن دەهێنێتە سەر مۆبایلەکەت و یاریکردن لەسەر مۆبایل دەکاتە بیرخەرەوەی سەردەمی ڕابردوو.



# ئۆتۆمبیلی فڕۆكەی جۆری Samson Sky Switchblade



ئۆتۆمبیلی فڕۆكەی جۆری Samson Sky Switchblade فڕۆكەیەكی سێ-تایە دوو كەس هەڵدەگرێت، لەلایەن Samson Sky بەرهەم هاتووە و لە سیستەمی هایبرید بۆ لێخوڕین و فڕین كەڵك وەردەگرێت.

جۆری وزە: هایبرید واتە بەنزین و باتری. توانای تانكی سووتەمەنی ٨٧ لیتر دەگرێت.

ماوەی فڕین: تا سێ كاتژمێر بە مەودای ٨٠٥ كلیۆمەتر دەفڕێت.

كێشی خۆی بە تەنیا ٥٥٠ كیلۆگرمە و بە بارەوە دەگاتە ٧٩٤ كیلۆ، چونكە دوو كەس هەڵدەگرێت.

خێراییەكەی لەسەر زەوی دەگاتە دووسەد كیلۆمەتر لە كاتژمێرێكدا. لە فڕیندا ٢٢٥ كیلۆمەتر.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت: هەنگاوەكانی پاراستنی كۆمپیوتەرەكەم لە ڤایرۆس و هێرشی سایبەری چین؟**

خوێنەری بەڕێز: بۆ پاراستنی كۆمپیوتەرەكەت، پێویستە سەرەتا ئەنتی ڤایرۆسێكی باوەڕپێكراو دابمەزێنیت وەك Kaspersky، Norton یان بەرنامەی بەخۆڕایی وەك Avast. دڵنیابە سیستەمەكەت هەمیشە نوێكراوەتەوە، چونكە ئەپدەیتەكان زۆربەی كات بەشی ئەمنییەكان دادەخەن. فایەروالّی ویندۆز چالاك بكە و وریای لینكی نەناسراو و هاوپێچی ئیمەیڵەكانت بە. هەروەها پاسوۆردی بەهێز بەكاربهێنە (تێكەڵەیەك لە پیت، ژمارە و سیمبۆل). بەك ئاپی زانیارییە گرنگەكانت لە شوێنێكی دیكە هەڵبگرە.

# پرۆگرامێكی ژیریی دەستكرد بۆ فایلەكانی دەنگ و ڕەنگ

**پرۆگرامی Stellar Repair for Video پرۆگرامێكی بەهێزە و بۆ چارەسەركردنی فایلەكانی دەنگ و ڕەنگ وەك ڤیدیۆ و فایلی دەنگییە. ئەم پرۆگرامە پاڵپشتی لە ژیریی دەستكرد دەكات. پرۆگرامەكە بەخۆڕاییە لەسەر بنەمای سەرچاوەی كراوە (Open Source) بەرهەم هاتووە و كۆمەڵێك تایبەتمەندی گرنگی لە خۆ دەگرێت وەك:**

- **گواستنەوەی فایل لە نێوان ئامێرەكاندا بەشێوەیەكی بێتەل و بە خێرایی.**
- **قەبارەی ڤیدیۆ و وێنە كەم دەكاتەوە بەبێ كاریگەری لەسەر كوالێتی.**
- **فۆرماتەكانی میدیا دەگۆڕێت بۆ جۆری دڵخواز.**
- **بە هێزی ژیریی دەستكرد ناوەڕۆكی ڤیدیۆ و وێنەكان پۆلێن دەكات.**
- **هەڵگرتنی خۆكار لە خزمەتگوزارییە هەورییەكان.**




**بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیاكە ڕایگەیاند پرۆگرامی ناوبراو كێشەی میدیای ڕۆژانەی بەكارهێنەران چارەسەر دەكات و كاتێكی زۆر دەگەڕێنێتەوە بۆ بەكارهێنەران.»**

**پرۆگرامی ناوبراو، لەسەر هەموو سیستەمەكانی وەك ویندۆز، ماك، لینوكس، iOS و ئەندرۆید كار دەكات و بەكارهێنەران دەتوانن بەیەك هەژمار بە هەموو ئامێرەكانیان ببەستنەوە.**



# لاپتۆپێک بەبێ شاشە!

تۆ دانیشتووی و چاویلکەیەکت لە چاو کردووە و کیبۆردێك لە پێش خۆت داناوە، بەڵام بەو کیبۆرد و چاویلکەیە هەموو ئەرکی لاپتۆپێك ئەنجام دەدەی! تایب دەکەی! کاری گرافیکی و دیزاین دەکەی و تەنانەت چاو لە فیلم دەکەی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانت دەکەیەوە! لە بەرچاوت نەك شاشە نییە، بەڵکو شاشەیەکی سەد ئینجت لەبەردەمە، بەڵام لە واقیعدا نا بەڵکو بەشێوەی مەجازی. لاپتۆپی جۆری Spacetop G1 کە لەساڵی ٢٢٤ بەرهەم هاتووە و لە ٢٠٢٥ کەوتە بازاڕەوە تەنیا چاویلکە و کیبۆردەکەو هیچی تر نا. کاتێك چاویلکەکە لە چاو دەکەی وەك ئەوە وایە چەندین شاشەت لەبەردەم بێت و هەرکام بۆ ئەرك کارێك بەکار بێنی.

کێشی ئەو ئامێرە کیلۆیەك و چوارسەد گرامەو چاویلکەکەش ١٠٠ گرامە،، رامەگەی ١٦ گیگابایتە، بیرگەکەی لە جۆری SSD قەبارەکەی ٢٥٦ گیگابایتە، کارایی بەهێزی هەیە. ئەم چاویلکە و کیبۆردە جارێکی دیکە پێناسەیەکی نوێیان بۆ لاپتۆپ داهێناوە.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد دۆکیومێنتەکان ڕێک دەخات

ماڵپەڕی taskmaster.ai ماڵپەڕێکی خزمەتگوزاری و پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات. ماڵپەڕەکە تایبەتە بە ڕێکخستنی دۆکیومێنتەکان و کارئاسانی بۆ بەکارهێنەران دەکات. خۆکار بە ژیریی دەستکرد شیکاری ئەرکەکان دەکات بۆ دەستنیشان کردنی پیشنەکانیان و هەروەها ئەرکی نوێ لەسەر بنەمای نووسینی ئاسایی و ڕاڤەی دەنگی دادەنێ. تیمەکان ڕێك دەخات بەشێوەیەك بە باشترین شێوە کار بکەن. کاتێك ئەرکێك لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە، ئاگاداریان دەکاتەوە. خشتەی کات بەشێوەیەکی خۆکار بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکەکان ڕێك دەخات.

خزمەتگوزارییەکە لەگەڵ خزمەتگوزارییە ناسراوەکانی دیکە وەك Google Work-space، Microsoft Office 365 و Slack یەکدەگرێتەوە.

## جیهانێک لە بۆکسێکی بچووکدا




کۆمپیوتەری بچووکی جۆری ACEMAG-IC M2A Intel Core i9 لەریزی کۆمپیوتەرە مەزن و بە تواناکان دێت. بەهێزترین پرۆسێسەری جۆری Intel Core i9-12900Hە و کارتی گرافیکییەکەی NVIDIA GeForce RTX 3080M، تەنیا تایبەت نییە بە کار و ئەرك بەڵکو بۆ یارییە قورسەکان وەك Cyberpunk 2077 یان Call of Duty بە کوالیتی 4K دیزاین کراوە. دیزاینەکەی زۆر ناوازە و سەرنج ڕاکێشە. کێشەکەی نزیکەی ٢ کیلۆگرام دەبێت و قەبارەی ٢٥×١٥×٨ سانتیمەترە، M2A شوێنێکی کەم دەگرێت. ڕامەکەی ١٦ گیگابایت (تا ٦٤ گیگابایتیش دەکرێ زیاد بکرێ و هاردەکەی ٥١٢ گیگابایت SSD تا ٢ تێرابایتیش زیاد دەکرێ. پۆرتەکانی DisplayPort، HDMI، و Thunder-bolt، تا سێ مۆنیتەری 4k پشتگیری دەکەن.



# ڕەنگە گەشەکانی سێبەری چاو کە بۆ هاوین باون

لە هاوینی ئەمساڵدا سێبەری ڕەنگاوڕەنگی چاو بەهێزەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەستێکی تازەگەری و تایبەتمەندی بدات بە ماکیاژی ڕۆژانە، کە بەشێوەیەکی نایاب گوزارشت لە بوێری و زیندوویی هاوینە دەکەن.

سێبەری پرتەقاڵیی چاو و گەرمیی هاوین لەسەر پێڵووەکان: ڕەنگی پرتەقاڵی گونجاوە بۆ ڕەنگە جیاوازەکانی پێست، بەتایبەتی پێستی مامناوەند و تۆخ، کە درەوشاوەییەکی سەرنجڕاکێش دەبەخشێت بە چاوە سەوز و شینەکان.

سێبەری پەمەیی و مۆر: پلە پەمەییە ساردەکان یان مۆرە گوڵییەکان لەسەر پێستی کاڵ و مامناوەند، بۆ ئەو کەسانەی کە پێستی گەنمڕەنگ یان زەیتوونییان هەیە، زۆر نایاب دەردەکەوێت.

سێبەری سەوز: سێبەری سەوز لەگەڵ هەموو ڕەنگەکانی پێستدا دەگونجێت، بە مەرجێك پلەی ڕەنگی گونجاو هەڵبژێردرێت، ئەم ڕەنگە نموونەییە بۆ پێستی کاڵ بۆ مامناوەند، بەڵام سەوزی زەیتوونی یان زمروودی لەگەڵ پێستی گەن مڕەنگ و تۆخ دەگونجێت.

سێبەری شین: سێبەری شین بەتایبەتی لەگەڵ چاوی قاوەیی و هەنگوینی دەگونجێت، چونکە گەرمیی گلێنەی چاو دەردەخات و درەوشاوەییەکی سەرنجڕاکێشی پێ دەبەخشێت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**





# ڕەنگەکانی دیکۆری ئاهەنگی هاوسەرگیری و مارەبڕین

پێویستە ڕەنگەکانی دیکۆر بەپێی عەزیەی بووك یان ڕەنگە دڵخوازەکانی دیاری بکرێن، بەتایبەتی ڕەنگە هێمنەکان، وەك: پەمەیی، پەمەیی مەیلەو پرتەقاڵی، بێجی و مۆر.

ئەو ڕەنگانەی کە وەك نەگۆڕ لە دیکۆری ئاهەنگەکاندا پۆلێن دەکرێن، بریتین لە: سپی و سەوز.

لەوانەیە هەندێ جار دیکۆری ئاهەنگ بە شێوەیەك بێت کە نەگونجانی هەبێت لەگەڵ پلە ڕەنگییەکەی عەزی بووك، وەك هەڵبژاردنی پلە ڕەنگێکی کاڵ لە کاتێکدا عەزییەکە تۆخ بێت، یان بە پێچەوانەوە، لەم حاڵەتانەدا ئەم دژایەتییە لە دیکۆردا خوازراوە.

کورسییەکان بە پارچەی سپی یان ڕەش دادەپۆشرێن، وەك بەشێك لە هەڵبژاردنە کلاسیکییەکان، بەڵام ڕەنگی دیکەی گونجاویش هەن، لەوانە: سەوز، شینی کاڵ و کاشمیری، ئەم ڕەنگە تێکەڵەیەکە لە پلە کاڵەکانی خۆڵەمێشی و سەوز و شین.

ڕووە شووشەییەکان بۆ مێزەکانی ناو ئاهەنگەکە خوازراون، بەڵام پێویستە پایە و قاچەکانیان لە ڕەنگی زێڕین بن.

نابێت گۆشەی تایبەت بە پێشوازیکردن لە میوانەکان و بەخێرهاتنیان پشتگوێ بخرێت، دەبێت لەگەڵ ڕەنگەکانی شوێنی ئاهەنگەکە و ئێکسسواراتەکانیدا هاوئاهەنگ بێت.



## هەڵبژاردنی ئەو جلوبەرگانەی لەگەڵ بەژنی لاکێشەییدا دەگونجێن

تەنوورە کراوە (کلۆش)ـەکان ڕۆڵیان هەیە لە بەدەستهێنانی باڵایەکی نموونەیی و هاوسەنگ کە دوور بێت لە شێوەی لاکێشەیی.

پانتۆڵی جینزی فراوان (مۆدێلی حەفتاکان): مارکە جیهانییەکان جارێکی دیکە مۆدێلی پانتۆڵی جینزی فراوانیان هێنایەوە سەر ستەیجەکانی جیهانی مۆدە، ئەم ستایلە کە پەیوەست بوو بە حەفتاکانەوە، بۆ بەشێکی گەورەی خانمان گونجاوە، بەتایبەتی بۆ باڵا کورتەکان و ئەوانەی شێوەی بەژنیان لاکێشەییە.

عەزیەی پشتێندار: ئەو عەزیانەی پشتێنیان هەیە گونجاوترینن بۆ بەژنی لاکێشەیی. وەك پێشتر باسمان کرد، ئامانجی سەرەکی لە کاتی هەڵبژاردنی جلوبەرگی گونجاو بۆ بەژنی لاکێشەیی، دیاریکردنی ناوچەی کەمەرە بۆ ئەوەی لە شان و ڕانەکان باریکتر دەربکەوێت، هیچ شتێکیش لە پشتێن گونجاوتر نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

یەخەی خڕ: یەخەی خڕ گونجاوە بۆ بەژنی لاکێشەیی. لە کاتی هەڵبژاردنی کراس یان بلوزێك بە فەتحەی سنگ، گونجاو بێت بۆ خۆت، خۆت بەدوور بگرە لە مۆدێلە چوارگۆشە و ڕاستەکان.



## ڕاندی جادووکەر



(جەیمس ڕاندی) ساڵی ١٩٢٨ لە کەنەدا لە دایك بووە و پیشەی جادووگەری و کاری هونەری دەستی بووە، جادووگەرێکی شانۆیی کەنەدی-ئەمریکی و نووسەری زانستی بووە، کە بەتوندی بەرەنگاری بانگەشەکانی بابەتی سەروو سروشتی و زرەزانست دەبووەوە. هەروەها دامەزرێنەری لێکۆڵینەوەی گوماناوی و خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی جەیمس ڕاندی (James Randi Educational Foundation)بوو. جەیمس ڕاندی لە ساڵی ١٩٦٤ بڕی یەك ملیۆن دۆلاری ئامادە کردبوو بۆ هەر کەسێك کە بتوانێ تواناکانی سەروو سرووشت وەك (جن + ڕۆح) بسەلمێنێت، چاڵنجەکەی جەیمس ڕاندی ماوەی ٤٠ ساڵ بەردەوام بوو، واتە تا ساڵی ٢٠٠٤، بەڵام هیچ کەسێك نەیتوانی وەڵامی چاڵنجەکەی بداتەوە، لەو ماوەیەدا زیاد لە ١٠٠٠ کەس بەدەم چاڵنجەکەیەوە هاتن بەڵام بێ سوود بوو.

## سووتەمەنی مووشەکەکان

ئەو سووتەمەنییەی لە مووشەکدا بەکار دێت، دەکرێت دۆخی ڕەق بێت یان شل، هەریەکەیان سوود و زیانەکانی خۆیان هەیە. مووشەکی سووتەمەنی ڕەق دیزاینکردن و دروستکردن و پاراستنی ئاسانترە و پێویستی بە هیچ چاککردنەوەیەك نییە، بەڵام سووتانی سووتەمەنی ناتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمەش وا دەکات کۆنترۆڵکردنی خێراییەکەیان قورس بێت. مووشەکی سووتەمەنی شل وەك ئۆتۆمبێل وایە، بەو پێیەی بڕی سووتەمەنیی سووتاو و خێراییەکەی بە ئاسانی دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.





## ڕەنگێکی تازە دۆزرایەوە

توێژەران لە ئەمریکا شەپۆلێکی لەیزەرییان ئاراستەی تۆری چاو کردووە. بەشداربووان بە هاندانی خانە تایبەتەکانی تۆڕەی چاو (retina)، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شایەتحاڵی ڕەنگێکی شین-سەوز بوون، کە زاناکان ناویان ناوە «ئۆلۆ - olo»، بەڵام هەندێك لە شارەزایان ڕایانگەیاندووە کە بوونی ڕەنگێکی نوێ کراوەیە بۆ مشتومڕ. دۆزینەوەکان کە ڕۆژی هەینی لە گۆڤاری Science Advances بڵاو کراونەتەوە، لەلایەن هاونووسەری توێژینەوەکە، پرۆفیسۆر ڕێن نگ لە زانکۆی کالیفۆرنیا بە سەرنجڕاکێش باس کراوە. ئەو و هاوکارەکانی پێیان وایە کە ئەنجامەکان دەتوانن بە ئەگەرێکی زۆرەوە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ڕەنگکوێری (color blindness) بکەن.



پرۆفیسۆر «نگ» کە یەکێك بوو لەو پێنج کەسەی بەشداریی تاقیکردنەوەکەیان کردووە، ڕۆژی شەممە بە بەرنامەی ئەمڕۆی ڕادیۆی «بی بی سی٤»ی ڕاگەیاندووە، ئۆلۆ لە هەر ڕەنگێکی دیکە تێرتر بووە کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ببینیت.





# نەخۆشخانەی هەڵەبجە لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا ئێستا

مێژووی ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دروستکردنی نەخۆشخانەکە، بە دیاریکراوی لە ڕێکەوتی ٦ی ئابی ساڵی ١٩٣٥ تا تەواوبوونی نەخۆشخانەکە لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧، واتە ماوەی دروستکردنەکەی دوو ساڵی پێچووە. ئەم نەخۆشخانەیە کۆنترین نەخۆشخانەی شاری هەڵەبجەیە تا ئێستا ماوەتەوە، لە دوای ئەوەی نەخۆشخانەی سلێمانی دروست کراوە، بەدووەم کۆنترین نەخۆشخانە دادەنرێت لە سنووری پارێزگای سلێمانی. جاران بە نەخۆشخانەی مەلیك غازی ناو دەبرا، چونکە لە سەردەمی مەلیك غازی پاشای عێراق دروست کراوە، کاری دروستکردنەکەشی لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق سەرپەرشتی کراوە. نەخۆشخانەکە لە هەڵەبجە بە (نەخۆشخانەی سەرا) ناسراوە، بەهۆی ئەوەی لە گەڕەکی سەرای شارەکە بنیات نراوە، نەخۆشخانەکە ئێستاش مەڵبەندی تەندروستییە و بەرنامەی تێدایە، لەوانە کوتان، چاودێریی دایکانی دووگیان، چاودێریی گەشەی منداڵ، تەندروستیی قوتابخانەکان، ئەمە جگە لە بەشە عیلاجییەکەی کە ڕۆژانەش لەم نەخۆشخانەیە نەخۆش دەبینرێت. ئەم نەخۆشخانەیە تاکە بینای هەڵەبجەیە کە وەك خۆی ماوەتەوە، ئەگەر لە هەر شارێکی دیکەی عێراق بووایە، تێك دەدرا یان دەکرایە مۆزەخانە.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرەکە باس لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت تەڵە بۆ کەسانی دیکە دابنێنەوە، لە کاتێکدا نازانن خۆیشیان تێی دەکەون.



## دیمەنە سەیرەکان

دایک و باوکێک گوێ لە دەنگی لێدانی دڵی چێنراوی کوڕەکەیان دەگرن لە ناو سنگی ئەو پیاوەی کە دوای مردنی کوڕەکەیان وەریگرتووە.



## بەهێزترین بۆڕی کۆنکریت

بەهێزی و پتەویی کەرەستەکان هەندێ جار دەبنە مایەی تێڕامانی ئەوانەی ئێمە دەیبینن و تەنانەت ئەوانەشی دروستیان کردووە، وەك ئەو بۆڕییە کۆنکریتییەی لە وڵاتی کەنەدا دروست کراوە، لە ساڵی ١٩٢٠ دروست کراوە و لە کەنەدا داهێنراوە، پارچەکە توانای بەرگەی باری ٢٣ تەنی هەبوو. تاقیکراوەتەوە و وەك لە وێنەکەدا دیارە بۆ دڵنیابوون لە بەرگرییەکەی داهێنەرەکەی لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا لە ناوەوەی بۆڕیی کۆنکرێتیکە دانیشتووە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە متمانەی تەواوی بە کارەکەی هەبووە.

## یاسا



### هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست

هەڵوەشاندنەوەی هەر گرێبەستێك لە ڕووی یاساییەوە، چەند هۆکارێکی هەن، بەم شێوەیە: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست بریتییە لە هەڵگرتنی گرێبەستی ئەنجامدراوی نێوان دوو کەس یان زیاتر، جا کەسەکان چ کەسی ئاسایی بن یان کەسی مەعنەوی. هەر یەکێك لە لایەنەکانی ناو گرێبەستی ئەنجام دراو بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست بکات، ئەگەر یەکێك لە لایەنەکان کەمتەرخەم بوو لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی لە گرێبەستەکەدا. کەمتەرخەمی لە ناو گرێبەستدا بریتییە لە: نەکردنی کار، تەواو نەکردنی کار، یان پەیوەست نەبوون بە گرێبەستەکە.

### کاوڕ: متمانە و توانا

٣/٢١ - ٤/١٩

ئامادەییەکی باشت هەیە بۆ ئەوەی بەرەوڕووی گیروگرفتەکانی کاری ڕۆژانەت ببیەوە. بەهۆی سەرقاڵیت لەگەڵ ئیش و کار، مەسەلە گرینگەکانی ژیان پشتگوێ دەخەیت. کاتی خۆ شاردنەوە و خۆ خواردنەوە نییە.

### گا: بڕیاردان و هەستی خۆت

٤/٢٠ - ٥/٢٠

هێدی و هێمن دەڕۆیتە پێشەوە، بەڵام چاوەڕوانییەکانت هەندێك کەم بکەوە. دۆست و ناسیاوەکانی دەورووبەرت کە خاوەن ڕابردوویەکی بە ئەزموونن، ڕۆڵێکی گرینگیان دەبێ لەسەر کارەکانت. شانس و بەخت ڕووت تێ دەکا. لە مەبەستەکانت لامەدە.

### دووانە: پابەندی ژیانت بە

٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕێگەچارەیەك دەبینیتەوە بۆ ئەوەی بە ئارەزووەکانت بگەیت. ئەو تووڕەییەت کاریگەریی باشی نابێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامە لاوەکانی بنەماڵەکەتان. هەرچەند زۆرت نەماوە بە ئامانجەکانی خۆت بگەیت، بەڵام هێشتا بە تەواوی هەوڵی خۆت بدە.

### قرژاڵ: بەرەو داهاتوو بەڕێکەوە

٦/٢١ - ٧/٢٢

کارەکانت بە شێوەیەکی ڕێك دەڕۆنەوە پێشەوە، کەسانی دەورووبەرت پشتیوانی لە بیر و بۆچوونەکانت دەکەن. بیر لە شتێکی نوێ بکەوە و بوێرانە بڕۆ پێشەوە. نابێت ڕابردوو کارت تێ بکات.

### شێر: هێمن و کاریگەر بە

٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەسەرەخۆ بە و باوەڕی تەواوت بە خۆت هەبێ. هەندێك جار تەنیایی زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ کاسانێك سەرو کارت هەبێ کە شیاوی ئەوە نین. کەسێکی دەست ئاوەڵا و دەستودڵبازریت و زۆر حەزت لە چاکەیە. ئێستا کاتی پشوودان و حەسانەوەیە.

### گوڵەگەنم: متمانە و سەنگین

٨/٢٣ - ٩/٢٢

متمانەت بە خۆت هەبێت، تا داهاتووت گەشاوە بێت، بە دەورووبەری خۆت نیشان بدە کە بەرنامە و پلانی تایبەتت هەیە بۆ داهاتوو، وا مەنوێنە کە گوێ بە هیچ نادەیت. زۆریش هەوڵ بدەی هەر سەختە بتوانیت ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕیت. بۆ مەبەستنی پەیوەندیی خۆشەویستی شانس لە دەرگات دەدات.

## بۆ زانیاریت


# کلکداری هالی





کلکداری هالی Halleys Comet تاکە کلکدارێکی کورتخایەنە و وا ناسراوە کە بۆ ماوەیەکی کورت بە چاوی ئاسایی لە زەویەوە دەبینرێت و ماوەی دەرکەوتنەکانی تۆمارکراوە، هەموو ٧٢-٨٠ ساڵ جارێك دەردەکەوێت، هەرچەندە زۆربەی دەرکەوتنە تۆمارکراوەکان دوای ٧٥-٧٧ ساڵ ڕوو دەدەن. دوایین جار لە ناو کۆمەڵەی خۆر لە ساڵی ١٩٨٦ دەرکەوت و دواتر لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٦١ دەردەکەوێتەوە. دەکرێت بەشێك لە مرۆڤەکانی ئێستا ئەو کاتە بیبینن.دواتر لە ساڵی ٢١٣٤ دەبینرێتەوە کە مرۆڤەکانی ئەم سەدەیە نەماون.

## پەند و وتە



فەیلەسووف و وتارنووسی ڕۆمانی «ئیمیل ماهای سیوران» لە ساڵی ١٩١١ لە شاری ڕاسنیاری ڕۆمانیا لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەهێزیی مرۆڤ دەڵێت: «هیچ کەس نازانێت چەندە بە هێز و بە توانایە، تا ئەو کاتەی تووشی ستەم و سووکایەتییەك دەبێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر هەست و ڕۆح و دڵ و کەسایەتیی دەبێت».

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا کەسێك لەسەر شوێنێکی سێگۆشەیی دانیشتووە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت کام لای شێوە سێگۆشەکە تەواوە و ئەوانی دیکە دروست کراون.

## فیلم

# بکوژی کات - The Calendar Killer



فیلمێکی سەرکێشی و ئەکشنە، باس لە ئافرەتێك دەکات، لەو کاتەی تارماییەك وای لێ دەکات کە یا خۆی بمرێت، یان هاوسەرەکەی بکوژێت، هاوسەرەکەی لە شوێنێك کاری پاراستنی ئەو ئافرەتانە دەکات کە بە تەنیا دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، لەم کاتەدا ئافرەتەکە کار لەسەر پیلانێك دەکات بۆ کوشتنی هاوسەرکەی و تووشی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٧ خولەکە، لە دەرهێنانی ئەدۆلفۆ کۆلمیر، لە نووسینی کریستین هوك، لە نواندنی: لوسی هایەر، سابین تامبریا، فردریك موکی، ڕانەر بۆك، شادی ئێك.

١٠/٢٢ - ٩/٢٣

### شایان: بەردەوامی و گرنگیدان

تواناکانت کەسانی دیکە سەرسام دەکات، بەتایبەتی هاوپیشەکانت، چاوەڕێ مەکە بەبێ هەوڵدان سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، یەك دەندەیی و کەللەڕەقییش ئەندازەیەکی هەیە. داهاتووت بەرەو خۆشی و چارەسەری کێشەکان دەچن.

١١/٢١ - ١٠/٢٣

### دووپشک: ڕابردووت لەبیر بکە

ئەم چەند ڕۆژە خۆت سەرقاڵ مەکە بەو کارانەی کە بێسودن، وزەیەکی زۆرت هەیە و هەوڵەکانت لە پرۆژەی گەورە و کاری سوودبەخشدا بەکاربهێنە، ئەو گیروگرفتانەی لە ژیانی تاکەکەسیدا بەرەوڕوویان دەبیەوە، نێوانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهێزتر دەکات. زۆر لەماڵەوە مەمێنەوە.

١٢/٢١ - ١١/٢٢

### کەوان: کەسایەتیت بپارێزە

ڕێگە بە خاڵکانی دیکەش بدە بیر و ڕای خۆیان دەربڕن. ئەو ئاوات و ئارەزووانەی کە هەتە لەسەر خۆشەویستی و ژیانێکی ڕۆمانتیك بەزوویی بەدی دێت. ژیان لە خۆت سەختتر مەکە لەوەی کە هەیە. لەوانەیە ناچار بیت لە بەینی خۆشەویستی و پارەدا یەکێکیان هەڵبژێریت.

١/١٩ - ١٢/٢٢

### گیسک:سەرقاڵبوونت سەرکەوتنتە

نیگەران مەبە، هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە، ڕۆژانە وەرزشکردن زیاتر جەستەت چالاك دەکات، پێویستە ئامادەیی ئەوەت هەبێت کە کەڵك لە بیر و ئێحساساتەکانی ژیانی تاکەکەسیی خۆت وەرگری. هەوڵ بدە هەڵەکانت دووپات نەکەیتەوە. تاقەت و تەحەمولت هەبێت تا بتوانی ئەو کارانەی دەستت پێکردوون، بیگەیەنیتە کۆتایی.

٢/١٨ - ١/٢٠


### گۆزە: هەوڵی زیاتر بدە


ئامادەیت هەبێ کە بتوانی سازش بکەی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاستەقینە بدۆزیتەوە. ئەگەر داوای یارمەتی بکەیت، یارمەتیت دەدەن. ئەو هەلەی چاوەڕوانیت دەکرد بۆت دەڕەخسێ. هەوڵ مەدە بیروڕای خۆت بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنیت.

٣/٢٠ - ٢/١٩

### نەهەنگ:بەختێکی باش چاوەڕێتە

کێشەکانت بە شێوەیەکی پتەو و سەقامگیر چارەسەر دەکەیت و ئەنجامێکی درێژخایەنیان دەبێت. پەیوەندیت لەگەڵ هاوکار یا هاوڕێ کۆنەکانت تازە دەکەیەوە. مەهێڵە ماندوێتی و ترس لە کارەکانتدا ڕێگەت لێ بگرن. هەمیشە ڕێگەیەك هەیە بۆ بەدیهێنانی هیوا و ئاواتەکانت.






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan
May 12, 2025 Issue,No.1462

